# ژن لەبازنەیەکی داخراودا

کۆمەڵێک وتار
دەربارەی مەسەلەکانی ژنان

کنێر عەبدوڵڵا

# ژن
# لەبازنەیەکی
# داخراودا

کۆمەڵە وتار

دەربارەی مەسەلەکانی ژنان

نووسینی

کنێر عەبدوڵڵا

هەواڵنامەی کێژ

ناوی کتێب: ژن لەبازنەیەکی داخراودا

نووسینی: کنێر عەبدوڵڵا:

مۆنتاژی کۆمپیوتەرو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

ژمارەی سپاردن ٨٣٥ی ساڵی ٢٠٠٥

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-١٢-

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکیی

لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی بەهۆی بوونی نابەرابەریی و نادادگەریی و جیاکاریی لەنێوان رەگەزی نێرومێ-دا هەمیشە توندوتیژیی و چەوساندنەوە هاتۆتە بەرهەم، بێگومان ئەمەش بەهۆی زاڵێتی عەقڵییەتی پیاوسالاریی و داب‌ونەریتە سەپێنراوەکان و دارشتنی یاساکان بەشێوازێکی جیاکارانەو هەموو رێساکانی گوزارشت لەپایە نزمیی ژن و پایەبەرزی پیاو دەکەن وایکردووە ژن پلەدووی مرۆڤایەتی پێکبهێنێ و زووربەی کێشەکان لەبازنەیەکی داخراودا خۆی ببینێتەوە، جیاوازییەکان وایلێکردم لەدەروازەیەکی دیکەشەوە داکۆکیی لەسەر مەسەلەکانی ژنان بکەم، ئەوەش بواری نووسین و دەربڕینە، چونکە نووسین شێوازێکی گرنگی خەباتکردنە لەپێناوی گەشتن بەئامانجەکان.

لەڕوانگەی ئەو گرنگییەشەوە بەپێویستمزانی هەندێک لەو وتارانەی کە لەڕۆژنامە جۆربەجۆرەکاندا بڵاوکراومکردوونەتەوە بکەمە دیاریی ساڵیادی ی.ژ.ک و لەدووتوێی کتێبێکدا بەخوێنەرانی بگەیەنم.

بەهیوای گەیاندنی پەیامەکان و خزمەتکردنم بەمەسەلەی ژنان

کنێر عەبدوڵڵا

پێشکەشە بە:

-بەبەڕێز خاتوو کافیە سلێمان/ سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستان.

-بەو هاوڕێو هاوبیرانەم کە بوێرانەو کۆڵنەدەرانە خەبات دەکەن لەپێناوی ئازادیی‌و یەکسانیدا.

-بەدایك‌وباوکی خۆشەویستم.

هەواڵنامەی کتێب

# ژن
# لەکۆمەڵگای پیاوسالاریدا

مێـژووی مرۆڤایـەتی بـەقۆناغی جیاجیـادا تێپـەڕیوەو لەهـەر یـەکێکیاندا ژنـان بەشـێوازێك ژیانیـان گوزەرانـدووە، وابـووە جڵەوی بەدەست بێت، واش بووە ژێردەستەو پاشکۆبێت.

ئاشکرایە لەمەڕ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی پەیوەندی نێوان ژن‌و پیاو وەك پـەیوەندی مـرۆڤ وایـە بەسروشـتەوە (الگبیعـە) بـێ جیاوازی رەگەزی مرۆڤەکان مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام لەچوارچێوەی کۆمـەڵگای پیاوسـالاریدا ئـەو پەیوەندیـە شـێوازی چەوساندنەوەو زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکە کەسی لەخۆ دەگرێ‌و ئەو دوو رەگـەزەش وەك پرۆژەیەك بیر لەپێکهێنانی خێزان دەکەنەوەو ژیـانێکی رۆتینـی دەگوزەرێنـن کـە بێگومـان ژیـانی ژنـانیش لەچوارچێوەی ئەو خێزانەدا وەك بازنەیەکی داخراوەو کارەکانی بۆ سنووردار کراوە بە پەروەدە کردنی منداڵ‌و جێبەجێکردنی کارە بێ بەرهەمەکانی ناو ماڵ کە بێ کۆتاییەو بەردەوام ئەو کارانەش لەدووبارە بوونەوەدایەو بەهەندیش وەرناگیرێت.

بـەو پێیـەش کۆنـتڕۆڵی هـەموو توانـای عـەقڵ‌و بیروهۆشـی دەکرێ‌و ناتوانێت لەهیچ بوارێکەوە گەشە بەکەسێتی خۆی بدان،

بۆیە لێرەوە پێویستە هەریەکە لە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا تا چ ئاستێك ژنان دەتوانن لەچوارچێوەی ئەو بازنەیەدا درك بەمافەکانیان و پێشێلکردنی ئەو مافانە بکەن و هەست بەو چەوساندنەوەیە بکەن کە دووچارییان بوەتەوە؟! بۆ ئەوەی بتوانن واقعیانە چیتر بێدەنگ نەبن لەئاستی کێشەکانیاندا تابتوانن لەو بازنە داخراوەدا بێنە دەرەوەو لایەنی کەم بتوانن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و نەوەکانی داهاتوو کەڵك لەئەزموونی رابردوویان وەربگرن و هەوڵی بەدیهێنانی زەمینەیەکی یەکسانیخوازی نێوانیان رەگەزی نێرو مێ گەشە پێبدەن کە جێی داخە تاکو ئێستا هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆرپەلەوە سنووری رەگەزی و جیاوازی پەروەدەیی لەزۆربەی ئەو خێزانانەدا بەدیدەکرێت کاتێك ژنان سەرباری هەموو ئازارێکی جەستەیی و دەروونی و تەندروستی منداڵی کچی دەبێت پەستی و ماتەمینی و بێزاری روو لەپیاوەکەو پاشان ئەندامانی دیکەی خێزان دەبێتەوە بەپێچەوانەی بوونی کۆرپەلەی کوڕ کە ئاشکرایە ئەم بیروباوەڕەش بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنی کوڕوکچ رەنگدانەوەی سلبی لەسەر کەسێتی دەروونی ئەو منداڵ دروست دەکات و بەپێی ئەو جیاوازییەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت هەر لەسەرەتای فامکردنی ئەو منداڵ بەدەوروبەری کە بەووشەی (عەیبە- مەکە- نابێت)

سنووورداری دەکەن تەنانەت جیاکاری لەجۆری یاریکردنی منداڵەکاندا دەکرێت بەوەی کچان دەبێت بە بووکەشوشەو کاری دەستی و نیشکردنی ناو ماڵی لەئەستۆدابێ و یاریکردن بەدەمانچەی لاستیك و پیاوەتی... لەپسپۆڕی کوڕاندا بێت ئەمە جگە لەوەی سیفەتی بێهێزی و لاوازی و کەم عەقڵی دەدرێتە پاڵ کچان و سیفەتی بەهێزی و ژیری و توانا و زاڵبوون دەدرێتە پاڵ کوڕان، تەنانەت لەتەمەنی هەرزەکاریشدا دەوری قارەمانێتی و ئازایەتی و دیفاعکردن و بەرپرسێتی و تەماشاکردنی فیلمی شەڕو سوپەرمان دەشێت بۆ کوڕان لەکاتێکدا دەوری مەزلوم و لاوازی و سۆزو خۆشەویستی بەرەوا دەبینرێ بۆ کچان، ئەم جۆرە ئیزدیواجیەتە نەك تەنها لەئەدەبیاتی منداڵدا بەڵکو رەنگدانەوەی لەئەدەبیاتی گەورەشدا تۆمار دەکرێ لەکۆمەڵگای پیاوسالاریدا بەوەی گەر بواری سیاسی وەربگیرێ بەنموونە پیاوانن تیایدا دەبنە رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەل و نیشتمان و ئەوانن خاوەنی بیرو عەقڵ و هەڵگری چەك هەربۆیە دەبی ئەوان باڵادەست بن لەنێوەندەکانی بریاردا کە مافی یاسایی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایان لەئەستۆدابێت بێ ئەوەی هیچ رۆڵێکی ژنان بەهەند وەربگیرێ لەبوارە جیاجیاکاندا ئەمە جگە لەڕووی ئابوورییەوە کە ئەگەر تەنها ژنانی لادێ لەبەرچاو بگرین سەرەڕای کاری ناوماڵ و

پەروەردەی منداڵ شان بەشانی پیاوان هاوبەشی دەرەو و گێرەوشەنی کردوەو لەبەروبوومی کشتوکاڵی و چۆنێتی بەرهەمو تەنانەت فرۆشتنی ئەو بەرهەمەش لەبازاڕدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، بەڵام پارەیەکی دیاریکراویان لەکرێی کارەکانیاندا وەرنەگرتووە کە بەسەربەستی خەرجی بکاتو هەست بە بەرهەمی کارەکەیان بکەن.

ئەمە باسێکی کورتی کۆمەڵی پیاوسالارییە کە تەنها یەک سیستەمو کۆنتڕۆڵی کردن پیادە دەکات دەرهەق بەژنان لەبواری گشتیدا بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی پیاوان لەگشت بوارە جیاجیاکاندا (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، یاسایی.. ) جگە لەوەی هەر ئەو پیاوانەن دیسانەوە ژنان بەکەم عەقڵو بێ تواناو بێ دەسەڵات لەقەڵەم دەدەن کە نەک ژن بەڵکو کام پیاوەی خۆی بەمرۆڤی ژێر ئەزانێت گەر تواناکانی لەچوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا خەفەبکرێو بەردەوام سانسۆری لەسەر بێت بێگومان ئەو مرۆڤەی لێ بەرجەستە دەبێت کە هەر ڕەگەزەکەی خۆی بەکەم عەقڵو بێ تواناو بێ دەسەڵات لەقەڵەمی داوە، لێرەوە دەڵێم پێویستە ژنان خۆیان بەئاگاو هۆشیاربن لەئاستی ئەو ڕاستیانەی کە مافی هیچ کەسێك نییە لەجیهاندا کەڵەگایی و زۆرداری بکاتو کاری ژنان تایبەتکات بەوەی پێویستە بەدرێژایی

تەمەنی لەماڵەوە بەسەر بەرێت و تێکەڵ بەکۆمەڵگا نەبێت و مافی بەشداری کاری بوارە جیاجیاکانی ژیانی نەبێت کە پێویستیان بەماندووبوون و بیرکردنەوەی جیاواز هەیە وەک بواری سیاسی و رێکخراوی و وەرزشی و داهێنان و نووسین و هونەر.. هتد، چونکە هەر دەرچوونە لەو سنوورە گەشە بەبیرو عەقڵ و تواناکانی مرۆڤ دەدات و سەربەستی راستەقینەی ژنانیش کاتێک دێتە ئاراوە کەبتوانن بێدەنگ نەبن بەرامبەر سەرهەڵدانی کێشەو مافەکانیان لەواقعی کوردیداو بتوانن هۆشیارانە بەشداری فعلییان هەبێت لەگشت بوارە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی فراوان و بەکەسایەتیەکی پڕ ئیرادەو مەعریفەوە هەوڵی گەیشتن بدەن لەناوەندەکانی بڕیار.
لەکۆتاییدا دەڵێم هەردوو توخمەکە ژن و بن یان پیاو مرۆڤن و هەریەکەیان تەواوکەرو پاڵپشتی ئەوی دیکەیانە لەپێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤانە کە هەریەکەیان ئازادبن لەهەڵبژاردنی فەلسەفەو رێبازی سیاسی و هەڵبژاردنی جێگاو هاوسەری ژیان یاخود کارکردن بەمانا فراوانییەکەی .. هتد بەپێی مەودای بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری و قابلیەتی خودی دەبێ.

بۆیە زاڵبوونی هەر توخمێک بەسەر ئەوی دیکەدا گەورەترین ستەم و نەزانینە دەربارەی مافی مرۆڤایەتی.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# خەباتی ژنان و دیدی ڕووناکبیران

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١و ئازادکردنی بەشێك لەکوردستان زەمینەیەکی لەباری کارکردنی بۆ سەرجەم جەماوەر کوردستان خولقاند، کەپاش خەبات و فیداکاریی زۆر ئەو زەمینە دیموکراسییە هاتە ئاراوە کەبێگومان هەمیشە ژنان لەهەموو قۆناغەکانی خەباتدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووەو لەپێشەوەی باجدانی گشت ئەهامەتییەکانی ژیان بوون

کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر ناهەقییەکانی حکومەتی عیراق بوترێ و لەسەری بنووسرێ هێشتا هەر کەمە کەبێگومان بەجێهێشتنی ئاسەواری گشت ئەو ستەم و زوڵم و زۆردارییەی لەگشت دام و دەزگاکانی ڕژێمدا بەبەرچاوەوە بووە سەلمێنەری ئەو ڕاستییانەن کەدرێغی نەکردووە لەبەکارهێنانی هەموو شێوازێکی توندوتیژی دەرهەق بەمیللەتی کورد بەگشتی و ژنان بەتایبەتی بەوجۆرە ژنانیش لەنێو هەوراز و هەڵدێری مێژوویدا کەگیرۆدەی دەستی ڕژێم بوون ئەو ستەمەی دەرهەقیان کراوە چۆکیان بەژنان دا نەداوە سەرباری ئەو هەموو ڕێساو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەی سەپاوەی بەسەریاندا، هەرگیز درێغییان نەکردووە لەبوارەکانی خەباتی کوردایەتی و کۆمەڵایەتیداو بەردەوام بوون لەکاری ڕێکخراوەیی و سیاسیی و خۆپێشاندان بۆ زیاتر پشتگیریکردن و

هەواڵنامەی کتێب

داکۆکیکردن لەخەباتی رەوای گەلی کوردو کێشەی مرۆڤی کورد، بۆیە تائێستاش ژنان لەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامدان و سەلماندویانە گەر زەمینەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی... هتد، لەباربێت و بواریان بۆ برەخسێ زۆر بوێرانەو چالاکانەتر داکۆکی لەمافە رەواکانیان دەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بۆئەوەی چیتر پاساوی یاسایی و نەریتە دەرەبەگایەتییەکان نەبن بەبیانوویەك بۆ ئەوجۆرە شێوازی مامەڵەکردنە لەنێوەندی لەگەڵ ژناندا.

لەناو هەموو ئەو کۆششانەی ژنان بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و یەکسانیخوازی نێوان مرۆڤەکان پرسیارێك دێتە ئاراوە بەوەی تاچەند لەپیاوان هاوکارن لەگەڵ ژنانداو یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی ئەو مەسەلەیەن، کەزۆرجار قسەی لەسەر دەکەن؟ بێگومان زۆرن ئەو پیاوانەی خۆیان بەرۆشنبیر دەزانن و لەسەر مەسەلەکانی ژنان دەنووسن و لەنووسینەکانیاندا داکۆکیکەری راستەقینەی مافە رەواکانی ژنانن و خەباتی ژنان بەرەوا دەزانن و قەناعەتیان بەکارکردنی ژنان هەیە لەگۆڕان و پێشخستنی کۆمەڵدا، هەر لەم پرسیارەشەوە چەندین پرسیارو وەلامی تری لێدەبێتەوە، بەوەی ئایا ئەوانەی هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیایەن و باوەڕیان بەوە هەیە کەژن پێش ئەوەی ژن بێت مرۆڤە تاچەند توانیویانە بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بنئەوەی

هەندێ نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان لەبەرچاو بگرن مەسەلەکە بخەنەڕوو لەبەرگی نووسین و دەربڕین ببێتە کردارو پراکتیک؟!

چونکە بەڕای من مرۆڤی رۆشنبیر دەربڕین و کردارە لەکاتێکدا ئەو دووانە لەگەڵ هەڵوێست و کرداری رۆژانەدا یەکبگرنەوە، چونکە بەپێچەوانەوە ئەو مرۆڤە لەفەرهەنگی کۆمەڵایەتیدا بەمرۆڤێکی ئیزدیواجی رووتکراوە لەمرۆڤایەتی پێناسە دەکرێت جێی نیگەرانییە لەکۆمەڵی ئێمەدا زۆربەی رۆشنبیرانمان لەکاتێکدا لەنووسین و دەربڕینی بابەتەکانیاندا بەبیرکردنەوەیەکی زۆر مەدەنیانەو یەکسانیخوازانە، داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەکەن و کەچی لەکرداری رۆژانەیاندا نەک تەنها رێگرەبن لەنزیکترین ژن لەخۆیانەوە لەکاتێکدا دەیانەوێ خەبات بکەن لەپێناوی داکۆکیکردن لەمافی پێشێلکراوەکانیان و مومارەسەی بچوکترین مافە سەرەتاییەکانیان بکەن، بەڵکو تەنانەت لەگفتوگۆو روودانی هەندێ کێشەی خێزانیشدا بەڕەوای نازانن کەژن مرۆڤێک بێت و مافی دەربڕینی رای خۆی هەبێت و سەنگ و جێدەستی دیاربێت، ئەمجۆرە هەڵوێستانە ئەگەر لەنێوەندی خوێندەواران و رۆشنبیرانماندا کاری پێبکرێت، ئەی ئایا چاوەڕوانی چی دەکرێت لەتوێژو بیروڕا جیاوازەکانی تری کۆمەڵ؟ بۆیە بەڕای من ئەوجۆرە رۆشنبیرانە گەر کرداریان لەگەڵ نووسینەکانیاندا یەک نەگرێتەوەو

لەژیانی رۆژانەیاندا رەنگدانەوەی بەدیار نەبێت ئەوا ئەگەر چی ئەو کەسانە لەنووسین و ئەدەبەکانیاندا بەلێهاتوو رۆشنبیر دەناسرێت، بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ بەراستگۆ دانانرێن و تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان گوزارشت لەراو بۆچوونیان دەکەن یان بەهۆی ترس یان خۆپەراندنەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە لەکۆمەڵدا وەك مرۆڤێکی رۆشنبیر بناسرێ و وەك نووسەرێك دەستی بۆ درێژ بکرێ، ئەمەش جگەلەوەی بەکەسێتییەکی دووفاق و دوور لەناخ و بیری مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە لەکاتێکدا خۆی داکۆکی و گوزارشت لەراستییەکانی ئەم زەمینە نایەکسانیخوازەی نێوان نێرو مێی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەدیدەکات دەبینین لەکاتی پێویستیدا کردارەکانی پێچەوانەی بیروراکەی دەبێت و هەموو پاساوەکەشی لەوکاتەدا بەوە دەهێنێتەوە کەگوایە ناچارەو داب ونەریتی کۆمەڵگەکەمان وادەخوازێ کەرەچاوی هەندێ شت بکەین و خۆی دەبێت بەتاکێك لەو کەسانەی قبوڵی ئەو بێمافی و چەوساندنەوەیە دەکات کەرووبەرووی بەشە تەواوکەرەکەی دەبێتەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێم راستە هەرچینێك یان توێژێك خۆی خۆی رزگار دەکات، بەلام بێگومان خەباتکردن بۆ ئەو رزگاربوونە پێویستی بەکەسانی رۆشنبیرو پێشکەوتنخواز دەبێت رۆشنبیرێك

بیرو رەفتاری یەکلاکردبێتەوە واتە دەبێ چ ژنان چ پیاوان هاوبەشی خەمەکانی یەکتربن و پێویستە پێکەوە بنەماکانی ئەم کۆمەڵگەیە بگۆڕن کەسەرچاوەی نەهامەتییەکانی هەردوو رەگەزەکەیەو بۆتە هۆی دواکەوتن و چەقبەستنی کۆمەڵ و نەمێڵێ هیچ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کۆمەڵ و تەڵاقدراو

دیاردەی تەڵاق دیاردەیەکی ئاڵۆزو هەمەلایەنەیەو لەئەنجامی گەلێك هۆکاری (ئابوری، رامیاری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری... هتد) دروست دەبێت و بێگومان زۆرجاریش هەردوو هاوسەرەکە خەتابارو هۆکاری ئەو دەرەنجامەن، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی و سەرنجە ژنی تەڵاقدراو سەرباری بارە دەروونییە نائاساییەکەی خۆی دووچاری گەلێك توانج و پابەستی و ململانێی کۆمەڵ دەبێتەوەو کۆمەڵ بەچاوێکی خوپارێزو گومان و نەفرەت لێکراوەوە دەڕوانێتە ژنان لەگەڵ زەرەرمەندی هەردوولا، بەڵام کۆمەڵ لەئاستی ژناندا کێشەکە قوڵترو گەورەتر دەکاتەوە ئەمەش بەڕای من پەیوەندی زۆری بەئاستی رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە بۆیە بۆچوونەکان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازیان هەیە ئەگەرچی زۆرجار ئەو زۆردارییە لەلایەن کەس و کارییەوە دەستپێدەکات بەچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا بەوەی بەردەوام لەموتابعەکردنی و لێپرسینەوەی دەبن لەهەچ هەنگاوێك کەدەیەوێ بینێت بەوەی پێویستە ئیتر ئەو کەسە زیاتر بەئاگابێت

لەهاتن و چوونی و تێکەڵبوونی بەدەوروبەرو تەنانەت لەگفتوگۆکردنیشدا قەیرانی قسەکردنی لەسەر نەبێت، چونکە زۆربەی پیاوانی کۆمەڵی رۆژهەڵاتی بەگشتی سڵ دەکەنەوە لەو جۆرە ژنانەی خاوەنی (جراتن) لەگفتوگۆکردنیاندا بەوەی بەتەبیعەتی خۆیان حەزیان لەو ژنانەیە کەشەرم بکەن کەبێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی ئەو ژنانە وامەست بکەن نەفرەت لێکراوبن لەلایەن کۆمەڵ و کەس وکارییەوە، هەربۆیە لێرەوە چەندین پرسیار سەرهەڵدەدات و دەبێتە جێی سەرسامی و خەمۆکی دەروونی لای زۆربەی ژنان کەبۆچی دەبێت بەشێوەیەکی جیاوازتر لەپیاو کۆمەڵ بڕوانێتە ژنانی تەڵاقدراو لەکاتێکدا گەر زوڵم لێکراویش بێت؟ یاخود وەك پیاو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت و گشت سانسۆرێك لەسەری دابنرێت و هەمیشە لایەنی ژنان بەتاوانبارو لایەنی پیاوەکەش بەزوڵم لێکراو لێکدەدەنەوە هەر بۆیە تەڵاقدراو بەمنیینەیەکی خاوەن کەلێنی دەروونی و بەکەسێکی دۆڕاو دەناسرێت لەکۆمەڵداو ئەو کەلێنە دەروونییەش بەرەو زۆر لەنەخۆشییە دەرونییەکانی دەبات بەگشت پلەیەکییەوە هەر لەپلەی (توتر) و دڵەڕاوکێ تاناستی شێتی و فصام و لەدەرەنجامدا دوورنییە بەرەو کەسێکی گۆشەگیرو لادەری نەبات، لێرەدا کاری کۆمەڵ نییە کەبەرگری و

هەق بدات بەتەڵاقدراو لەکاتێکدا تەنها مافی پیاوە لەکۆمەڵدا کەژن تەڵاق بدات چی ئەگەر ئەو ژنە زوڵم لێکراو بووبێت یاخود شایەنی تەڵاقدان بێت، چونکە پیاو لەکۆمەڵی ئێمەدا خاوەن نیکاحە واتە خاوەن دەسەڵاتی یەکەم بەپێی شەرع و یاسا هەر پیاوە، چونکە مافی ئەنجامدانی پرۆسەی تەڵاق وەك مافێکی ئایینی و یاسایی (ئاسمانی و زەمینی) بەپیاو دراوەو لەلایەکی تریشەوە دەربڕینی یەکەم و کۆتایی لەلایەن زاری پیاوەوە ئەنجامدەدرێت بۆیە ئەرکی کۆمەڵ لەکەمکردنەوەی باری خراپی ئەو ژنەو یارمەتیدانی بۆ رزگاربوون لەوبارە (دەروونی کۆمەڵایەتی)یەی بەو شێوەیەی کەتەڵاقدراو پێی خۆش دەبێت خۆی دەبینێتەوەو دەتوانێت یارمەتیدەربێت لەدەرکردنی باری ئەو ژنانەی لە (دایك و باوکایەتی) بۆ منداڵەکانیان خۆیان دەبیننەوە واتە ئەو ژنانەی کەوا هەست دەکەن دەتوانن رۆڵی دایك و باوك ببینن لەیەك کاتدا بۆ منداڵەکانیان کەئەم هەستە لای منداڵ پێچەوانەیە بەو پێیە رۆڵی کۆمەڵ بۆ یارمەتیدانی ژنانی تەڵاقدراو دەتوانێت خۆی لەرۆڵی خۆپاراستن لەتەڵاق بۆ رێگەگرتن یاخود کەمکردنەوەی لێکترازانی شیرازەی خێزان و پەرتەوازەبوونی منداڵەکانیان ئەویش لەرێگەی (تەشریع) و یاساوە خۆی ببینێتەوە ئەوەش بەبەشداریکردنی شێوازێکی رەسمی بەمەرجدانان بۆ شوکردن و

ژنهێنان بەپێی بناغەیەکی پتەو بۆ پێکهێنانی خێزان هەروەك چۆن ئایینە ئاسمانییەکان تەشریعی ئەوەیان کردووە کەکوڕان و کچان کاتێك گەیشتنە تەمەنی پێگەشتن (سن البلوغ) بۆیان هەبێ ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن لەکاتێکدا کۆمەڵی نوێ مەرجی تەمەنی (١٨) ساڵی بۆ ژنهێنان و شوکردن داناوە لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا کەواتە چی ڕێگر دەبێت لەبەردەم کۆمەڵدا بۆئەوەی جارێکی دیکە مەرجی نوێتر داڕێژێت بەوەی هەرکاتێك کوڕان و کچان ئارەزووی پێکهێنانی خێزانیان کرد بەقۆناغی (خولی ئامادەباشی بۆ پێکهێنانی خێزان)دا تێپەڕبن کەلەلایەن دەزگایەکی رەسمی باوەڕپێکراوەوە پاش هەڵسەنگاندنیان و بەپێی بڕوانامەیەکی ئامادەباشی لەکاتی مارەییدا بیدەن بەمەلا یان قازی یان لەڕێگەی دادگا وەك مەرجێکی سەرەکی لەکاتی مارەکردنیاندا.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کەتەڵاق زیاتر لەپێنج ساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتیدا روودەدات لەخێزانەکاندا ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەست نەکردن بەلێپرسراوێتی خێزانی لەلایەن ژن و پیاوەوەو ئامادەنەبوون بۆ گۆڕانکاری دەروونی و بەکارهێنانی زۆرداری لەلایەن هەردووکیانەوە یان یەکێکیانەوە لەکاتێکدا تێکدەچن لەژێر یەك سەقفدان، لەکاتێکدا ئەو دووانە هەریەکەیان لەبینەیەکی (ژینگە) جیاوازو ئاستێکی

ڕۆشنبیری جیاوازەوە بەیەك گەیشتوون، چونکە (نێر) تەنها ئەوە ناگرێتەوە کە لەئامادەباشیدایە بۆ ژنهێنان و پێکهێنانی خێزان یاخود (نێرایەتی) تەنها پارە خەرج کردن نییە بۆئەوەی پێداویستییەکانی ماددی هاوسەرەکەی بەجێبهێنێ بەڵکو پێویستە قاڵ بێت لەبینینی ڕۆڵی باوکایەتی و هاوسەرێتی و کۆنترۆڵکردنی بوارەکانی ژیان ئەمە جگەلەوەی (مێیینەیەتی) یاخود کامڵبوونی کچ لەڕووی جەستەییەوە تەنها ئەوە ناگەیەنێت لەئامادەباشیدا بێت بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی پیاو بەڵکو توانای بەرگریکردنی هەبێت لەگیروگرفت و کۆسپەکانی خێزانی لەڕووی ماددی و پەروەردەکردن و... هتد واتە هەردووکیان هاوبەش بن لەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیان و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر گشت کۆسپەکانیدا، ئەمانە هەموو پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەلایەن دەزگایەکی ڕەسمی باوەڕپێکراوەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کچان و کوڕان بۆ ئامادەباشییان بۆ ژنهێنان و شوکردن ئەویش بەکردنەوەی خولی تایبەت سەبارەت بەگشت بوارەکانی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتیدا کەقۆناغێکی نوێیە بۆ هەریەکەیان و کەمکردنەوەی لەلادان و جیاوازی کردن لەنێوان ژیانی لاوێتی پێش ژنهێنان و پاش ژنهێنان و تێگەیشتن لەوەی کەڕاست و هەڵەو ڕای جیاواز ئەگەری

جیاوازیو لێکچوون دروست دەکات بەرێژەیەکی نیسبی لەنێوان دوو مرۆڤدا کەبێگومان ئامانجی دوا ئەنجامەکەش پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەرو کەمکردنەوەی رێژەی تەلاقە لەکۆمەڵدا، هەروەک چۆن تاکەکانی کۆمەڵ بەشداری خولی جیاوازی (کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو زمان... هتد) دەکەن بەئامانجی فێربوونو سەرکەوتنیان لەداهاتووی کاریاندا پێویستە بۆ (زەواج)یش خولی تایبەت بەژنهێنانو شوکردن بەگرنگتر بزانن بۆ بەختەوەری ژیانی داهاتوویان.

# ژن له‌بازنه‌یه‌کی داخراودا

جێی نیگه‌رانی و نائومێدییه‌کی زۆره له‌کاتێکدا ژنان هه‌ن پێشمه‌رگه‌ئاسا بوونه‌ته خه‌باتگێڕی راسته‌قینه‌ی بزووتنه‌وه‌ی ژنان و سه‌رگه‌رمی هه‌وڵدانن بۆئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ڕێڕه‌وی پێشکه‌وتنی چه‌مکه‌کانی جیهاندا بڕۆن و گه‌یشتوونه‌ته ئاستێکی بالای کێشه‌کان و چه‌مکه‌کان و دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌چاره‌ی جیاواز چ له‌ڕێگه‌ی تاکه‌کانی کۆمه‌ڵه‌وه بێت یاخود له‌ڕێگه‌ی ڕێکخراوه‌کانی ژنانه‌وه بێت بۆ گه‌یشتن به‌کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی مه‌ده‌نی و یه‌کسانیخوازی نێوان مرۆڤه‌کان هاوکات له‌گه‌ڵ هه‌وڵدان بۆ جێبه‌جێکردنی ئه‌م ئه‌رکه سه‌خت و قورسه‌ش ژنان هه‌ن به‌ته‌واوه‌تی پێچه‌وانه‌ی ئه‌و چه‌مکانه ژیان ده‌گوزه‌رێنن و له‌بازنه‌یه‌کی داخراوی حه‌زه

تـەقلیدیو فسـیۆلۆژییە تایبەتییـەکانیاندا دەخولێنـەوە ئەمـە مەودایـەکی زۆر فراوانـی لـەنێوان ئـەو دووجـۆرە چەمکـەدا دروسـتکردووە لـەکاتێکدا ئـەجۆری یەکـەم توانـای وەسـتانو ئیستیعابکردنی چەمکی دووەمیانی هەیـەو ئـەجۆری دووەمیش توانای تێگەیشتنی هەیە بۆ هەوڵەکان.

یـەکێك لـەو چەمکـە جیـاوازو سـاتانەی سەرسامی لادروست کردبووم گفتوگـۆو وتوێژێکـی زۆر بـوو لەسـەر زنجیرەی عـەرەبی (عائله الحاج متولی)، ئەگەر چی ئامادەکاری زنجیرەکە جەختی لەوە کردەوە کەئەو زنجیرەیە وەك هاندەرێك نییە بۆ پیاوان بۆ ئەوەی بەتاقیکردنـەوەی (فرەژنـی)دا بـڕۆن کەکەسـانێکی زۆر وای تێگەیشتون، بەڵکو حاڵەتێکی گریمانەیداو خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێتەوە کەچی روودەدات لەپیاوێك گەر (٤) ژن بهێنێ؟

بەڵام بەداخەوە (تقمص) کەسـایەتی پیـاوێکی (٤) ژنـەی وەك (الحاج متولی) کەبەجوانترین شـێوازی هونـەری دیـاردەی فرەژنـی دەخاتـەڕوو ئەگـەرچی زەمـەنێکی زۆرە لەکۆمەڵگەکـەماندا قسـە لەسـەر ناشارستانیەتی هـەر کۆمـەڵێك دەکرێ کـەفرەژنی تیـایدا بەرپایـەو نـاڕەوایيو خراپـی ئـەو مرۆڤانـەش کەچەمکی فرەژنـی بەرەوا دەبینن بۆ خۆیـان، کەسایەتی (حـاج متـولی) مێشکی زۆر لەکۆمەڵی رۆژهەڵاتو پیاوانی کۆمەڵەکەمانی ورووژاندووە بـەوەی گەر بتوانن یەکسانی لەنێوان ژنەکانیاندا بەرجەستە بکەنو توانای بەخێوکردنیان هـەبێ بۆ نـەر؟ ئەگـەرچی قبوڵـی هـەندێ لـەژنانیش

بێت ئەو رایەی کەئەگەر پیاوێك بتوانێت عەدالەت لەنێوان ژنەکانیدا بکات بۆ ئەو؟ ئیتر بێگوێدانە بیرۆکەی فرەژنی لەسەر کەسێتی مرۆڤ چ وەك پیاو کەچۆن بیر لەخودی ژن و ژنهێنان دەکاتەوەو ژن بەموڵکی خۆی دەزانێت و چ وەك ژنیش کەتاچەند بیر لەکەسایەتی خۆی دەکاتەوەو کەرامەت و مافی تیادا پێشێل دەکرێت.

لێرەوەیە نائومێدی و سەرسامی دروستدەکات کەبۆچی بەرچەمکە بیر لەپەیوەندی نێوان هاوسەرێتی بکرێتەوە لەلایەن ژن و پیاوەوە لەکاتێکدا پێویستە ئەو پەیوەندییە لەسەر بناغەیەکی ئەوەندە پتەوو بەتین بنیادبنرێت کەبەهێزی و گەورەییەکەی وابکات هیچ وشەیەك شایستەی نووسین نەبێت و هیچ تەعبیرێك شایستەی وتنی نەبێت لەدەربڕیندا نەك کەسانێك گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن کەتاچەند پیاوەکە توانیویەتی ژنەکانی بەخێو بکات یان عەدالەت لەنێوانیاندا بەرجەستە بکات یان لایەنی دەروونیان لێکبداتەوەو یان ویان... هتد بۆیە لەم روانگەیەوە ئاواتەخوازم ژنان و پیاوان بەشێوەیەکی پەیوەندییەکی پیرۆزتر بڕواننە پەیوەندی هاوسەرێتی و هەروەك چۆن دیاردەی فرەپیاوی نەشیاوو قبوڵ و مەحاڵە بۆ ژنان پێویستە ژنانیش پێش هەموو کەسێك خۆیان رێگر بن و نەبنە ژنی دووەم و زیاتر بۆ پیاوان بەهەچ هۆیەك بێت.

# تەوژی

## لەرێگەی فاکسو تەلەفۆنەوە.. بۆ؟

بێگومـان هـەموو مرۆڤێـك ئـازادو سەربەسـتە لەهـەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لەهەر جێگەیەك بێت، بـەڵام جێی سەرنجو باس دەبێت ئەوکاتەی مافو ئازادی کەسێکیتری تیادا پێشێل دەکرێت، ئەگەرچی دیاردەی کۆچکردنی لاوانی کورد تازە نییەو بەدەر لەکاریگەرە سلبیو ئیجابییەکانی بەهەر هۆیەك بێت بۆتە دیاردەیەکی باوو چارلێکەری سەردەم، بەشێوەیەك خێزان نییە کەسێك یان زیاتری تیادا نەڕۆیشتبێ، بـەڵام ئـەوەی جێی نیگـەرانیو دڵتەنگییـە زۆربـەی لاوان بێباکانـە مـاڵ دەفرۆشـنو خۆیان دەخەنە ژێر باری قەرزو رێگەی کۆچ هەڵدەبژێرن بێگوێدانە جێهێشتنی ژنو منداڵـەکانیانو لێکدانـەوەی گشـت ئـەو کێشـەو گرفتانەی دووچاری خێزانەکانیان دەبنـەوە لەهـەموو روویەکـەوە ئەمـەش بـەبرو بیـانووی بەدەسـتهێنانی ئاسـتێکی بـەرزترو دابینکردنی ژیانی خۆشتر لەڕووی ماددیو رۆحییەوە یان بەهۆی ژیـانی زەمینەیـەکی ئـازادتر بـۆ منداڵـەکانیان هـەوڵی قەناعـەت پێهێنان بەدەوروبەریان دەکـەن خـۆ ئەگـەر ژنەکانیشیان رێگرب‌ن لەئاست خواستەکانیاندا ئەوکاتە کێشەکە گـەورەتر دەکـەنو زۆر بەئاسانیو بێباکانە ملی رێگەی هاتو نەهات دەگرنەبەر.

ئەوەی لێرەدا جێی باس و داخە، کەسانێکی ناووشیار هەن هەر بەگەیشتنیان بەوڵاتی غەریبی پیرۆزی و بنەماکانی خێزانی و داب و نەریتی کوردەواری زۆر بەپەلە لەدەست دەدەن و کاڵای نوێ دەپۆشن بەگۆڕینی ناو و ناسنامەی خۆیان و هەوڵی خۆگونجاندن و ڕاهاتن دەدەن لەگەڵ کەلتوورێکی نامۆ بەخۆیان و بێگومان کەسانی لاواز و پەرۆش بەدوای ژیانێکی دوور لەزانین گۆڕانکارییەکان بەکارلێکردن، سلبییانە لەسەریان ڕەنگدەداتەوە بۆیە لێرەوەش گرفتی خێزانی کوردی دەستپێدەکات و لێکترازانی تاکەکانی لەخۆدەگرێت کەدەبێتە هۆی جیابوونەوەی ژن و پیاو پەرتەوازەیی منداڵ مسۆگەر دەبێت و چەندین تراژیدیای هەرگیز بەخەیاڵ نەهاتووە چەندبارە دەبێتەوە و ونبوونێکی حەتمی کەسایەتییەکان لەخود مسۆگەر دەکات، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە هەر لەگەڵ گەیشتنیان بەهەندەران لەجیاتی هەموو لەبەرچاوگرتنێکی ڕۆڵی ژنەکانیان و نازی منداڵەکانیان بەدرێژایی ژیانی هاوسەرێتیان بیر لەخێراترین شێوازی جیابوونەوە دەکەنەوە بەناردنی تەڵاق بەشێوەی فاکس یان بەتەلەفۆن ئەگەرچی دڵنیان کە لەڕووی یاساییەوە ئەو شێوە تەڵاقە دروست نییە لێرەوە چەندین پرسیار سەرچاوە دەگرێت کە ئایا پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان ئەو هاوسەرانە لەسەر چ بنەمایەك سەرچاوەی گرتووە تا بەو شێوەیە کۆتایی پێ بێت؟

یاخود چی هاندەر و هۆکارە بۆئەوەی وا بەئاسانی پیرۆزایەتی خێزان و هاوسەرێتی لەدەستبدەن؟

بەڕای من سەرباری گشت ئەو هۆکارانەی پێشوو زۆربەی ئەو پەیوەندییانەی بەوجۆرە ئەنجامانە کۆتایی دێت سەرەتای بنیادنانی خێزانیشیان هەر بەکێشە یان بەسوودێکی کاتیو بڕیاردانێکی ناژیرانە بنیاتنراوە یاخود لەسەر بنەمای سەپاندنو زۆرەملێ بووەو تەنها وەك پرۆژەیەك پەیوەندییەکان بەیەکەوە بەستراون بەو رایەی کە دەوترێت کوڕە کاتی ژنهێنانی هاتووە یاخود کچە کاتی شوکردنی بەسەردەچێت، چونکە بێگومان پەیوەندی نێوان دوو هاوسەر گەر لەسەر بنەمایەکی پتەوی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکانو بەبیروباوەڕێکی ژیرو وشیارییەوە سەرچاوەی گرتبێ هیچ هێزێكو ئیرادەیەکی دەرەکی بەدەر لەو دوو هاوسەرە ناتوانێ بەئاسانی رۆڵی لەهەڵوەشاندنو لێکترازانی ئەو دووانە هەبێتو ئەوکاتەش گۆڕانکاری ژینگەش کار لەکەسایەتی مرۆڤەکان ناکات.

منداڵـەکانیان کـە ئەمـەش زۆرجـار منـداڵ لـەنێوەندی ئـەو گێروگرفتانەدا خۆی بە ونبوو دەزانێت و کەسێتییەکی سەرلێشێواو بێزارو گۆشـەگیری لێدەردەچێـت و ئەگـەرێکی زۆریشـی هەیـە کەتووشی هەمان ئەزموونی دایك و باوکیان ببنـەوە، چونکە هیچ کات هەست بەدڵنیایی ناکەن بۆیە زۆرجار لەئەنجامدا دووچاری لادان دەبن بۆ نموونە ڕێژەی (٦٢٪)ی ئەو منداڵانەی لادان بـوون لەسـاڵی ٢٠٠٠ گرفتـی خـێزانی دایـك و باوکیـان هـەبووەو لەخێزانێکی ئاسایدا نەژیاون، کەم جاریش ڕوویداوە، ئەو منداڵە لـەنێو ژینگەیـەکی پـڕ لـەگێروگرفتی نێـوان دایـك و بـاوکیدا کەسێتیەکی بـەهێزی لێدەرچووبێت و ئەو ئەزموونـە هاندەرێکی بەهێز بووبێت بۆ داهاتووی ژیانی خۆی کە بەبیری وردو سوود وەرگرتـن لـەو ئەزموونـەی ژیـانی تێـدا گوزەرانـدووەو ژیـانی هاوسەرێتی خۆی بنیاد بنێ.

لەکۆمـەڵی ئێمـەدا کـەم جـار ڕوودەدات کـە ژن و پیـاو بەرێککەوتن و لەسەر بنەمای لێکگەیشتن لەپێکـەوە نـەگونجانیان پرۆسەی جیابوونەوە لەنێوانیاندا بەئەنجام بگات کە ئەمەش بەڕای من پەیوەندی بەئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیـە چ ژن بێـت و چ پیـاو ئەگـەرچی پێویسـتییەکی حەتمییـە بەتایبەت ئەو کاتەی منداڵ لەنێوانیاندا بوونی هەبێت هەر بۆیە

کەمجاریش ڕوودەدات دایك و باوك پاش جیابوونەوەیان هاوکاری منداڵەکانیان بکەن، بەو واقعە ناخۆ تاڵەی کە چاوەڕوانیان دەکات بۆ ئەوەی دووچاری گیروگرفت و نائارامی دەروونی و لادان ئەبن بۆیە لێکترازانی خێزان کەلێنێکی گەورە دروست دەکات چ لەنێوان خواستەکانی دایك و باوك بێت بۆ ئازادبوونیان لەو پەیوەندییە شکستەی نێوانیان چ وەك خواستی منداڵەکانیان بۆ بەردەوامێتی خێزان کە هەموو کات لەناخیاندا خواستی پێکەوە ژیانیان دەخوازن و هەر بۆیە دوابەدوای جیابوونەوەی دایك و باوك منداڵان قوربانیی تەلاق لەهەر قۆناغێکی گەشەکردنیاندا بن ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دێن و بەگشتی دووچاری نائاسوودەیی دەبن لەژیاندا بۆ نموونە بەر لەقۆناغی سەرەتایی گیروگرفتەکانیان لەترس و نیگەرانی و بێخەوی و بێ خواردن خۆی دەبینێتەوە جگە لەوەی حەزی زاڵبوونی تێدا دروست دەبێت بەسەر کەسانی دیکەدا، لەقۆناغی سەرەتایشدا نائاسوودەییەکەی ڕەنگە لەشێوەی دەمار گرژی و ڕق و پەلاماردا خۆی بنوێنێت جگە لە کێشمەکێشی لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆیدا بەتایبەتی لەنێو خوێندنگەدا ئەمە جگە لە مێرد منداڵان کە تەمەنێکی هەرزەکاری ناسکەو پێویستییان بەچاودێری تەواوی دایك و باوك هەیەو بەزۆری لەم تەمەنەدا دووچاری خەمۆکی و بەد ڕەفتاری گرفتی خوێندنگەو خواردنەوەو

هەڵاتن لەماڵ دێن، بۆیە ئەم پەیامە رەنگە دزێوترین هەواڵ بێت کە منداڵ لەسەرتاسەری تەمەنیدا بیبیستێ لەبەر ئەوە پێویستە دایکان و باوکان زۆر بە لەسەرخۆیی و وردبینی ئەو هەڵ و مەرجە کۆنترۆڵ بکەن و بەشێوازێکی ورد بڕیاری جیابوونەوەی خۆیان بەمنداڵەکانیان رابگەیەنن و لەو راستیە دڵنیابن کە هەرچەندە دایک و باوک لێکجیادەبنەوە، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک لەوان جیانابێتەوەو هیچ خەتایەک و گوناهێکی منداڵەکەی تیانییە لەو دەرەنجامە.

چونکە منداڵان لەکاتەدا سەرزەنشتی خۆیان دەکەن و خۆیان بەهۆکاری شکستی نێوان دایک و باوک لەقەڵەم دەدەن ئەمە جگە لەوەی پێویستە راستگۆیانە و بەگوێرەی تەمەنیان وەڵامی پرسیارەکانیان بدرێتەوە هەروەک چۆن پێویستە دایک و باوک کۆنترۆڵی هەست و نەستی خۆیان بکەن و نەکەونە هاتوو هاوارو جەنگ و ماڵەکانیان بکەنە گۆڕەپانی جەنگ لەبەرچاوی منداڵەکانیان بۆ ئەوەی دووچاری کاریگەری خراپ نەبن پێویستە ئەوە بزانن کەڕووداوی تەڵاق گرفت و گۆڕانکارییەکی گەورەیە لەژیانی منداڵداو گواستنەوەیان لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە کارێکی ئاسان نییە.

# ژنان و بواری ڕاگەیاندن

ئەگەر سەرنجی کارکردن و گەشەکردنی ژنان بدرێت لەپاش ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ و بە بەراورد لەگەڵ پێش ڕاپەڕیندا، ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ژنان لەزۆر بواری جیاجیادا توانیویانە خۆڕاگرو کۆڵنەدەرانە بێنە مەیدانی کارکردنەوە، یەکێک لەو بوارە هەستیارو گرنگانەی بەشێوەیەکی جیدی و بەرچاو ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەمەیدان و گۆڕەپانی ئەمڕۆی کوردستاندا، کارکردنی ژنانە لەبواری ڕاگەیاندندا وەک (ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکاری بەرنامەو بێژەری ..هتد) ڕاستە کاری ڕاگەیاندن بەکارێکی تاقەت پڕوکێن ناوەزد دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو ماندووبوون و ڕێگریانە نەک تەنها نەبوونەتە بەربەست لەبەردەم زۆرینەی ژناندا بەڵکو هەوڵی داهێنانیشیانداوە لەبوارەکەدا. دیارە هەموو ئەوانەش پەیوەستە بەباوەڕی تەواو

وبەردەوامبوون و كۆڵنەدان و خۆشەویستی و پێویستی هەبوونی هەریەك لەو كەسانەی لەو بوارەدا خۆیان دەبیننەوە. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی ژناندا، دیارە زۆرن ئەو پیاوانەی كە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ژناندا بۆ كاركردنیان لەو بوارانەداو تەنانەت بوونی ژنان لەو نێوەندەدا رەت دەكەنەوە، بەتایبەتی ئەگەر هاوسەرو دایكیان بێت، بێگومان ئەمەش هۆكاری زۆری لەخۆ گرتووە، كە ئەنجامی سەرەتاو كۆتاییەكەی لەبەرژەوەندی پیاواندا خۆی دەبینێتەوەو لەپاڵیدا پاساوی زۆری بۆ دەدۆزرێتەوە بەوەی دەرفەت و بوارێكە ناگونجێت لەگەڵ كەسێتی ژنداو پێویستی بەكاتی تەرخانكراوی تەواو هەیە، لەكاتێكدا كاركردن لەڕاگەیاندندا ناتوانێت پەیوەست بێت بەكاتەوە، سەرەڕای ئەوەی كەدووچاری گرفت دەبنەوەو دووریان دەخاتەوە لەڕۆڵە سەرەكییەكەیان كە پەروەردە كردنی منداڵ و خێزانە، چونكە كاركردن لەو نێوەندەدا وا دەخوازێت كە هەمیشە كادرەكانی لەجووڵەی بەردەوام و هاتووچۆو سەفەردا بن لەناوەوەو دەرەوەی وڵات جگە لەناسینی كەسایەتی جیاواز لەبوارەكاندا، لێرەوە یەكەم ڕێگری دووچاری كەسایەتیەكانی بواری راگەیاندن دەبێتەوە، ئەوەیە كۆمەڵ بەچاوێكی كەم و بێبەزەییانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات تەنانەت بەجۆرێك لەجۆرەكان لادەریشی دادەنێن، جگە لەوەی خەڵك پەنا دەبەنە بەر

قسەو باسی درۆو بەتاڵ لەسەر هەریەك لەو کەسانە ئەمانەو بەدەر لەپەستانی کەسانی ناو خێزانو دابو نەریتەکان. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەموو ئەو بەربەستانە ئەوەندەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم ژناندا زۆر بەئاسایی لێك دەدرێتەوە بۆ پیاوان هەروەك هەموو بوارێکی کارکردنی دیکە، ئەمانە لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەوانەی لەبواری ڕاگەیاندندا خۆیان دەبیننەوە، بەر شاڵاوو توانجی جۆرێکی دیکە دەکەون لەبرادەرانو هاوڕێیانیان لەبواری کارکردنداو بەردەوام لەململانێو بەربەرەکانیدا دەبن بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ، کە ئەمەش دووبارە هۆکاری زۆری لێدەکەوێتەوە، یەکێك لەوانە بەڕەوا نەبینینە ئەو کاتەی وەك کەسێکی دیارو جیاواز دەردەکەوێت بەپێی کارەکەی جگە لەئیرەیی دەوروبەر کەڕۆڵێکی بەرچاو دەگرێت بۆ پاڵپێوەنانیانو لەبەرگرتنی هەر شێوازێکی نامرۆڤانە، کەوایان لێدەکات هەموو ئەو دەستکەتانەو دەرکەوتنانە، کە بۆیان بەرجەستە دەبێت بەزۆری بزانن بەبێ لێکدانەوەی ئەو ڕاستیە کە چەند دەرکەوتنی ئەو کەسایەتیانە لەهەر بوارێکی ڕاگەیاندندا بەدەر لەئیجابیاتی ئەوەندە سلبیاتو مەترسیان هەیە بۆ کەسێتیو خودی خۆیان هەروەها تا چەندە لەهەوڵداندا بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەیان ئەوەندە ڕێگری و ماندووبون و ململانێی تێدایە کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە

سەر بارودۆخی تایبەتییان، کە رۆژانە دووچاری دەبنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو رێگری و بەربەستانەدا لەمڕۆدا کارکردنی ژنان لەبواری راگەیاندندا بۆتە واقعێکی حاشاهەڵنەگر لەکوردستانداو جێی دڵخۆشی و شانازیشە.

# ٨ی مارس

## رووداوە یان رۆژ؟

تاڕادەیەک کەمن ئەو کەسانەی کە (٨ی مارس) وەك رووداوێکی مێژوویی کەخۆی چەسپاندووە بناسن، ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی کەخوازیارن رۆژێکیش تایبەت بەپیاوان هەبێت یاخود قسە لەسەر ئەوە دەکرێت گەر ژنان هەوڵی بەرجەستەکردنی یەکسانی دەدەن، بۆ خۆیان جیاکردۆتەوە بەتایبەتیکردنی رۆژی جیهانی ژنان؟ بۆیە ئەگەر لەو دیدو بۆچوونانەوە بڕوانینە رۆژی (٨ی مارس) نەك رۆژی تایبەت بەپیاوان پێویست نییە، بەڵکو بۆ ژنانیش بەپێویست نازانم لێرەوەو لەباسەکەدا پرسیارێك سەرچاوە دەگرێت بەوەی ئایا (٨ی مارس) رووداوە یان رۆژە؟

بەڕای من گەر لەڕوانگەی ئەوەوە بڕوانینە (٨ی مارس) کەهەروەك چۆن بەدرێژایی قۆناغی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد مرۆڤەکان هەردەم لەهەوڵ و تەقەلای بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان کەڕووبەڕووی داگیرکردن و دابەشکردن بوونەتەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە لێمان ئاشکرا دەبێت کە (٨ی مارس) وەك رووداوێك خۆی سەلماندووەو چەندین هۆکاری رەگەزی و بنەمای رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و... هتد رەنگدانەوەی یادەوەری ئەو رۆژەیە کەیەکێکە

لەرۆژە مێژووییەکانی خەباتی ژنان و هێمای خۆڕاگری و بوێری ئەو پۆلە ژنە دەردەخات کەلەکارگەی رستن و چنیندا لەنیویۆرک لەساڵی ١٨٥٧دا بوونە سوتماك لەپێناوی داکۆکیکردن لەسەر داواکردنی مافەکانیان، بۆیە گەر بەسەرنجەوە لەئامانج و گرنگێتی و بەهاکانی ئەو رۆژە وردببینەوە پێویستە رۆژانە وەك ماندەرێك بمانبزوێنێ تا بەتوانایەکی نوێترەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی مافەکانمان بدەین کەئەمە بەڕای من نەك لەئەستۆی رێکخراوەکانی ژناندایە بەتەنها، بەڵکو ئەرکی هەموو تاك و خێزانێکی کۆمەڵە جگەلە رۆشنبیران و کەسانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز کەپێویستە هەریەك لەشوێن و کاری خۆیەوە هەڵگری پەیامی نەهێشتنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی رەگەزی بن کەبێگومان ئەرکاتەش پێویست بەهیچ رۆژێکی تایبەت بەهیچ رەگەزێك ناکات جگەلەوەی بەخشینی رۆژ لەبەهاکانی رووداوو یادەوەرییەکان کەمدەکاتەوە سەرەڕای رۆژی تایبەت بەرەگەزێك رۆژەکانی رۆژی ساڵ دەکاتە موڵکی رەگەزەکەی دیکەو لێرەشەوە نایەکسانی بەرجەستە دەبێت بۆیە پێویستە رۆژی چەوساندنەوەو داگیرکردن و پێشێلکردنی مافەکان پێوەربێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زەوتکردنی ئازادیەکان لێرەوە دەڵێم (٨ی مارس) رووداوو رۆژێك نییە بەخشرابێت بەژنان بۆیە وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی ئەو پۆلە ژنە ئومێدەوارم یادەوەری ئەم رۆژە وێستگەی بنەبڕکردنی چەوساندنەوەی سەرجەم مرۆڤ بێت بەتایبەتی ژنان بۆ ئەمەش پێویستە بەردەوام بین لەو خەباتە رەوایەی کە لەناخیدا ناسنامەی مرۆڤایەتی بوونمانی هەڵگرتووە.

# دواکەوتوویی خێزانو پێوەرەکانی

زەمینـەی لـەباری ئـەمڕۆی کوردسـتان دەرگـای والأکـردووە لەبەردەم زۆربـەی رۆشنبیرانو نووسـەرانی کـورد پـاش ئـەوەی لـەپێش راپەڕینـەوە تواناکانیـان سـەرکوتکرابوو هەمیشـە راستییەکان لەناخیاندا پەنگی خواردبۆوە بەهۆی دامودەزگاکانی رژێمی بەعسەوە کەبێگومان هیچ خێزانێك بێبەش نەبووە دەرهـەق بـەزوڵمو سـتەمو چەوسـاندنەوەکانی، ئـەم دەرگـا والأکردنـە وایکردووە زۆر دیموکراسیانە مرۆڤـەکان لـەدیدو بۆچوونـەکانیان بدوێن، یـەکێك لـەو بابەتانـەی کـە لـەم ماوەیـەدا جێـی دیـالۆگو گفتوگۆ لەسـەرکردنە لێـی (دواکـەوتوویی و ئـەو پێـوەرە هەڵانەیە کەژنو پیاوی کوردی پێکەوە بەستووەتەوە بۆ پێکهێنانی خێزان).

بـەڕای مـن گـەلێك هۆکـاری جیـاواز هـەن لەپشـت ئـەو دەرئەنجامـەوە کەسـەرچاوەی گرتـووە بەدەر لـەوەی پێویسـتە ئـەو راستییەمان لەیادنەچێت کەزۆربـەی ئـەو خێزانانـە دەرئـەنجامی پـەروەردەی ئـەو قۆناغـە جیاوازانـەن کـە بـەدرێژایی مێـژوو میللەتەکەمانی پیادا تێپەڕبووە.

نکۆڵـی لـەوەدا نییـە کـەخێزان بچووکـترین پێکهاتـەی کۆمەڵایەتییەو بێگومان بەچەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕبووە پێ بـەپێی پێشـکەوتنەکانی لایـەنی ئـابووریو کۆمەڵایـەتی هـەر

کۆمەڵگەیەکدا هەر بۆیە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەدواکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵدا کەجێی داخە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تائێستا لەسەر پێوەری مێندە لاواز بنیاتدەنرێت کەزۆرینەیان بەردەوام لەدڵەڕاوکێ و پشێوی و نائارامیدا دەژین.

لێرەدا بۆئەوەی بەسروشتی پەیوەندی نێوان و ژن و پیاو ئاشنابین پێویستە بتوانین بەوردی و بەباشی بنەماکانی خێزان بناسین هەروەك پێویستە یەکەمجار لەقۆناغەکانی مێژووی میللەتەکەمان بکۆڵینەوە بۆیە پێویستە ئەوە بڵێین ئەو بارە ناهەموارو زەحمەتیەی تائەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان پێیدا تێپەڕدەبێ گەلێك هۆکاری لەپشتەوەیە کە لەچەوساندنەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی رەگەزیی پیاو بۆ ژن و لەرێی ئەو یاساو دابونەریت و دامودەزگایانەی کەدەسەڵاتی زۆرداری پیاو چەندین ساڵە دروستیکردووەو دەبینرێت ئەمە جگەلەوەی کاتێك باس لەدواکەوتوویی خێزان دەکرێت ئەو خێزانانەن کەبەدرێژایی مێژوو داگیرکەران بەهۆی داگیرکردن و پارچە پارچەبوونییەوە کاریگەری خۆی کردۆتە سەر هەریەك لەبنەماکانی و جگەلەوەی کاریگەری سەرەکی تێکچوونی زۆربەی خێزانەکان بەهۆی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی زۆرداری رژێمی بەعسی بووە کەبەدرێژایی دەسەڵاتی کاریگەری سلبی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی جۆراوجۆری هەبووە بۆسەر تاکەکان، بەو پێیە خێزان هیچ کات ژیانی نەگوزەراندووە دوور لەدەسەڵاتی دوژمن بۆیە ئێمە ناتوانین دوور لەپێکهاتەی

خێزان باس لەپەیوەندی هەڵەی پێوەرەکانی ژن و پیاو بکەین بۆیەکتری، هەربۆیە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەرێتی زۆربەی لەنێوەندی پێوەری جوانی و دەوڵەمەندی و بەرژەوەندی و بنەماڵەییدا...هتد خۆی (حصر) کردووە دوور لەپێوەری فکرو ئاستی وشیاری و خۆشەویستی و قوربانیدان ئەمە جگەلەو بارودۆخەی کەمیللەتی کورد پیایدا تێپەڕیوە وایکردووە کەژنان لەژێر باری ئابووری و رامیاریدا هیچ کات نەبوونەتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆو هەمیشە گرێدراوی دەسەڵاتی پیاوبوون بەو پێیەش سیستمی باڵادەستی پیاو لەنێوەندی خێزانەکاندا رەنگیداوەتەوە کەبێگومان ئامانجی سیاسەتی ئەو سیستمەش ئەوەیە کەمرۆڤ لەگەوهەری راستەقینەی خۆی دووربخاتەوەو کەسایەتییەکی لاوازی لێ پێکبێت، جگەلەوەی ئەو سیستمەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی خێزان بەبنەما وەردەگرێت، لێرەوە پیاو پیادەکردنی دەسەڵاتی و ئاغایەتی لەسەر ژن دەردەبڕێت و خۆیان لەگشت بوارێکەوە بەتەواوترو داناتر دەبیننەوە لەژنان و تەگەرە دەخەنە بەردەم هەڵوێست و ئارەزووەکانی ژنان و تۆوی بێباوەڕی لەنێوەندی چواردیواری تەسکی خێزاندا دەچێنن و وایان لێدەکەن کەتەنها ئەرکی کارکردنی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و داخوازییەکانی پیاو بەئەرکی خۆیان بزانن و لەگشت مافەکانیشدا بەپلەدووی مرۆڤایەتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت

سەرەڕای ئەوەی بۆتە هۆکارێك بۆئەوەی ژنان لەدەرئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا بنکەی خۆی لەغەریزەدا بگرێت بەوەی تەنها لەلایەنی سێکسەوە ببینرێت دوور لەگشت لایەنێکی فکرو ئایدیۆلۆژی، هەر بۆیە خێزانی ئێمە پڕە لەگرفتی جۆراوجۆر جگەلەوەی خۆی لەگەورەترین (کبت)دا دەبینێتەوە لەئاست دەربڕینی هەستی ژناندا بەوەی ناتوانن ئازادانە گوزارشت لەهەستو ئەستی خۆیان بکەن بێگومان ئەمانەش دەرئەنجامی ئەو بارە نائاساییە دەروونییانەن کە لەڕابردووەوە تیایدا خێزان سەرچاوەی گرتووەو کاریگەرێتی خۆی لەسەر عەقڵییەتی تاکەکانی کۆمەڵەکەمان رەنگیداوەتەوە بۆیە پێویستە لەسەر ژنان هەنگاوی زۆر وردترو وشیارانەتر بنێن بۆ بنیادنانەوەی خێزانێکی نوێو سەرکەوتوو لەسەر بنەمایەکی نوێترو عەقڵێکی جوداتر دوور لەکاریگەرێتی گشت ئەو هۆکارانەی باسی لێوەکرا کەخۆی لەزاڵبوونی دەسەڵاتی تاکەکەسیو چەوساندنەوەی رەگەزیو پەیوەندییەکی رۆتینیدا دەبینێتەوەو پێویستە مرۆڤایەتی بەگشت مانایەکییەوە ببێتە پێوەری بنەماکانی خێزان کەتیایدا ژنو پیاو یەکسان بن لەمافو ئەرکەکانیاندا (حقوق و واجبات) ئەوەش لەیاد نەکەین کەسەربەخۆییو ئازادی ژنان بەپلەی سەرەکی بەندە بەسەربەخۆیی ئابووریو رامیارییەوە کەبێگومان ئەمەش پەیوەندە بەوشیاری تاکەکانەوە.

## ئەنفال و باروودۆخی ژنان پاش ١٤ ساڵ

رژێمـی بـەعس بـەدرێژایی دەسـەڵاتی لەکوردستاندا هەرگیز درێغی نەکردووە لـەپیادەکردنی سیاسـەتی کوشـتن و لــەناوبردنی بەکۆمــەڵی خــەڵکی کوردستان، بێگومان بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی لەو شێوازە لەکوردستاندا کـەتیایدا بـەرژەوەندی دامودەزگاکـانی خۆی و لێکترازانی تاکـەکانی خـێزانی میللـەتی کـوردی لـەخۆگرتبوو بـەدەر نــەبووە لەدارشـــتنی بەرنامــــەو نەخشەکێشـــانێکی ورد پاڵپشـــت بەئــەنجامدەرانی ئــەو عەقلیەتانــەی کەبەرژەوەندی و ئامانجی ئەو رژێمـەیان دەپێکا،

هەر بۆیە گـەر بەدرێژایی مێژووی خـەباتی رزگاریخوازی گـەلی کـوردا شـۆڕبینەوە چـەندین تراژیدیـای جۆربـەجۆر واقیعێکـی بەڵگەنەویسـتی ئـەو راسـتییانەمان بـۆ دەسـەلمێنن کەهەمیشـە قوربانیی و فیداکاری و لەخۆبوردوویی دەیان هـەزار قارەمانی گـەلی کورد بوونەتـە رەمـزی تێکۆشـان و خـەباتی گـەلی کـورد لـەپێناو ئازادی و رزگاربوونی لەدەست زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە یەکێك لەو وێنە تراژیدیی و یادەوەرییە تاڵ و پڕ لەئازارانەی کەتائێستا ئاسـەواری لـەناخی خـەڵکانی میللـەتی کـورددا بەجێهێشـتووە

کارەساتی (ئەنفال)ە کەبێگومان ئەوکاتەی تەنها گوێبیستی ئەو وشەیە دەبین زارو پێنووسی مرۆڤەکانو مرۆڤایەتی مەحاڵە بگەنە پێناسەیەك کەدەقاودەق گوزارشت لەناخ و ئازارو مەینەتییەکانی دەروونی کەسانی پاشماوەی ئەنفال بکەن بەتایبەتی ئەو ئاسەوارە دەروونیی و کۆمەڵایەتییانەی کاریگەری دەروونی زۆری کردۆتە ناخی زۆربەی ژنانو منداڵانی قوربانیانی ئەنفال پاش ١٤ ساڵیش تێپەڕبوون بەسەر کارەساتی ئەنفالو تێپەڕبوونی ١١ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی ئەنجامدەرانی ئەنفالو رەتکردنەوەی دامودەزگاکانی رژێمی بەعس هەر بۆیە لەمڕۆدا چەندین پرسیار لەناخی زۆربەی مرۆڤەکاندا سەرچاوە دەگرێت بەوەی ئایا کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی ژنانو پیاوانو منداڵانی قوربانیانی ئەنفال وەك یەکە؟ ئایا کۆمەڵگە بەتێڕوانینێکی بەزەییەوە ناڕوانێتە ژنانو منداڵانی ئەنفال؟ ئایا خەڵکی کۆمەڵگەکەمان تاچەند هۆشیارن بەحەقیقەتی کارەساتی ئەنفالو توانراوە لەهزری خەڵکیدا بچەسپێ؟ بەدەر لەوانەش ئایا پاش (١٤ ساڵ) تێپەڕبوون بەسەر کارەساتی ئەنفالدا بارودۆخی ژنان لەچ شێوازێکدایە؟

وروژاندنو گەڵاڵەبوونی راستی هەریەك لەو پرسیارانە پێویستەو زۆر هەڵدەگرێتو کەموکورتی لەڕاستی هەریەك لەوانەش لەئەستۆی هەموو لایەکدایەو هەموو مرۆڤێك بەشێوەیەکی گشتی، چونکە کێشەی ئەنفال تەنها کۆتایی هێنان نەبووە بەژیانی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد لەمنداڵو ژنو پیرو گەنج

کەبەناپەواترین و ترسنۆکانەترین شێواز بێ سەروشوێن کران دوور لەهەر پەیوەستبوونێك بەبەندەکانی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ و بەهایەکی مرۆڤایەتی، بەڵکو تائێستاش ڕەنگدانەوەی ئەو ئاسەوارە بەدیارە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان بەتایبەتی ژنان و منداڵان کەهەمیشە ژنان لەپێشەوەی قوربانی و باجدانی گشت نەهامەتییەکانی ژیانن کەسەرباری تێپەڕبوونیان بەو بارودۆخە دژوارە جارێکی دیکە دەبنەوە قوربانی ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەی سەپێنراوە بەسەر ژناندا ئەگەرچی لەگەڵ دەرچوونی بڕیارێك لەحکومەتی هەرێمەوە سەبارەت بەڕێگەپێدانی ژنانی پاشماوەی ئەنفال وەك هەر مرۆڤێکی ئازاد بۆیان هەبێ سەرلەنوێ ژیانی هاوسەری پێکبهێننەوە، بەڵام گەر وردبینەوە لەواقیعی بارودۆخی زۆربەی ئەو ژنانە دوورن لەوەی بتوانن بەئاسانی هەنگاو بۆ ئەو پرۆسەیە بنێن کەبێگومان ئەمەش پابەندە بەچەندین هۆکارەوە وەك ئەوەی هەندێکیان بەهۆی دیارنەکردنی چارەنووسی ئەنفالەکانەوە، لەدەروونیاندا ئەو قەناعەتەیان لادروست نەبووەو بۆیە هەر لەچاوەڕوانیدا جگە لەپەیوەستبوونی هەندێکیان بەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەی بەشێوەیەکی جوداتر لەپیاوان تەماشای ژنان دەکەن هەر بەو هۆیەوە ژنان خۆیان بەدوور دەگرن لەقسەو قسەڵۆك جگەلەوەی زۆربەیان بەهۆی کەمدەرامەتی

باری ئابوورییانەوە سەرقاڵی دابینکردنی خەرجی رۆژانەیانن بۆ بژێوی ژیانیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیان ئەگەرچی لەلایەکی دیکەشەوە بوونی منداڵەکانیشیان زۆرجار رێگرە لەبەردەمیاندا بۆ پێکهێنانی خێزانێکی نوێ هەر بۆیە سەرگەرمی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەئەستۆگرتووەو پەنا دەبەنە بەر فرۆشتنی سەوزەو میوەو چنینی لفکەو فرۆشتنی و لایەنی کشتوکاڵی و... هتد چ لەلایەن خۆیانەوەو چ لەرێگەی کارکردنی منداڵەکانیانەوە بێت کەئەمەش بۆ خۆی جیاوازی و بارێکی دەروونی نائاسایی بۆ منداڵەکان لەخۆدەگرێتەوەو جگەلەوەی لەم لایەنەشەوە جیاوازی واقعی ژنان بەدیاردەبێت وەك لەپیاوان کەدەتوانن پیاوان بەئاسانی و سەرلەنوێ ژیانی هاوسەری پێکبهێننەوەو ژیانێکی ئاسایی بژینەوەو دوور لەهەر (فشارێك). یاخود زۆرجار ژنان بۆ بژێوی ژیانیان پەنایان بردۆتە بەر هاتووچۆکردن لەنێوان سنوورەکانی بەعسدا سەرباری گشت ئەو ئەهامەتی و سوکایەتی پێکردنانەیان، بەڵام لەپێناوی دابینکردنی بژێوی ژیانیان تەحەمولی ئەو بارودۆخەش دەکەن کەئەمانە هەمووی وای لەژنان کردووە سەرباری ئەهامەتییەکانی ژیانی رابردوویان و بەهۆی ئەو ئەرکانەی لەئەستۆیاندایەو جەخت لەخۆیان دەکەن زۆربەیان لەژێر بارێکی دەروونیی نائاساییدا ژیان دەگوزەرێنن و وایان لێهاتووە

هەست بەجیاوازی و نەقس و نیگەرانی بارودۆخی خۆیان دەکەن جگەلەوەی لەلایەن دەروبەرو خەڵکەوە بەچاوێکی بەزەییانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت دوور لەتێگەیشتنی ئەو کەسانە بەخاوەن کێشەیەکی رامیاری و نەتەوەیی، سەرباری دووچاربوونەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بە(نەخوێندەواری) بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەناچاری کردوون بەهۆیەوە وەك هەموو منداڵانی دیکە مومارەسەی مافەکانیان نەکەن ئەمانە هەمووی وای لێیانکردووە لەژێر باری دەروونی ناساییدا نەژین و هەست بەجیاوازی خۆیان بکەن، بۆیە پێویستە لەگشت لایەکەوە و ئەرکی دەسەڵات و هەموومانە هەوڵەکان بخەینەگەڕ بۆ یارمەتیدانی کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال (ماددی و مەعنەوی) بەدابینکردنی کار بۆیان و بەڕێوەبردنی کاری خزمەتگوزاری بەو خەڵکە کەمدەرامەتە بۆ باشکردنی باری گوزەرانیان و هەلومەرجی ژیانی پڕ لەناخۆشی و نارەحەتیان جگەلەوەی یادکردنەوەی ئەوجۆرە رۆژانە تەنها یادێك نەبێت و تێپەڕبوون بێت بەسەر ئازارو ناسەوارەکانی کێشەی ئەنفالەکان، بەڵکو بۆ زیاتر ناساندنی پرۆسەی ئەنفال بەدەر لەوە پێویستە کارەساتی ئەنفال بابەتێکی گرنگ بێت و بخرێتە نێو بەرنامەکانی خوێندنگەکانەوە بۆ ناشنابوونی نەوەکانی نوێ، چونکە نموونەیەکی مێژوویی و

زیندوو بووەو بەری سیاسەتی قڕکردنی دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوو لەسەر خاکی خۆی لەپاڵ ئەمانەشدا ئاواتەخوازم هەموو تاکێکی مرۆڤی کوردی ئاستێکی هۆشیاریو رۆشنبیریو نیشتمانپەروەری وای لادروست ببێت کە لەهەڵقوڵاوی ناخو وەعی خۆیەوە یەك دەنگ بن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەنجامدەرانی ئەنفالو دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانو سەبارەت بەهەموو ئەو یادە مێژووییو تراژیدیانەی گەلەکەمان کەئەنفال یەکێکە لەو وێنانەو یادەوەریو ئەو ئەرکانەی پەیوەستە بەهەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ چەسپاندنی لەهزی خەڵکیو نەوەکانی دواڕۆژ وەك خەمێکی گەورەی نەتەوەیی لەگەڵ ئاوڕێکی جددی لەژنانو منداڵانی قوربانیانی ئەنفال.

# زەماوەند لەڕێگەی تەلەفۆنەوە.. بۆ؟!

یەکگرتنی ژن وپیاو بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بناغەیەکی سروشتی و بەهێزە بۆ مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی، کە خۆی لەپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە ئەویش (خێزان)ە، جێی نیگەرانییە لەکۆمەڵی ئێمەدا زۆرجار ویستی تاکەکان لەژێر دووجۆر فشاردا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکیان راستەوخۆ لەسەر ئەوانەیە کە بەزۆر ژن دەهێنن و جۆرێکی دیکەیان ناڕاستەوخۆ ئەوجۆرە فشارەیە کە بەهۆی جۆری پەروەردەکردنەکەوە لەناخماندا خۆی چەسپاندبێت و ئیرادەی سەربەخۆیی تیا سڕیوونەتەوەو تەنانەت پێکەوەنانی خێزانیشمان پەیوەست دەبێت بەکۆمەڵێك پێوەرەوە کە لەناخماندا رەگی داکوتاوە، هەربۆیە ئەو پێوەرانەی کە کوڕان وکچانمان بەر لەپێکهێنانی خێزان، رەچاوی دەکەن خۆی لەجوانی و بەرزەوەندیی و دەوڵەمەندیی و بنەماڵەییدا خۆی دەبینێتەوە، لەهەموو ئەمانە ترسناکتر کە بۆتە ویستگەیەکی چاولێکەریی دیاردەی شوکردنە بەکوڕە هەندەرانیی کە چەندین شێوازی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە کوڕەکە لەهەندەرانەوە وەڵام بۆ ماڵی باوکی دەنێرێت بۆ

دەستنیشانکردن و ئامادەکردنی کچێکی پڕ ئەو سیفەتانەی کە خۆی دەستنیشانی دەکات ئەمە جگەلەوەی بەر لەڕۆیشتنی مەراسیمی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەو مارەبڕینیشی بۆ سازدەکرێت و لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە لەجیاتی کوڕەکە زۆرجار کورسییەکی بەتاڵ دادەنرێت یان باوکی کوڕە دادەنیشێ بەتەنیشت بوکێوە، ئەمە جگەلەوەی هێشتا کوڕوکچەکە یەکتریان نەبینیوەو بەهیچ شتێکی یەکتری ئاشنانەبوون یان جاری واهەیە بەوێنە یەکتری دەناسن، ئەگەرچی رێککەوتووە کاتێك کچەکە دەگاتە هەندەران و کوڕە پێشوازیی لێدەکات پەشیمان دەبێتەوە بەپاساوی ئەوەی کە لەوێنەکەدا بەوشێوەیە نەبووە، یان لەشێوەیەکی تردا ئەو زەواجە روودەدات ئەویش کاتێك کوڕەکە خۆی بەسەردان دێتەوەو کچان خۆیان دێن بۆ سەردانی کوڕەو ئەمیش دەگەڕێت و جوانترینیان دەستنیشان دەکات بێ لێکدانەوەی هیچ پێوەرێکی تر... لەهەموو ئەمانە سەرسامتر کە ئێستا باوترین شێوەی زەواجی لەوجۆرەیە شوکردنی کچانە بەکوڕە هەندەرانی لەڕێگەی فاکس یان تەلەفۆنەوە نموونەیەکی لەوەم بەچاوی خۆم بینی ئەوکاتەی دەمویست لەڕێگەی نووسینگەیەکی تەلەفۆنەکانەوە تەلەفۆنێك ئەنجامبدەم، هەرچەندە نەمتوانی تەلەفۆنەکە ئەنجامبدەم لەبەر قەرەباڵغیی، کاتێك

پرسیارمکرد خاوەنی نووسینگەکە پێیڕاگەیاندم بەوەی کە ڕۆژانە کچەکەو ماڵی باوکی بەیاوەری (مەلا)و دوو شاهید دێن بەتەلەفۆن کچەکەیان مارەبکەن کاکی (مەلا)ش ئەوەی لەسەرێتی بەتەلەفۆن بەئەنجامی دەگەیەنێت و عەقدێکی (زەواج)ی بەدڵی خۆیان دەخاتە دەستەوە، نکۆڵی لەوەدانییە ئەم چەند شێوازە بەهاوسەریکردنە جگەلەوەی خۆی لەشێوەی بازرگانی پێکردن و بەرژەوەندیدا دەبینێتەوە شتێکی دیکە ناگەیەنێت، ئەوکاتەش بەپێی بەرژەوەندییەکان پێوەرەکانیشی دەگۆڕێن بۆیە لەوکاتەشدا پێویستە کچان هەموو شێوازێکی مامەڵەپێکردنیان بەلاوە ئاسایی بێت بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئەم شێوە شووکردنە بۆ؟!و ئایا دەزانن بەچ ئاقارێکیاندا دەبات؟! یان ئایا ئەو شێوازە بێ پێوەرییەی کە هەڵیدەبژێرن بۆ پێکهێنانی خێزان ئەبێتە ئەو جێگە هێمنەی کە کونجی رازەکانی ژن و مێردبێت؟!...هتد

لەم ڕوانگەیەوە کچان وکوڕان پێویستە لەوە دڵنیابن زیانمەندی ڕاستەقینەو ڕاستەوخۆ کە بۆ ژیانی هاوسەرێتی خۆیانی هەڵدەبژێرن تەنها خودی خۆیان دەبێت بەدەر لەهەر کەسێکی دیکە، بۆیە زۆر گرنگە دووربن لەو شێوازانەو خۆشەویستی کە لەسەر بنەمایەکی ئاستی وشیاریی و ڕۆشنبیریی و نزیکی لەڕووی بیرو بیرکردنەوەو پێوەری پرۆسەی ژیانی هاوسەرێتییان بێت،

چونکە تا نەچنە ناو ژیانی هاوسەرییەوە ئاستی رۆشنبیریی و کەسێتی بەرامبەر تاقی ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سیفەت هەن لەمرۆڤدا شاراوەن و بەهەڵسوکەوتی بەردەوام و رووبەڕوو نەبێت دەرناکەوێت، بۆیە دەرئەنجامی ئەو پێوەرە هەڵانە دەبێتە هۆی زۆربوونی کێشەی خێزانی و بەلێک جیابوونەوەیان کۆتایی پێدێت.

تەنها ئەوە ماوە بڵێم ئەو کوڕانەی لەهەندەرانەوە بیر لەکچانی ئێرە دەکەنەوە لەخۆپەرستیانەوەیە کە دەیانەوێت کچێک بێنن تەنها موڵکی خۆیان بێت و بەس خۆیان، ئەگینا کچی کورد لەوێش زۆرە، بەڵام بەمەبەستی ئەوەی ژیانی هاوسەرێتیان پێکەوە بنێن بەگونجاوی نازانن بۆ خۆیان، بۆیە دەڵێم هەر کاتێک عەقڵ پشتگوێ خرا یان سڕایەوە لەبەردەم پێوەرە باوە چەسپاوەکانی ماددەو بەرژەوەندیی و جوانی و بنەماڵەدا ئەوکاتە سەرکەوتنی پرۆسەکە مەحاڵ دەبێت.



# پەروەردەکردنی ترس

کەمن ئەو خێزانانەی لەکۆمەڵی ئێمەدا منداڵەکانیان لەسەر بناغەی ترس پەروەردە نەکردبێ کەبێگومان ئەو جۆرە مامەڵەکردنە چەندین شێواز لەخۆدەگرێو رەنگدانەوەی لەسەر کەسێتی مرۆڤ بەدەردەکەوێت لەکاتێکدا تازەترین لێکۆڵینەوە جەخت لەوەدەکات کەسەرەکیترین غەریزە لەمرۆڤدا (ترسە). بەدەر لەغەریزەکانیترو بەسیفەتێکی هاوبەش دادەنرێت لەنێوان ئادەمیزادداو بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەهای ساڵ لەتەمەنی مرۆڤدا، بەدەرلەوەی بەپلەی جیاواز ترس لەگشت مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەڵام هەندێ کەس هەن کەملکەچی نابن. چونکە گوزەراندنی ژیان لەگەڵ ترسدا ئەوپەڕی ناخۆشی دەبەخشێ، بەڵام ئەوەی جێی باسە بوونی ترسە لەمرۆڤێکدا کەدەچێتە قاڵبی کەسێتییەکی ترسنۆکەوەو وەکو نەخۆشییەکی کوشندەی لێدێتو کاریگەری لەسەر توانا و بەهرەکانی رەنگدەداتەوەو سڵ دەکاتەوە لەهەنگاوەکانی، دەرئەنجامی بەدووردەبێت لەهەمووو داهێنانو

سەرکەوتنێك لەژیاندا کەزۆر جار ژنان بەپلەی یەکەم دەکەونە بەر شالاوی ئەو باسەو تاوانبار دەکرێن بەکەسێتییەکی ترسنۆك بەوەی بوێرنەبن لەدەربڕینی راو بیروبۆچوونیان و دەبێتە جێی پرسیار لەهۆزی زۆربەی کەسەکاندا؟! بۆیە پێویستە لێرەوە بوترێت کەپەروەردەکردن هەر لەیەکەم پێکهاتەی کۆمەلایەتییەوە کەخێزانە، رۆڵی سەرەکی و گرنگ دەگێڕێ بۆ درێژەپێدانی ئەو سیفەتە لەهەر مرۆڤێکدا بێت، بۆ نموونە منداڵ بەگشتی لەسەرەتای پەروەردەکردنیدا گوێبیستی چەندین وشەو دەستەواژەی ترسێنەر دەبن لەنێوەندی خێزانەکاندا وەك ئەوەی دەوترێت (شەولەبان هات.. شێتەکە یان دێوەکە دێت... هتد) کەهەندێك جار بەهۆی زاڵبوونی ئەو ترسەو تێنەگەیشتنی منداڵەکە بۆ ئەو واقیعە بۆتە هۆی شێتبوونی منداڵەکە، بۆیە زۆرن لەنموونەی ئەو ترسانەی کەبەداخەوە نەك تەنها لەنێوەندی خێزانەکاندا پەیڕەوەدەکرێت، بەڵکو لەزۆربەی دایەنگاو باخچەی ساوایان و خوێندنگەکاندا بۆتە شتێکی ئاسایی. ئەوکاتەی بیانەوێت منداڵەکان بێدەنگ بکەن، بۆ نموونە کارەساتی ئاوایی (خێڵی حەمە) کە لەلایەن (جند الشیگان)ەوە ئەنجامدرا، لەیەکێك لەباخچەی ساوایانی منداڵاندا لەگەڵ جوڵاندنەوەو یاریکردنی منداڵاندا دەیانترساندن بە(جند الشیگان) کەئەگەر عەقڵ و گوێڕایەڵی نەبن واتان لێ بەسەردێنن و هەر ئەو شێوازی

پەروەردەکردنە بووە هۆی چاندنی ترس و پرسیاری زۆر لەمێزی منداڵاندا دروستکرد، تەنانەت بووە هۆی وازهێنانی هەندێکیان، ئەمەو چەندین نموونەی زیندوویتر کەڕەنگدانەوەی لەگشت قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا بەدەردەکەوێت، ژنانیش وەك توێژێکی زۆرو زیندووی ئەم کۆمەڵە بەدەرنەبوون لەو شێوازی پەروەردەکردنە بەڵکو مەبەست و سانسۆری زیاتر لەسەریان بەدەرکەوتووە. هەر بۆیە زۆربەی ژنان ئەگەرچی داهێنەرو بەهرەمەندیش بن لەناخ و دەروونیاندا سڵ کردنەوە لەهەنگاوەکانیاندا بەدەردەکەوێت و تۆوی بێ باوەڕی بەخودی خۆیان زاڵترە بەهۆی ئەو پەروەردەکردنەوەو هەمیشە دڵەڕاوکێ و شەرمو لەهەنگاوەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە بۆ دەرخستنی تواناکانیان لەدەربڕینی ڕاوبۆچوونیان یاخود گفتوگۆکردن و هەنگاونان بەرەو گۆڕان و داهێنان، بۆیە جگە لەو پەروەردەکردنە هەڵەیەی کەهەر لەمنداڵییەوە جیاوازی دەکرێت لەنێوان کچان و کوڕاندا، بەدەر لەوەی کچان فێری چەندین وشەی عەیبە، مەکەو نابێت و بێ دەنگی و قسەنەکردن و پرسیارنەکردن و دوورکەوتنەوە لەگفتوگۆو گوزارشتکردن لەهەست و ناخ و دیدو بۆچوونیان و بەگژاچوونەوەو هەست بریندارکردن و تەنانەت گەیشتن بەڕادەی دەستبەرزکردنەوە لەئاستی ژناندا، ئەمانەبوون بەشێوازی پەروەردەکردنی ژنان کەوایان لێ بکات تانەڕپەڕی کامڵبوونیان

پشت بەبراو باوکەو هاوسەرو پیاوان بەگشتی ببەستن، بۆ بڕیاردان لەئاستی مەسەلەکاندا گەر تەنانەت پەیوەندی راستەوخۆشی بەخودی خۆیانەوە هەبێت کەبێگومان هەر مرۆڤێکی دیکە بێت سنووردارێی قسەکردن و جووڵانەوەو توانا و ئارەزووەکانی بکرێت گەر خراپتر نەبن لەژنان باشترنابن، بۆیە سەرەڕای ئەوانەش وادەکات کەخۆیان جارێکی دیکە ببنەوە هۆی سەرکوتکردنی بەهرەو تواناکانیان، بێگومان پەیڕەوکردنی ئەو سیستمی پەروەردەکردنەش درێژەپێدەری دەسەڵاتی پیاوسالاری دەگەیەنێت لەخێزانەکاندا. بۆیە لەمندالییەوەیە کەتۆوی ترس و سڵ کردنەوەو بێ باوەڕی لەهزری رەگەزی مێیینەدا دەچەسپێت، هەر ئەو کەسانەشن دەبنەوە زمانحاڵ و رەخنەگر لەژنان لەدواییدا، واتە پەروەردەکردنمان لەسەر بناغەی ترس و دەرخستنی هێزو بازوو بووە پێش بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی عەقڵ و زمان، بۆیە دەرئەنجام ئەو ترسەیە کەدەگۆڕێت بۆ (عنف) لەبەر ئەوە ئەرکی هەمووانە لەتاکێکی کۆمەڵەوە تاگەورەترین دەزگای بەرپرس کەبەجۆری سیستمی پەروەردەکردندا بچینەوەو بەشێوازێکی نوێ و بەرنامەیەکی پەروەردەیی راست و دروست هەنگاو بەرەو گۆڕانکاری بنێن.

# بۆچی کەمترلەژنان
# پیاوان دەگرین

لەکۆمەڵی پیاوسالاریدا بەپێی باڵادەستی پیاوان و سەپاندنی راوبۆچوونەکانیان لەبەڕێوەبردنی بەرنامەی خێزاندا وای لەمرزی تاکەکانی کۆمەڵدا چەسپاندووە کە هەمیشە سیفەتە بەهێزو ئیجابییەکان بخرێنە پاڵ پیاوان و پێچەوانەکەشی تایبەت بکرێت بەژنان، هەربۆیە ئەمڕۆ لەنێوەندی زۆربەی خێزانەکاندا چەندین ململانێ و گرفتی دەروونی دووچاری ئەو ژنانە دەبێتەوە کە دەیانەوێت بەرەنگاری و پێچەوانەی ئەو بیروڕایانە لەخێزاندا بسەلمێنن. یەکێك لەو دیاردانەی کە ڕۆژانە هەر لەمنداڵییەوە گوێبیستی بووین (گریانە)، کەسیفەتێکەو دراوەتە پاڵ ژنان و نەشیاوە بۆ پیاوان کە بەمەش جارێکی دیکە جوداکردنەوەیەکی پەروەردەیی بەخۆوە دەبینێ، لێرەوە لەمرزو عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا هەر لەمنداڵییەوە دووچاری ململانێی چەندین پرسیار دەبنەوە کە ئازار بەدەرونیان دەگەیەنێ بەوەی ئایا گریان تەنها سیفەتێکی ژنانە یاخود عەیبەیەو نابێت بۆ پیاوان بگرین؟ بێگومان هەموو لەمنداڵییەوە گوێبیستی چەندین وشەو دەستەواژەی لەوجۆرە بووینەتەوە کەدەوترێت (عەیبە مەگری تۆ

کوڕی، تۆ چۆن پیاوێکی دەگری، خۆتۆ ژن نیت دەگریت... هتد) بەمەش ئەو شێوازە پەروەردەکردنە وای لەپیاوان کردووە دەروونێیان گوزارشت لەناخی خۆیان بەگریان دەربڕن و فشاربخەنە سەر باری دەروونیان یاخود زۆرجار بەدزییەوە بگرین، تەنانەت گەر بەدزی هاوسەرەکانیشانەوە بێت واتە جۆرێك لەجۆرەکانی هەوڵی شاردنەوەی فرمێسکیان دەدەن، بەمەش رەنگدانەوەی ئەوکردارە زۆر قورستر دەبێت، چونکە گەر گریانی ژنان گوزارشت بێت لەکەمکردنەوەو سووککردنی باری دەرونیان ئەوا گریانی پیاوان پێچەوانەی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە، ئەمە جگەلەوەی بەپێی زانستی دەروونی کۆمەڵێك هۆکار هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پیاوان و وایان لێدەکات کە بگرین، یەکێك لەو هۆکارانەش (فتری)ییە کەئەمەش (بۆماوەیی)یە، هەر بۆیە پیاوان لەم روەوە دووجۆرن: جۆری یەکەمیان زۆرهەستیارن و کاریگەردەبن بەهەڵوێستی هەڵچوونی جیاواز وەك (تووڕەیی، خۆشی، ئازار، یاخود لەکاتی ترسدا). جۆری دووەمیان بەتەواوی پێچەوانەن زۆر بەدەگمەن فرمێسك دەڕێژن، دیارە پەروەردەکردنی خێزانیش یەکێکە لەهۆکارە کاریگەرەکان، چونکە ئەوکاتەی منداڵ لەنێوەندی خێزانێکی پڕ لەسۆزو خۆشەویستی و هێمندا ژیان دەگوزەرێنێت زیاتر کاریگەرتر دەبن بەهەڵوێستی هەڵچوو لەو منداڵانەی لەخێزانێکدان کەپڕە لەمعانات و بێبەشی و نائارامیی، هەربۆیە زیاتریش دووچاری فرمێسك و گریان دەبنەوە. لێرەوە دەبینرێ کە پەیوەندی ..رەکی هەیە لەنێوان ژینگەو خێرایی

کارلێکردن و گریان وەدەردەکەوێت، کەئەو هەڵوێستانەی مرۆڤ لەژیانیدا دووچاری دەبێتەوە، هەرچەند پەیوەستن بەخۆشەویستی و سۆزو سوزدارییەکی زۆر قوڵەوە کاردانەوەی گریان زیاتر دەبێت، بەپێچەوانەی ئەو مرۆڤانەی بەهەڵوێست و ئەزموونی ڕەق و توندا تێپەڕدەبن دوور لەڕۆمانسیەت و خۆشەویستی کەکاردانەوە لەوکاتەدا بۆ گریان کەمتردەبێت یاخود هەرنابێت.

ئەمە جگەلەوەی لەڕووی پێکهاتەی چاویشەوە دەرکەوتووە کەهیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان پێکهاتەی چاوی ژنان و پیاواندا بۆئەوەی بکرێت بەهۆیەک و بخرێتە پاڵ ژنان بەوەی زیاتر کاریگەرتردەبن و دەگرین، بەڵکو تەنها پەیوەندی بەڕادەی کاریگەرێتی هۆرمۆنەوە هەیە، واتە فسیۆلۆجی و دەروونییە و بوونی ئەوەی کەزیاتر ژنان سۆزدارترو زیاتر لەپیاوان دەهەژێن لەو کاتەدا دەردانی هۆرمۆنی (ئەدرینالین) زیاددەکات کە لەلایەن غودەیەکەوە دەردەدرێت کە بەهۆرمۆنی فریاکەوتن ناسراوە، جگەلەوەی ڕێژەی دەردانی روو لەزیادبوون دەکات لەکاتی (ترس، تووڕەیی، خۆشی و ناخۆشی، هەڵچووندا) لێرەشەوە کاریگەرێتی دەخاتەسەر دەردانی غودەی فرمێسک و گریان دروست دەبێت، جگەلەوەی جیاوازی کەسایەتی تاکەکان هۆکارێکی کاریگەری ترە بۆ ڕشتنی فرمێسک، لەمەوە بۆماندەردەکەوێت کەفرمێسک و گریان

پەیوەندییان بەبەهێزی یاخود لاوازی پیاوەوە نییەو لەهەمانکاتدا سیفەتێکی تایبەت بەژنانیش نییە بەڵکو حاڵەتێکی تایبەتەو ژینگەو چۆنیەتی پەروەردەکردن‌و رادەی سۆزدارێتی رۆڵی خۆیان دەگێڕن تیایدا بۆئەوەی گریان رێگەیەك بێت بۆ بەتاڵکردنەوەو سووککردنی باری دەروونی مرۆڤ.

# ژن لەدوو دیمەندا

## ناخی ژنێکی عاشق

(ك.ح) نموونەی یەکێك بوو لەو ژنە عاشقانەی هەمیشە دەیوت ئەگەر شووبکەم دەبێ لەسەر بناغەی خۆشەویستییەکی قووڵی هەروەك دەڵێن (شێتانە) بێت، کەهیچ بەربەستێك نەتوانێت رێگری بکات، بەڵام بەهۆی ئەزموونی سەرنەکەوتووی کەسانی دەورووبەریەوە، هەمیشە لەدڵەراوکێ و دوودڵیدابوو بەوەی (ژیانی هاوسەرێتی) بۆخۆی پێکبهێنێ، تا ئەورادەیەی باوەڕی بەوە هێنابوو کەهیچ پیاوێك نەبێت شایستەی بەخشینی ئەو کانگا سۆزو خۆشەویستییەی بێت یاخود گەر هەشبێت، نەتوانێت بەردەوامی بەو شێوازی خۆشەویستییەی بدات تا دواساتی چرکەکانی ژیانی.. رۆژگار هات و رۆیشت پاش تێپەڕبوونی (٢) ساڵ بەسەر تەواوکردنی (خوێندن) (ك.ح) دووچاری ئەو عەشقە چاوەڕوانکراوە بوو کەپاش (٢) ساڵ خەبات ئینجا توانی بڕواو

خۆشەویستی خۆی پێببەخشن پاش کۆڵنەدانو زاڵبوون بەسەر گشت گرفتەکانی هەر کچو کوڕێکی عاشق کەدەیانەوێت بەتواناو بازووی خۆیان بناغـەی ژیـانێکی سـادە دابمـەزرێنن، مەراسیمی بەهاوسـەر بوونیـان بـەڕێوەچوو، جگەلـەوەی تەنـها هەڵپـەی خۆشەویستیو پـەیمانی بـەردەوامیو درێژەپێدانـی لـەپێناوی خۆشەویستیدابوو بەهێنای مەراسیمەکەیان، ئەگـەرچی پێشتر لەسـەر کاغـەزو بـەخوێنی دەسـتیان بۆیـەکتریان مـۆر کـرد بـۆ هەتاهەتاییو تائێستا ئەو پەیمانە بۆتە یادگارییەکی زۆر جوانی ژیانیانو ئەوەی جێی باسە ئەو هەنگاوەی (ك.ح) بەرپەرچدانەوەی زۆر لەو دابو نەریتانە بـوو کـەخۆی سـەپاندبوو بەسـەر زۆربـەی ئارەزووەکانی دوو عاشقدا، چونکە زۆربەیان لەشتێکی زۆر گرنگ حاڵی نەدەبوون کەمرۆڤ بریتییە لەبیروباوەڕ کەڕێگەی پێنـادات ببێت بەبەندی هەرپیارێك، ئەوکاتەی مەترێك زنجیری زێڕی بەملدا دەکـاتو یـاخود کەلەپچـەی دەکـات بەدەسـتەیەك لـەبازن یـاخود هەردوو گوێی بەگوارە دەڕازێنێتەوە هەروەك بووکە شووشە.. هتد. بۆیە باوەڕی وابوو تەنها ئەڵقەیەکی بەوەفاییو خۆشەویستییەکی بێ وێنە بەسبێت بۆی بەو پێیپـە رۆژ لـەدوایڕۆژ خۆشەویسـتی نێوانیان بوو بەهێنای باسکردنی زۆربەی خێزانەکانو وێردی سەر زمانی زۆر لەدەوروبەر تا ئەمڕۆ کە (١٠) ساڵ تێپەڕبووە بەسـەر

ئەو خۆشەویستییەیاندا، هەربۆیە منیش لەکۆتاییدا دەڵێم کەهەمیشە خۆشەویستی راستەقینەو بەبناغە وەك ماددەیەکی سڕکەر وایە لەئاست کەمبوونەوەی کێشەکانی ژیاندا، کەتەنها خۆیان دەتوانن رێگربن لەتەشەنەکردنی گرفتەکان. بۆیە (ك.ح) لەکۆتاییدا دەڵێ عاشقم.. عاشقی هەمو شتێکی باش‌و جوانم، عاشقی خاکی کوردستانم، عاشقی خۆشەویستیم، عاشقی هەموو کارکردنێکم لەبواری ژناندا تانەوپەڕی فیداکاری‌و توانای خەباتم، کەبێگومان هەموو ئەو عاشقانە پێویستی زۆر بەخەبات‌و لێبوردەیی‌و خۆشەویستی‌و کۆڵنەدان‌و.. هتد دەبێت.

## ئەمەی ژنێک

زۆرن ئەو ژنانەی لەکۆمەڵی پیاوسالارییدا دووچاری زوڵم‌و ستەم‌و توندوتیژی‌و چەوسانەوە دەبنەوە، جا ئەگەر ئەو پیاوە باوك بێت یاخود برا، خاڵ، مام، یاخود مێردبێت هەندێکیان گەیشتونەتە ئاستێکی تێگەیشتنی وا کەچیتر قبوڵی ئەو زۆردەستەیی‌و پێشێلکردنی مافانەیان نەکەن‌و بەشێوەیەك لەشێوەکان هەوڵی دەربازبوونیان بدەن. دیارە ئەمەش بەدەر لەعەقڵیەتی خۆیان پەیوەستە بەهەلومەرج‌و بارودۆخی لەباری هەریەك لەو ژنانە چ لەڕووی سەربەخۆبوونی ئابووریيان بێت یاخود بەهەند وەرگرتنی ئەو رازینەبوونەیان بێت یاخود بوونی

لانەیەکی ئارامی‌تر کەلەئامێزیان بگرێت یاخود فەرامۆشکردنی ئەو ناحەقیانەی کەگوێبیستی دەبێت، ئەمەو هەندێکیتر لەو ژنانە بەهۆی زەعیفی توانایانەوە ملکەچی ئەو راستییە دەبن یاخود ئەو راستییە ئەیسەپێنێ بەسەریاندا کەقبوڵی چەندین مامەڵەکردنی نەشیاو بکەن بۆ خۆیان.

(س.د) یەکێکە لەنموونەی سەدان ئەو ژنانەی کەهەمیشە بەهۆی توندوتیژی پیاوەکەیەوە ژیانی دوورەپەرێزی لەخەڵک هەڵدەبژێرێ بۆ خۆی‌و زۆر بەدەگمەن دەبینرێ لەنێو دراوسێکانیدا، ئەمە جگەلەوەی هەموو پەیوەندییەکی بەدەوروبەرەوە تەنها خۆی لەبەیانی باشدا دەبینێتەوە، ئەم هەڵوێستەی (س.د) بووبووە جێی باس‌و سەرسوڕمانی زۆر لەدراوسێکانی. من بۆخۆم زۆرجار پاساوم بۆ دەهێنایەوەو دەمگوت دیارە سەرقاڵی بەکارەکانی خۆیەوە بەچاکتر دەزانێت لەزۆر وتن‌و کات بەسەربردن لەگەڵ زۆربەی ئەو دەوروبەرەی کەتەنها فزوڵی بوون. سەبارەت بەچۆنێتی بەسەربردنی ژیانی ئەو ژنە، من بۆخۆم ئەگەرچی ماوەیەکی کەمبوو بووبوومە دراوسێی، بەڵام ئەو یەك دوو جارەی تیایدا بینیبووم وەك ژنێك زوو هەستم بەخەمەکانی ناوچاوی‌و هەستە رووخاوو رەشبینەکەی کرد بۆ ژیان کەکەم جار بووە ئەو هەستەم بەهەڵەمدا ببات، دواجار رۆژێك

بەرێکەوت بینیم کەچاویلکەیەکی رەشی لەچاودابوو بێنەوەی هەتاو بێت، (س.د) هەروەك جاران خۆی بەدوور دەگرت، ئەگەرچی هەستیشم پێدەکرد کەپێویستی بەحەوانەوەیەکی دەروونی هەیەو ئارەزووی گوێبیستی کەسێکە کەلێی تێبگات، پاش نزیکبوونەوەم لێی هەستم کرد بەعەینەکەکەی هەوڵی شاردنەوەی شینبوونەوەی چاوی داوەو لەقسەکانیدا وتی ئەبێ کێ بێت جگە لەمێردەکەم منی بەم ئاقارەدا بردێت؟ ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو بێدەنگی و غەم دایگرتەوە، منیش لەدوا باسمدا دەڵێم ئاخ لەدەست توندوتیژی کەزۆربەی ژنانی ئەمڕۆ دووچاری دەبنەوە لەلایەن پیاوانەوە، هەروەك چۆن جێی سەرنج و سەرسوڕمانم بوو ئەوکاتەی هەواڵی ئەوەم خوێندەوە کەلەنێوان هەر دەکەسی رۆژئاوایی ژنێك دووچاری یەکێك لە جۆرەکانی توندوتیژی دەبێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن پیاوەکانیانەوە کەرا هەست دەکەن کۆمەڵ ئەو مافەی پێبەخشیوون و بێ هیچ لێپرسینەوەیەك. هەربۆیە (س.د) نموونەی یەکێك لەو ژنانەبوو کە بەناچاری و دوورەپەرێزی لەخەڵکەوە هەڵبژارد بۆ ژیانی خۆی و هەوڵی داپۆشینی هەر توندوتیژییەك بەسەریدا (عەینەکێك یان مەکیاجێك) بەباشتر بزانێ لەبیلانەیی.

# باشترە نووسینەکان بچنە بواری پراکتیکییەوە

دیارە بوونی فرەحزبی و ڕێکخراوەیی (جەماوەری و پیشەیی) لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە، کۆمەڵگەی کوردیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە لەپاش ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ ڕاستی ئەو واقیعەی سەلماندووەو زەمینەی دیموکراسی ڕەخساندووە بۆ کارکردنی هەریەك لەو حزب و ڕێکخراوانە بەدەر لەجیاوازی ستراتیژو هرزو بەرنامەی هەریەکەیان، ئەم زەمینە وایکردووە بەدەر لەوانیش چەندین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر گۆرەپانی کوردستاندا بوونی هەبێت و هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین تیزی فەلسەفی و مەعریفی جیاواز کە وەك پاڵنەرێك وابن بۆ ئاشنابوون و تێڕوانینی تاکەکان بەرەو ڕاستییەکان کە بەگشتی یەکێك لەو باسانەی بۆتە بابەتی ئەمڕۆی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کێشەی ژنانە کە بێگومان خودی ئەو قەڵەم و نووسینانە سەلمێنەری بوونی کێشەو بێمافیی

ژنان دەردەخات لەکۆمەڵی کوردیداو ئەوەی جێی واقیع و سەرسوڕمانیشە بوونی بەشداربووانی زۆرینەی قەڵەمی پیاوانە، بەبەراوورد بەقەڵەمی ژنان، جگەلەوەی گەر لەباسەکانیان وردبینەوە خۆی لەدروشمی زل و بریقەداردا دەبینێتەوە، لەم تێڕوانینەوە پرسیارێك لەهزری تاکەکاندا دروست دەبێ بەوەی ئایا دەبێ زیاتر پیاوان خەمخۆری گۆڕینی ئەو یاساو داب و نەریتە بن کەوایکردووە هەمیشە وەك پلە دووی مرۆیی تەماشەی کەسێتی ژن بکات سەرەڕای گشت ئەو جیاوازیانەی کە هەمیشە ژنی لەپیاوان جودا کردۆتەوە؟ یاخود ئەوان زیاتر لەخودی ژنان خۆیان درك بەمافەکانیان و گشت ئەو پێشێلکاریانە دەکەن کە دەرهەقە بەژنان دەکرێ؟ راستی ئەم باسە تەنها لەیەك کاتدا ئەبێتە جێی ئومێدو دڵخۆشکەر، ئەوەش بەیەکرگرتنەوەی دەربڕین و نووسین و کردار لەکەسێتی هەریەك لەو نووسەرانە کە هەریەکەیان تەواوکەری یەکترین لەمرۆڤدا ئەوکاتەی ئیمان و باوەڕی بەگۆڕین و چارەسەری کێشەیەك لەکێشەکان هەبێت کە خۆی لەخۆیدا کێشەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات و بەداخەوە دەڵێم گەر کەمێك رۆچینە نێو ژیانی رۆژانەیانەوە زۆربەیان کرداریان سەبارەت ژنان لەگەڵ گوتارو نووسینەکانیاندا پێچەوانەی یەکترن و یەکانگیرنابێتەوەو تەنانەت لەکاتی پێویستدا هەمان هەڵوێستی

ئەو پیاوانەیان دەبێت کە بەخاوەن عەقڵی پیاوسالاریو باڵادەستی مامەڵە لەگەڵ ژناندا دەکەن، بەو پاساوەی هەموو لەکۆمەڵگەیەکی رۆژهەلاتی پەروەردەبووین کە خاوەن دابو نەریتێکی تایبەت بەخۆیەتیو نابێ بەو پێیە مامەڵە لەگەڵ هەنگاوەکاندا بکرێت، بەبۆچوونی من هەریەك لەوانە پاساوو ئامانجێك دەبێتە پاڵنەرێك بۆ ئەو دوورفاقییە کە خۆی لەوەدا ببینێتەوە پێیان بوترێت فلانەکەس نووسەرێکی پێشکەوتووخوازەو خاوەن کەسێتییەکی یەکسانخوازو مۆدێرنە یاخود نووسین دەکەنە وەسیلەیەك بۆ دەرخستنی ناوو کەسێتی خۆیان یاخود پاڵنەرێکی ماددی لەپشتیەوەیەتی کە بۆخۆی هەریەك لەو ئامانجانە چەواشەییو بێباوەڕی لەتاکەکاندا دروست دەکاتو وا دەکات مەسەلەی ژنانیش بەرەو دواوە بەرێت، چونکە ئەو کەسانەی خاوەن قەڵەمن لەپیاوان تەنانەت لەژنانیش گەر لەو دوورفاقییە بێنە دەرەوەو راستگۆبنو بەکردەوەش لەگەڵ نووسینەکانیاندا پێکەوە پرۆسەی ژیان بەرەو گۆڕانکارییو ئاراستەیەکی گونجاو بەرن زۆر لەمەسەلەو کێشەکانی ژنان رێچکەیەکی جوداتر بەخۆوە دەبینێ، بۆیە پێم وایە تەنها ئەو نووسەرانەی ئەمڕۆ هەن بەژنانو پیاوانەوە گەر یەکگرتوو و یەکانگیربن لەدەربڕینو کردارییاندا دەتوانن دەستپێشخەربن لەزۆربەی چارەسەری کێشەکانو گۆڕانکارییەکی

گونجاو ئیجابی، بۆیە زۆر پێویستەو دەبێت ئەو کاتەی نووسەر هەر بابەتێك بڵاودەکاتەوە دەربڕینی بابەتەکەی لەگەڵ کرداری ئەو کەسێتییەدا یەکبگرێتەوەو لێرەوە دەڵێم بانووسەرەکان بچنە بواری پراکتیکییەوە.

# کچان تا چەند بڕیاردەرن

# لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیدا؟

بێگومان پێکهێنانی خێزان مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە بۆ هەریەك لەو کوڕو کچانەی لەئامادەباشیدان بۆ چوونە ژیانی هاوسەرێتییەوە، سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەش بەشێوەیەکی گشتی بەندە بەبناغەو ئەو بنەمایانەوەی کە لەمەڕی تاکەکاندان و هەریەك لەکوڕان و کچان پێوەی گرێ بەست دەبن. یەکێك لەو جیاکارییانەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەرهەق بەزۆربەی کچان دەکرێت بەهەندوەرنەگرتنی راوبۆچوونیانە لەزۆربەی خێزانەکاندا لەمەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەردا، جگەلەوە بەهۆی سەپاندن و زاڵبوونی دەسەڵاتی نێر بەسەر دەسەڵاتی مێدا هەمیشە وایکردووە کەکچان لەپێکهێنانی هاوسەرێتیدا زۆرترین زوڵمیان دەرحەق بکرێت، چونکە ئەگەر چی بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگەکەمان کچان بۆ خۆیان سەربەست نین لەدەستنیشانکردنی

هاوسەردا، زۆرجار وابووە بەهۆی دەستتێوەردانی خزمان و کەسانی دەرەوەبەرەوە کچان بوونەتە قوربانی حەزو ئارەزووەکانی ئەو کەسانەو لەکاتی بەهاوسەربوونیاندا چەندین بەرپرس و کوێخای بۆ دروستدەبێت کە هەریەکە بەبۆچوون و ئارەزوو تێڕوانینی خۆی داواکاری و مەرج بۆ کچ و کوڕەکە دادەنێت، دەتوانم لێرەوە بڵێم زۆربەی کچان لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا لەبڕیاری بەهاوسەربووندا راوبۆچوونیان دەخرێتە پەراوێزەوە باوک و دایك بەدەر لەدەوروبەر لەبرا، خاڵ و مام.. هتد. پێیان وایە بەرپرسیارن لەدواڕۆژی کچەکانیان و ئەوان زیاتر داکۆکی لەبەرژەوەندی کچەکانیان دەکەن، بۆیە یەکێك لەکێشەکانی کچان لەو ساتەوە دەستپێدەکات کەمافی بڕیاردانی دیاریکردنی لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەریتی و هەڵبژاردنی هاوسەردا لێدەسەندرێت و وای تێدەگەیەنرێت بەپێی ئەوەی ئەوان خاوەن ئەزموونێکی زیاترن لەخۆی بەرژەوەندی کچەکەیان زیاتر لێکدەدەنەوە، بۆیە جێی خۆیەتی چەندین پرسیار لەهزری تاکەکاندا دروست ببێ بەوەی ئایا بەخۆ سەپاندنی رای هەریەك لەو کەسانە بەختەوەری بەکچەکانیان دەبەخشن؟ یان بەپێچەوانەوە دەبێت یاخود کچان بۆچی خۆیان دەدەنە دەست قەدەرو بەرشێوازە تەقلیدییە رێڕەوی ژیانی دواڕۆژیان دەگرنەبەرو بۆچی دەبێت سەرەتایی ترین مافی خۆیان بسپێرن بەکەسانی تر کە

بڕیاردەدەن بۆی؟ لەدرێژەی ئەو ململانێ و مامەڵەکردنە ئاڵۆزانەدا کچان ناچاردەبن کە دووجۆر شێواز بگرنەبەر، یان چارەنووسی خۆیان بەقەدەرەوە بسپێرن و دەبنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی دەورووبەرو ملکەچی بڕیارەکانیان دەبن، واتەناچار دەبن ژیانێکی پڕ لەئێش و ئازار بەناچاری بەسەربەرن، کە لەدەرئەنجامدا چەندین رووداوو کارەساتی سلبی لێدەوەشێتەوە، وەك خۆکوشتن، خۆسوتاندن، سەرهەڵگرتن، تەڵاقدان و لێکجیابوونەوە، یاخود لەبەرئەوەی کچەکە ملکەچی بڕیارو فەرمانی خزم و کەسوکار نەبووە، بەیەکێك لەناقارەکانی کوشتن یاخود دەربەدەری یاخود حاشا لێکردن، لەلایەن کەسوکارەوە دەچێت، لێرەوە دەڵێم بەهاوسەربوونی دوو مرۆڤ مەسەلەیەکی زۆر تایبەتەو دیاریکردنی دواڕۆژی مرۆڤەو پێویستە خۆی یەکەم داکۆکیکەر بێت لەبڕیارداندا بەدەر لەهەرچی رێگری و بەربەستێك ئەرکی سەرشانی هەردوولایە بەوشیاری و بنەمایەکی فکری و رۆشنبیرییەوە چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن و بتوانن پێکەوە بەرەنگاری ئەو دەستتێوەردانانە ببنەوە، کە زۆربەیان تەنها لەکاتی بەهاوسەربووندا خۆیان بەبەرپرسی کچەکە دادەنێن، راستە ژیانی هاوسەرێتی بێگرفت و ناخۆشی نابێت بەڵام مەرجی سەرەکی هەموو پەیوەندییەکی سەرکەوتوو بریتییە لەو بناغە پتەوە خۆشەویستییەی ئەو دوانەی پێکەوە گرێبەست دابێت، هەموو

کات وەك بەربەستێك وابێت بۆ نەهێشتنی تەشەنەنەکردن و ئاڵۆزبوونی گرفتەکان بەرەوئەنجامێکی سلبی و بەوەی ڕێزگرتن لەخواست و بنەما خودییەکانی بەرامبەرو ئازادی مرۆڤەکان و ئیرادەی یەکتری و قبوڵکردنی یەکترو..هتد. هەموو ئەوانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەژیانی ئەو دوو هاوسەرەداو دەبنە ئاسوودەیی و بەختەوەری هەر خێزانێك کە لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابێت.

# ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکترن

مەسەلەی ژنان و ئەو جیاکاری و چەوساندنەوانەی کەبەدرێژایی سەردەم و قۆناغەکانی مێژوو رووبەڕوویان بۆتەوە بەشێوەیەک لەشێوەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی ناوزەند دەکرێت کەزۆر بەدوورو جیاواز نییە لەو زنجیرە چەوساندنەوانەی دیکە وەک مەسەلەی داگیرکردنی کوردستان و پارچە پارچە بوونی یاخود مەسەلەی برۆلیتاریا لەسەرەتای زەمەنی سەرمایەداریدا...هتد.

بێگومانیش لەهەر کوێیەک ستەم و چەوساندنەوە هەبێت بەرەنگاربوونەوەو شۆڕشیش دەبێت لەئاست داواکاری و سەندنەوەی ماف و یەکسانیدا، لەم بۆچوونەوە پێداویستی رێکخراوبوونی دەبێت و یەکگرتنی تواناکان و تاکەکان لەدەوری رێکخراودا دەبێتە کارێکی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی دەنگ و بەگەڕخستنی توانا و چالاکییەکان بۆ هێنانەدی و ئازادی و یەکسانیی لەئەرک و مافدا کەدیارە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بۆتە سەلمێنەری ئەم راستییەو ژنان توانیریانە کەم تا زۆرێک هەندێک لەو دەستکەوت و ئامانجانەیان بێننەدی و بەردەوامیش بن لەئاست داخوازیەکانیاندا ئەگەرچی سەربەخۆبوونی مەسەلەی

ژنانیش بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بەبارودۆخ و سەربەخۆیەتی یەکجارەیەکی کوردستانەوە.

بەپلەی یەکەم گرفتەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەبوونی ژن وەك مرۆڤ و بەو شێوەیە لەمێزوو عەقلیەتی تاکەکانی کۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا چەسپیوە بەشێوەیەکی گشتی چونکە تێڕوانینی یەکسانیی بۆ ژنان مەلۆینستێکەو هەڵقوڵاوی ویژدان و بیروباوەرە پێش دام و دەزگاو یاسا کەمافیی خوێندن و پاڵاوتن و دەنگدانی دەداتێ چونکە وەدەست هێنانی هەموو ئەو مافانە دەتوانرێت بێتەدی بێ ئەوەی هیچ هەستێکی راستەقینەی بنیاد نابێت لەڕووی باوەڕی بەیەکسانیی بوونەوە بۆیە باوەڕبوون بەمرۆڤایەتی بوونی ژنان پێویستە چ لەتێڕوانینی پیاوانەوە بێت یاخود لەخودی ژنان خۆیانەوە بێت کەهەڵقوڵاوی هەست و ناخ و باوەڕی کەسەکان خۆیان بێت لەڕووی دەروونییەوە کەئەمەش بۆ خۆی لەنێوەندی پەروەرکردنێکی یەکسانیی نێو خێزانەکانەوە دەتوانرێت ئەو هەست و باوەڕە لەکەسایەتیەکاندا بنیاد بنرێت بەشێوەیەك کەهیچ جۆرە جیاکارییەك لەنێوان رەگەزی نێرو مێدا نەبێت و بەپلە دووی مرۆڤایەتی مامەڵە لەگەڵ کچاندا نەکرێت هەر لەسەرەتای چاوهەڵهاتنیان بەژیان کەبەداخەوە تائێستا لەزۆربەی عەقلیەتی تاکەکانی خێزانی کۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا رەگی داکوتاوەو بەو شێوازە هەڵەیە مامەڵەو پەروەردە دەکرێن کەلەدەرئەنجامدا چەندین کەسایەتی ناجێگیرو لادەریان لێدەردەچێت دووچاری

چەندین کارەساتی دڵتەزێن دەبن لەخۆکوشتن و سووتان و خنکان...هتد.

بەو شێوەیە رەنگدانەوەی ئەو شێوازی پەروەردەکردنە جیاوازە یارمەتیدەردەبێت بۆ زیندەبەچاڵکردنی هەموو ئارەزووەکانی کچان و رەنگدانەوەی سلبی لەدەرونیاندا بەجێ دەهێڵێت بەدرێژایی قۆناغەکانی ژیانیان جگە لەوەی رەنگدانەوەیەکی دیکەی ئەو جۆرە عەقڵیەت و پەروەردەکردنە یارمەتیدەرە بۆ کوڕان کەهەستی (ئەنانیەت) و خۆبەزلزانین لەناخیاندا زیاتر بکات و وایان لێبکات نەك تەنها لەسەر بناغەی ئەو جیاکارییە هەڵسوکەوت بکات بەڵکو خۆی بەسەرکەوتوو بزانێت و تەنانەت پاساو دەهێنێتەوە بۆ زاڵبوون و دەسەلات و بالادەستی خۆی بەدەر لەوەی هێزی بازووی دەکاتە هۆیەکی راستەوخۆ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر بەکچان بێ هیچ شەرمکردنێك لەبەکارهێنانی بۆ خزمەت و بەرژەوەندی و ئارەزوی خۆی و بێ هەستکردن بەتاوان چونکە بەبوونەوەرە گەورەو باشەکە دانراوە. هەموو ئەوانەیە کەوا لەزۆربەی ژنان دەکات مێیەتی خۆیان پێ قبوڵ نەبێت یاخود حەز بەبوونی کچان نەکەن و بەناچاری قبوڵی ئەو جۆرە ژیانە بکەن کەدژ بەئارەزوو ویستی خۆیانە، لێرەوە دەڵێم سەربەخۆبوونی راستەقینەی ژنان لەتواناو باوەڕو شانازی بوون بەمێیەتی خودی خۆیان خۆی دەبینێتەوەو لەو کاتەدا رێزو بوونی ژنان دەسەپێت

بەسەر پیاوان و کۆمەڵدا ئەمانەو بەدەر لەو شێوازە هەڵە تۆمارکراوانەی کەوای لەزۆربەی ژنان کردووە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەیان هەڵوێستێکی دژانەو دەمارگرژی لەپیاوان وەربگرن کەئەمەش بۆ خۆی مەودای نێوانیان فراوانترو دوورتر دەکاتەوەو دەبێتە هۆی بیروبۆچوونی جیاواز بۆیە هاوکاریکردن لەگەڵ پیاواندا پێویستە بۆ رێنمایی و وشیارکردنەوەی کۆمەڵ بەگشتی کە بێگومان ئەم ئەرکەش بەنیوەی کۆمەڵ نابێت بێ نیوەکەی تر یاخود بەدوو نیوەی دوور لەیەکتری هەنگاو بۆ پێشەوە نانرێت و بەڵکو هەردووکیان تەواوکەری یەکترین.

# تێروانینێک بۆ ژیانی هاوسەرێتی

زۆرن ئەو کچانەی پێش چوونە قۆناغی ژیانی هاوسەرێتییەوە دووچاری دڵەڕاوکێ و مەترسی و سڵکردنەوە دەبنەوە لەئاست گوزەراندن و چۆنێتی مامەڵەکردن، لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەی چاوەڕوانیان دەکات، لەکاتێکدا کەمن ئەو بوێرانەی بتوانن لەسەر بنەمایەکی فیکریی و عەقڵی ڕێگە بەخۆیان بدەن هەوڵی ناسینی ئەو مرۆڤە بدەن، کەلەداهاتوودا دەبێتە هاوسەری ژیانیان. ئەو سڵەمینەوەیەش بۆخۆی هۆکاری زۆری لێدەبێتەوە، گەڵێ جاریش لەلایەن کچانەوە گوێبیستی چەندین دەستەواژەی وەك (هەرشوو نەکەین باشترە)، (کەشووکردن بەو شێوازە بێت نەکردنی چاکترە) دەبینەوە، کەخۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ قەیرەکچی، بێگومان ئەمەش بەهۆی گوێبیستنیان بووە، سەبارەت بەئەزموونی ئەو هاوسەرانەی، کەزۆربەی ژیانیان بەگرفت و کێشەی جۆراوجۆرەوە بردۆتەسەر و دەرئەنجام بەجیابوونەوە یاخود تەڵاق کۆتایی بەپەیوەندی نێوانیان هاتووە، ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە بارەڕو تێڕوانین و بۆچوونیان سەبارەت بەهەموو پیاوێك سلبی بێت و

والێکیبدەنەوە، کەپیاوی شیاو نەبێت بەوشێوەیەی لەچۆنێتی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و تێگەیشتندا خوازیاری ئەوان بێت.

راستە پێکهاتەو سایکۆلۆژیای مرۆڤێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەڵام دەکرێت زۆرترین خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بوونی هەبێت، ئەگەرچی رێژەی ئەو لێکچوونەش لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە لێرەوە زەروورەتی پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت بەوەی گەر ئەو دوو هاوسەرە لەهەموو هەنگاو بیرو بۆچوونەکانیاندا وەك یەك بن تاچەند بوونی هەردووکیان پێکەوە پێویست دەبێت؟ بەڕای من راستە خاڵی هاوبەشی سەرەکی نێوان ئەو دوو هاوسەرە دەبێتەهۆی زیاتر نزیکبوونەوەو بەهێزبوونی خۆشەویستی و لێك تێگەیشتن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوە ناگەیەنێت کەخاڵ و بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بابەتێك یاخود هەرمەسەلەیەکی رۆژانە لەنێوانیاندا بوونی نەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەوکاتانەدا وەرگرتنی ئەو رایە جیاوازانەیە لەیەکتری لەچوارچێوەی سنوورێکی گونجاوو وەرگیراو، چونکە زۆرن ئەو مەسەلەو بابەتانەی لەو نێوەندەدا جێی گفتوگۆو باسکردن بێت، بەڵام لەهەمووی گرنگتر گەورەنەکردنەوەی قەبارەی ئەو کێشانەیە، کەدووچاری ئەو دوو هاوسەرە دەبێتەوە جگەلە بەهێزی کەسێتی خۆیان کەڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت لەچارەسەرکردن و بڕیاردان لەکاتی پێویستدا، بەهۆیەوە دەبێتە هۆی رێگری لەدەستێوەردانی

خزم‌و كەسوكارو دەوروبەر لەژیانیاندا، لەكاتێكدا سروشتی ژیانی هاوسەرێتی زۆربەی كۆمەڵگەكەمان بەهۆی كەمدەرامەتی‌و نەبوونی ماڵی جیاوە وایكردووە ڕێگر بێت لەسەربەخۆبوونیان‌و بۆتە هۆی دەستێوەردانی كەسانی‌دیكە بۆنێو ژیانیان‌و پەروەردەكردنی منداڵیان تەنانەت لەمەسەلەی پارەو خەرجی ڕۆژانەشیان، كەئەمەش ڕاستە زۆرجار بەهۆی ئەو بارودۆخەوەیە، بەڵام جاری واش هەیە لاوازی كەسێتی هەریەك لەودوو هاوسەرە هاندەرە بۆ دەربڕینی زۆرینەی ڕاو بۆچوونی جیاجیا تایبەت بەژیانی ئەو دوو هاوسەرە. لێرەوە دەتوانم بڵێم تەنها بابەتی لێك تێنەگەیشتنی نێوان ئەو دوو هاوسەرە نابێتە گرفت‌و كێشە بەڵكو كێشە ڕاستەقینەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، كەكێیان خاوەن دەسەڵات بن لەخێزاندا ئەگەرچی لەكۆمەڵی ئێمەدا پیاوە خاوەن دەسەڵاتی یەكەم بۆ بڕیاردان، ئەگەرچی هەندێك لەو پیاوانە لەو ڕۆڵە سروشتیەی خۆیان تنازل دەكەن لەدەسەڵاتیان‌و زۆربەیان وابەباشتر دەزانن، كەئەو دەسەڵاتە ببەخشن بەژنەكانیان تەنها لەناو ماڵدا بۆئەوەی كاتەكەیان تەرخان بكەن بۆ كارەكانیان لەدەرەوەی ماڵ جگەلەوەی هەیانە دەستكەوت‌و مووچەكەی لەكۆتایی هەموو مانگێكدا دەبەخشێت بەژنەكەی بۆ بەڕێوەبردنی پێداویستییەكانی ڕۆژانەیان. لەكۆتاییدا دەڵێم ڕێزگرتن‌و لێك تێگەیشتن‌و نەبوونی زاڵبوونی دەسەڵاتی لایەك بەسەر ئەوی‌تردا و

هاوبەشبوونی هەردوولا لەهەنگاو بڕیارداندا پێویستییەکی حەتمی سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرێتییە، ئەگەر ئارەزووی هەریەکەیان وابخوازێت بۆ مانەوەیان وەك دوو هاوسەری خۆشەویست و سەرکەوتوو.

# کاریگەریی دەستێوەردان لەژیانی هاوسەریتیدا

دەستێوەردانی خزمان و کەسانی دەوروبەر لەژیانی هاوسەریتیدا بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ (لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو ئەگەرچی ئەو دەستێوەردانە دوو شێواز لەخۆدەگرێت لەنێوخێزانەکاندا، راستە هەندێجار بەهۆی نەبوونی ماڵی جیاوە یاخود کەم دەرامەتی و هەژاریی وایکردووە ئەو دەستێوەردانە دروست بێت، بەڵام لەهەندێ کاتی تریشدا لاوازیی کەسێتی هەریەک لەو دوو هاوسەرە پێوەرە بۆ گەورەکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی نێوانیان کە وایان لێدەکات لەکاتی روودانی هەرکێشەو گرفتێکدا پەنابەرنە بەر کەسانی دیکە، بۆیە لێرەوە بەهۆی دەربڕینی راوبۆچوونی جیاوازی هەریەک لەو کەسانەوە ئەبێتەهۆی گەورەکردن و ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی نێوانیان یاخود جاری واش هەیە ئەو دەستێوەردانە بەهۆی فزولیەت و ئارەزووکردنی هەریەک لەو دەوروبەرەوەیە کە وایان لێدەکات هەوڵی زانینی هەموو زانیاری و دەستێوەردانێک بدەن بەمەبەست بێت یاخود بەپێچەوانەوە کە

ئەمەش جارێکی دیکە دەبێتەهۆی تەشەنەکردنی کێشەکانی نێوانیان بۆیە ئەوکاتەی پەیوەندیی نێوان ژیانی دوو هاوسەر مەحاڵ دەبێت پرسیارێك دێتەئاراوە بەوەی ئایا ژنان‌و پیاوان لەوکاتانەدا هانا بۆ کێ دەبەن؟ یاخود تاچەند کەسوکار رۆڵی چارەسەر دەبینن لەکەمکردنەوەی رادەی کێشەکان؟ ئاشکرایە بەهۆی نەگونجان‌و لێك تێنەگەیشتنی زۆربەی هەریەك لەو هاوسەرانەو تێکەڵبوونیان بەژیانێکی نوێ بەتایبەت لەسەرەتای پێکەوە ژیانیان دووچاری کێشەی جۆراجۆر دەبنەوە کە کاریگەریی لەسەر نەمانی پەیوەندیی هەریەك لەو خێزانانە دەبێت‌و زۆرجاریش دەبێتەهۆی دروستبوونی رق‌و کینە لەنێوانیاندا‌و یەکێك لەو هەڵانەی کە پێویستە لەوکاتەدا زۆر بەئاگابن لێی راوێژکردنە بەکەسانێك کە پێویست بەبوونی ناکات بۆ نموونە لەوانەیە بەهۆی رەوشت‌و خەتایەکی پیاوەکەوە کێشە لەنێوانیاندا رووبدات‌و وا لەژنەکە بکات کە خەمەکانی‌و سکاڵای بگەیەنێتە هەریەکە لەدایك‌و باوکی خۆی‌و ئەوانیش بۆ داکۆکیکردن لەکچەکەیان دەکەونە سەرزەنشتی کوڕەکەو کێشەکە ئاڵۆزتر دەکەن، ئەشێ هەمان هەڵە پیاوەکەش پیایدا تێپەربێت ئەوکاتەی دایکی خۆی ئاشنابکات بەچەند باسێکەوە کە لەنێوان خۆی‌و ژنەکەیدا رویداوە ناگەنە هیچ ئەنجامێکیش، چونکە

لەوکاتەدا گەر کورەکەش خەتابارو زۆرداریش بێت دایکەکەی هەر پاڵپشــت و پشــتگیریی لەمەڵوێســتەکەی دەکــات یــا خود بەپێچەوانــەوە، لــێرەوە کێشــەی نێــوان ئــەو دوو هاوســەرە روو لەزیادبوون دەکات و دەرئەنجام لێك جیابوونەوەو تەلاق روودەدات کە بۆخۆی ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە لەهۆکارەکانی تەلاق.

لێرەوە زەرووڕەتی ئاستی وشیاریی و رۆشنبیریی هەریەك لەو دوو هاوسەرە بوونی دەبێت و پێوەرە بۆ نەهێشتنی دەستێوەردان و کەمکردنەوەو نەهێشتنی هەموو ئەوکێشانەی رووبەڕووی ژیانی هاوســەرێتی دەبێتــەوە، لەلایــەکی دیکەشــەوە گــەر لــەم رووەوە رۆبچینە نێوەندی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانەوە بەوە ئاشنادەبین کە لەکاتی پێویستدا هەریەك لەو ژن و پیاوە روودەکەنە نووسینگەی تایبەت بــەڕاوێژکارانی ژیــانی هاوســەرێتی کــە بوونــی هەیە لــەو کۆمەڵگەیانەدا، هەریەك لــەو شــوێنانە چەندین شــارەزاو پسپۆڕ سەرپەرشتیاری دەکەن کە تەنها خۆی لەچارەسەری کێشەی نێوان هاوسەرەکاندا نابینێتــەوە، بــەڵکو راستی و بنــەمای هەریــەك لــەو زەواجانە دەخەنەڕوو کە ئەو دوو هاوسەرەی پێکــەوە گرێبەست کــردووە بــەوەی ئایــا تاچــەند لەســەر بناغــەی جێگیرو بــەهێز بنیــادنراوە کــە بۆخــۆی هۆکــارێکی ســەرەکییە بــۆ ســەرکەوتن و

بەردەوامیەتی ژیان یاخود هەر لەسەرەتاوە زەواجێك بووە كە پێویست بەبوونی نەكردووە.

# تەمەنی ٤٥ ساڵی

# لەژیانی ژناندا

ئەوکاتەی باس لەتەمەنی مرۆڤ دەکرێت ژنان زۆرجار خۆیان بەدووردەگرن لەئاست وتنی راستی تەمەنیان ئیتر بەهەر هۆیەك بێت، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم گرفتی ژنانی تەمەن ٤٥ساڵ و سەرووترە کەتەمەنی لێچوونەوەی پێدەوترێت، ئەم کێشەیە تەنها گۆڕانکارییە جەستەییە بایەلۆژییەکان ناگرێتەوە لەتەمەنی ژناندا وەك وەستانی سوڕی مانگانەو نەبوونی منداڵ، بەڵکو لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیش لەخۆ دەگرێ کەبۆ خۆی دەبێتە مایەی کومەڵێك ئازار بەتایبەتی ئەوکاتانەی ژنان بێئاگا دەبن لەتێپەڕبوونیان بەو قۆناغەدا بەمەبەست بێت یاخود بەهۆی نەبوونی زانیاری راستو تەواوەتییەوە بێت لەسروشتی ئەو قۆناغە کەبەهۆیەوە نیگەرانی و ئانارامییان روو لەزیادبوون دەکات بەتایبەتی ئەوکاتەی دەوروبەر هەست بەو گۆڕانکارییە کتوپڕانە دەکەن کەسانی وەك هاوسەرو منداڵەکانیان.

بەپێی زانستی تەندروستی گۆڕانکاری بایەلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی کەژنان پیایدا تێپەڕ دەبن تەمەنێکی

دیاریکراوی نییە هەندێکجار لەتەمەنی (٥٠ساڵ) بەدواوە ڕوودەدات و جاری واش هەیە پێش تەمەنی (٤٠ساڵی) ڕوودەدات، بەڵام لەزۆرینەی ژناندا لەکۆتایی تەمەنی (٤٠ساڵی)یدا ڕوودەدات و هۆیە سەرەکیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی هۆرمۆنی ئیسترۆجین کەڕۆڵی سەرەکی و گرنگ دەبینێ لەپاراستنی چالاکی ژنان و تووشبونیان بەهەندێ نەخۆشی وەك ئێسکەنەرمە. ئەمانەو جگە لەدابەزینی هۆرمۆنی پرۆجسترۆن. سەرەڕای ئەوەی کەسایەتی ژن ڕۆڵی گرنگی هەیە لەو گۆڕانکارییە هۆرمۆنیانەدا و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، چونکە هەندێ لەژنان جگە لەگۆڕانکارییەکی کەم لەجەستەو خواستەکانیاندا هەست بەهیچ شتێکی دیکە ناکەن، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە پڕ لەدڵەڕاوکێ و کاریگەریی دەبێت لای هەندێ ژنی دیکە ئەو نیشانانە هەستکردنە بە ماندووبوون و ئازاری سەرو وەرینی قژ جگە لەگرفتی ئێسکەنەرمە بۆیە پێویستە پێشنەوەی ژن بگاتە ئەو قۆناغە بڕی تەواو لەکالسیۆم و ڤیتامین وەربگرێت سەرەڕای خۆدانە بەر تیشکی ڕۆژ و وەرزشکردن و وەرگرتنی چارەسەری هۆرمۆنی بەشێوەی (حەب) دووجار لەڕۆژێکدا ئەمانەو دەروونناسان لەمڕووەوە دەڵێن تەمەنی (٤٥ساڵ) بەرەو ژوور کێشەیەکی دەروونی بۆ ژنان دروستدەکات سەرەڕای

تێنەگەیشتنی پیاو لێیان لەو قۆناغەداو کاریگەریی ریکلامی سلبی بۆ سەر دەروونیان لەوتەمەنەدا کاتێ کە باس لەو ژنە گەنجانە دەکرێت کەتەمەنیان (٢٠ساڵە) ئەو جەختکردنە لەسیماو رواڵەتی ژنانو بایەخدانی پیاو بەو حاڵەتە لای ژنان دەبێتە هۆی هەستکردن بەکەمیی لەڕووی جەستەییەوە، چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەنیان هەست بەلاوازبوونی لایەنی سەرنجڕاکێشانیان دەکەن لای کەسانی بەرامبەر لێرەوە هەستکردن بەدڵەڕاوکێو نەبوونی باوەڕ بەخۆیانو تێکچوونی شێرازەی زۆرشت لەناخیاندا ژنانێك دەخوڵقێنێت ناتوانرێت لەخەباتی ژنانو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا پشتیان پێببەسترێت بۆیە پێویستە لەسەر ژنان خۆیانو پیاوانیش لەم قۆناغە ناسکەی ژیانی هەر ژنێکدا هاوکاریی پێشکەش بەو ژنانە بکەنو لەنیگەرانیی و ئازارەکانیان کەمبکەنەوە بۆئەوەی خۆیان بەکەمتر دانەنێن لەهیچ قۆناغێکی ژیانیاندا.

لەڕاستییەکان و جۆری کارو ماهییەتی تێبگەن و بتوانن زاڵبن بەسەر ئەو کاتانەدا بەڵێك تێگەیشتن و قایلبوون، چونکە ڕاستە سەرقاڵی و بایەخدانی زیاد لەپێویست بەکاری تایبەت لەماڵدا دەبێتە هۆی دروستبوونی مەودایەکی فراوان لەنێوان هەردوو هاوسەرەکەداو لەدەستدانی زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ لەنێوان تاکەکانی خێزاندا، کە بۆخۆی ئەمەش دەبێتە هۆی کزبوون یاخود لەدەستدانی خۆشەویست و بێئاگایی و زۆر گرفتی دیکە، بەلام گرنگ ڕێکخستن و دابەشبوونی کاتەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەکەمکردنەوەو ئالۆزنەبوونی کێشەکان، چونکە ئەگەر پەیوەندیی ژیانی هاوسەریتی کاتی نەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆو ڕۆمانسییەت دەبێتە هۆی لەدەستدانی گرنگترین بەشی ژیانەوەو بەردەوامییەت پێی، بەدەر لەو ڕاستییە کەهەندێك کار هەیە وادەخوازێت و دەبێت لەو کاتەدا تەقدیر (پێزانین) هەبێت لەئاستی یەکتریدا..

# بەشداریکردنی ژنی کورد
# لەڕێفراندۆمدا سەرەتایەکە
# بۆ ئازادبوونی مێژووەکەی

گەلی کورد بەدرێژایەتی مێژووی پڕ نەهامەتی و تراژیدیای سەدان جارەی تەمەنی خۆی ستەم لێکراو بووەو بەچەوساوەترین گەلی دونیا ناوزەدکراوە بەدەر لەوەی بەپانتایی تەمەنی حوکمڕانییەکانی عێراق لەسالی (۱۹۲۱)ەوە کورد رووبەڕووی ناڕەواترین فێڵ و دژوارترین پیلانی ولاتانی دراوسێ و دونیا بۆتەوەو سیاسەتی قڕکردن و نەمان تەسککردنەوەی رووبەڕووی ولاتەکەی لەبەرگیراوە، بۆیە بەهۆی داگیرکردنی خاکەکەی و پارچە پارچەبوونی میللەتەکەی و لکاندنی بەشێکی سنوورەکەی بەدەوڵەتلا عێراقەوە بەدەر لە تێکەڵبوونی داب و نەریت و کەلتووری جۆراوجۆری بێگانەوە نەیتوانیوە وەك هیچ نەتەوەیەکی دیکە ئاسایی ژیان بگوزەرێنێت و هەمیشە لەهەوڵدان و خەبات بووە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و رزگاربوونی لەدەست ستەم و زۆرداری لەپێناوی پاراستنی مێژووەکەی و نەسڕینەوەی ناسنامەی کوردو

جگە لەوەی هەمیشە بەهۆی رژێمی عێراقەوە کوردستان ببوە گۆڕەپانی ململانێی نێوان دووژمنەکان کە بەهۆیەوە گەلی کوردیش بەشی زۆری قوربانیانی ئەو ململانێ یە بوون بەدەر لەکاریگەری هەموو ئەوانە لەسەر رەوتی بەرەو پێشچوونی تاکی کوردو سروشتو ناوچەکانی کوردستانو زیانو زەرەر لەبەروبوومو داهاتی خاکەکەی، بێگومان لەئاکامی هەموو ئەو رەفتارو مامەڵەکردنانەدا ژنان باجی زۆری قوربانیانی ئەو ژیانە دژوارە بوونو جگە لەوەی رۆڵو کاریگەری بەرچاوییان هەبوو لەقۆناغ بەقۆناغی رزگاربوونی میللەتەکەمان بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر ئەمڕۆش پێویستە ئەو فرسەتە مێژووییە لەبەردەم گەلەکەماندایە بەفیڕۆی نەدەینو بەشداری لەو بزووتنەوەیەی ئەمڕۆدا بکەین کەپرۆژەی رۆفراندۆمو بەرەو ریفرادۆم لەئارادایە بۆ ئەوەی رووبەڕوشی نەوەکانی داهاتوو نەبینو ئەوانیش لەسایەی ئەم هەلە مێژووییەوە بتوانن چیتر ئازادانەو بەدڵنیاییەوە بەرنامەو پلان بۆ داهاتوویان دابڕێژنو هەقی رەوای خۆمان وەك هەر گەلێکی دیکە ئەگەرچی ژمارەی دانیشتوانیشی بەقەد گەلی کورد نییە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین بەتایبەت پاش ئەوەی لەڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە خاوەن سەربەخۆییو هەموو کیانێکی خۆیەتی بەنیعترافی ئەمەریکاو هەموو دنیا سەلماندی کە نموونەی

ئەزموونێکی دیموکراسیی و مەدەنیی و سەرکەوتووی پیادەکرد.
لێرەدا ئەوەی گرنگ و جێی باسە رۆڵ و کاریگەری ژنانە لەبەر ریفراندۆمداو ئەو ریفراندۆمەی گەر ئەنجامدرا لەلایەن هاوپەیمانانەوە!! بەوەی چۆن بتوانین زۆرترین رێژەی ژن تیایدا کاربکات و کاری بۆ بکات، چونکە پێویستە ژنان بە بەشداربوونیان لەم هەڵوێستە مێژووییەدا مێژوویەکی پڕ لەشانازیی و سەروەری و شایستەیەکی نوێ تۆمار بکەن وەك هەموو بەشداربوونێکی دیکەیان کە بۆخۆی دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووەکەیدا، بێگومان بەشداربوونی کارای ژنان و سەرنج و تێڕوانینیان و سەنگ و دەنگی ژنی کورد لەدەوری ئەم مەسەلەیەدا ئومێدی سەرکەوتوویی و ئەنجامێکی باشتر دەبەخشێت بەچارەنووسی میللەتەکەمان لەلایەك و لەلایەکی دیکە کاریگەری دەبێت لەسەر رەوت و بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی ژنان و سەرەتایەك دەبێت بۆ مێژووەکەی لەلایەکی دیکە، چونکە ریفرادۆم چارەنووسی گەلی کورد دیاری دەکات و تاکی کوردیش بەشدار دەبێت لەدیاریکردنی مافی نەتەوەکەیدا، بۆیە پێویستە بەهەموومان زەمینەیەکی وا خۆش بکەین لەبەردەم تاکی کوردیدا کەزۆر بەئاگایانە و بەرچاو روونییەوە بەشدار بێت لەچارەنووسی خۆیدا کە بێگومان بەرای

من بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی زۆر لە برینە قوڵەکانی کورد ساڕێژ دەبێت و زۆر گرێ کوێرە دەکرێتەوە..

## خەباتی ژنی کورد لەکوردستاندا

گومان لەوەدا نییە لەقۆناغی ئەمڕۆدا مەسەلەی ژنان بۆتە یەکێك لەمەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان لەعێراقدا کە پێویستە بایەخ و بەرنامەڕێژی تەواوی بۆ بکرێت، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بەوە دەکات کە بەوتەی و ویژدانەوە بڕوانرێتە خەباتی کارکردنی ژنی کورد لەکوردستاندا بەوەش دەگەینە ئەو راستییەی کە ژنان لەهیچ قۆناغێکی رزگاریخوازی گەلەکەماندا بەدوور نەبوون لەچارەسەری کێشەکان و هەمیشە بوونیان هەبووە چ وەك خەباتی سیاسی بۆ رزگاربوونی میللەتەکەی و چ وەك کارکردن بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنان. دورستبوونی رێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان ساڵی ١٩٨٩ لەئێران و شاری سەقزداو لەکاتی ئاوارەییدا کە بیرۆکەو دەستەی دامەزرێنەری ژنان خۆیان بوون سەلمێنەری ئەو راستییە بەدەردەخات، بێگومان لەپاش راپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان ساڵی ١٩٩١ لەدژی دامودەزگاکانی رژێمی بەعس زەمینەی ئازادو لەباری رەخساند

لەبەردەم تاکی کوردیدا بەتایبەت بۆ ژنان کە بتوانن لەڕێگەی چەندین ڕێکخراوی تایبەت بەژنانەوە داکۆکی لەمافەکانی خۆیان بکەن کە هەریەکەیان بەپێی بەرنامەو پلانو قەبارەو ژمارەی ئەندامو سنووری چالاکییەکانیان هەوڵی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنانیان داوە، ژنی کورد لەسایەی ڕێکخراوەکاندا کاری بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کردووە بۆ ئەمەش ئەرکیزی خستۆتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵو ژنان بەتایبەتی، بەدەر لەوەی لەپاش ڕاپەڕینەوە کاری جدی بۆ گۆڕینی یاساکان کردووە کە دواپلەی وەعییە لەگەشەسەندنداو بیرکردنەوەیەکی مەدەنیانەو فێمنیزمییە لەهەمان کاتدا لەڕێگەی سازدانی چەندین کۆڕو سیمینارو ڕاگەیاندنێکی چڕوپڕ بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی لەئاست ئەو گۆڕانکارییانەدا، دەرکردنی هەردوو بڕیاری (٥٩) و (٦٢)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٠)دا سەلمێنەری توانا و هەوڵەکانی ژنی کورد بوو لەکوردستاندا ئامانجی گشتی لەبڕیاری (٥٩) ڕێگرتنە لەبکوژی ژنان بەبیانووی شەرەفپارێزی (غسل العار) مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو بکوژەدا وەك هەر بکوژێکی دیکە لەڕووی یاساییەوە ئەمە جگە لەبڕیاری (٦٢) کە ڕێگرتنە لە فرە ژنی لەکاتەی پیاو بەپێی ئارەزووی خۆیو لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت ژنێکی دیکە دەهێنێتو لەئەنجامدا ژنی یەکەمی ناچار دەکات یان بەو وەزعە ڕازی بێت یاخود ڕێگای جیابوونەوە بگرێتەبەر؛ لەهەموو ئەو هەوڵانەدا ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان هەمیشە پێشڕەو و

داهێنەر بووە بەدەر لەڕێکخراوەکانی دیکە دوا هەوڵی بۆ گۆڕینی یاسا سازدانی یەکەمین کۆنفرانسی یاسایی بوو لەڕۆژانی (٢٧و٢٨/٣/٢٠٠٢) لەژێر دروشمی (یەکسانی ژن و پیاو لەیاسادا زامنی بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە) کە ئامانج لێی پێشنیارکردن بوو بۆ گۆڕانکاری لەهەندێ لەبڕگەو مادده یاساییەکاندا کە ژن تیایدا پلە دووی مرۆڤایەتییەو زیان بەخودو کەسێتی ژن دەگەیەنێت، جگە لەهەموو ئەوانە گەیشتنی ژنی کورد بەپلەی وەزیرو جێگری وەزیرو دادوەرو قائمقام و ئەندام پەرلەمان و هەموو دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا ئامانجێکی دیکەی ڕێکخراوەکانی ژنان بووە ئەگەرچی لەئاستی تموحەکانی ژناندا نەبووە.

ئەمانە بەدەر لەوشیارکردنەوەی عەقڵی کۆمەڵ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لەهەموو بوارەکانی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، رۆشنبیری ...)و درککردنی ژنان بەمافەکانیان و بەرزکردنەوەی دەنگ و بوونیان بەقبوڵ نەکردنی هەموو ئەو ناهەقیانەی دەرهەقیان دەکرێت تا ئەو رادەیەی رێکخراوی ژنان بەپاڵپشت و داکۆکیکەری خۆیان دەزانن بەڵگەیەکی دیاری ئەو هەوڵانەیە. دیارە سەربەخۆیی ژنان لەڕووی ئابورییەوە لایەنێکی گرنگی ئازادی و سەربەخۆیی پێویستە بۆ ژنان کە ئەمەش ئامانجێکی گرنگی ڕێکخراوەکانی ژنان بووە لەکوردستاندا بۆ نموونە یەکێتی ژنان بەگرنگی بۆ ئەوەی خاوەنی گیرفان و ئابووری تایبەتی خۆیان بن لەپاڵیشیدا هەوڵی داوە لەڕێگەی هەر پرۆژەیەکەوە

وشیاری رۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەلایەتی.. هتد لەنێوەندیاندا بلاوبکاتەوە.

هەموو ئەو هەولانەو چەندین کارو ئامانجی دیکە خواستو هەولی گرنگ بوون لەماوەی (١٢) سالی دوای راپەریندا کە بێگومان خەباتو فیدارکاری زۆریان داوە لەپێناوی گەیشتن بەوەی ئەمرۆ لەئامادەباشی تەواودا بێت لەبەردەم هەموو ئەو گۆرانکارییە هەنووکەییانەی (ئ‌نی) کە لەئارادایە چونکە هەولەکانی رژێمی بەعس بەدرێژایی دەسەلاتی هەرگیز دریغی نەکردووە لەپیادەکردنی (ممارسە) هەموو رەفتارێکی نامرۆڤانەو سرینەوەی ناسنامەی کوردی کەشاری کەرکوک یەکێکە لەو شارانەی بەردەوام رژێمی بەعس لەهەولداندابوو، بۆ تەعریبو تەبعیسو راگواستنو نیهانەکردنی تاکی کورد لەهەر جێگایەك بوو بێت بۆیە ئەمرۆ پێویستە لەشاری کەرکوکو هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی عێراقدا هەولەکان چروپرو قولی خەبات بەشێوەیەکی مەدەنیو دیموکراسیانە بگرنە بەرو بتوانن سوود لەئەزموونی هەموو ئەو رێکخراوانە وەربگرن کە بەفیعلی کاری جیدیان بۆ مەسەلەی ژنان کردووەو سوود لەم هەلە مێژووییە وەربگرنو خۆیان نەخەنە پەراوێزەوە (هامش) و هەولو تواناکانیان یەکبخەن بۆ کارکردنو هێنانەدی مافەکانیانو ئەو راستیەش بزانن کەماف (حق) دەسێندرێ نادرێ.

# سەدیەک لە پرسیار..؟

زۆرێك لەو ژنانەی لەبواری ڕێکخراوی ژناندا کاردەکەن، یاخود قسەکەرو لەسەر مەسەلەی ژنان دەنووسن و دووچاری گەلێك پرسیار دەبنەوە، کەتەنانەت هەندێك جاریش جێی دیالۆگ و مقۆمقۆی نێوان خێزانەکانیشیان، یاخود دەبێتە جێی باس و گاڵتەی نێوان کەسەکان وەك ئەوەی سەدەی پرسیارکردن بێت لەوانە ژنان ئیدی چیتان دەوێت و لەپێناوی چیدا خەبات دەکەن..؟ ئایا دەتانەوێت دژ بەپیاوان بجەنگن و زاڵێتی و دەسەڵاتیان لێ وەربگرنەوە..؟

لەوەش سەرسوڕمانتر ئەوەیە؛ ئەمجۆرە پرسیارانە هەندێکجار لەلایەن کەسانی ڕۆشنبیرو توێژەرەوەو کەسانی یەکسانیخوازەوە دەوترێت، کەبەرەوپێشچوونی کۆمەڵ خەمیانەو داکۆکیکارن لەسەر مافەکانی مرۆڤ و مەسەلەی ژنان بەشێوەیەك ئاماژە بەجیاکردنەوەی تەواو دەدەن لەنێوان مافەکانی مرۆڤ و ژناندا، وەك ئەوەی مافەکانی مرۆڤ مەبەست لێی مافەکانی پیاوانبێت بەتەنهاو ڕزگاریی و ئازادیی ژنانیش مەرجێکی سەرەکیی نەبێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ بەگشتی، ئەمجۆرە پرسیارانە زەروورەتی بەردەوامی دەخوازێت سەبارەت بەپێداچوونەوە بەئامانجەکانی ژنان و میکانیزمەکانی کارکردن و تایبەتمەندێتی

لەکۆمەڵگاکـەمانداو هـەوڵدان بـۆ دۆزینـەوەی باشـترین ڕێگـای کردەیی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکان و هێنانەدیی هەوڵەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر بەکورتیش بێت دەمەوێت لەڕوانگەی ئەو جۆرە پرسیارانەوە تیشک بخەمە سەر هەندێك لەو هۆکارانەی وای لـەژن کـردووە خـەبات بکـەن بـۆ هێنانـەدیی ئەومافانـەی کەهەمیشە لێیان زەوتکراوەو کاری کۆمەڵ و کاتی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەو کەسانەی لەو جۆرە پرسیارانە دەکەن تێبگـەن کـەژنان چییـان دەوێـت و ئامانجـەکانیان لـەچیدا خـۆی دەبینێتەوە، کەهـەرگیز دوورە لـەو بیروبۆچوونـەی ژیانی زۆربـەی پیـاوانی خستووەتە مەترسـیی ئـەوەی لەدەسـەڵات و زاڵێـتی و فەرمانەکانیان کـەم بکاتـەوەو لەکاتێکدا بـەهیچ شێوەیەك لـەهزرو بەرنامـەی ژناندا نییە بۆ وەرگرتنـەوەی هـەموو ئـەو دەسـەڵاتانەی ئەمڕۆ پیاوان دەیکەن و چێژی لێدەبینن بەمەبەستی ئەوەی ژنان وەریبگـرن و پەیوەندییەکـە پێچەوانـە بێتـەوە، بـەڵکو هـەوڵ و ئامانجـەکان زۆر لـەو پەیوەندییـەو گـەورەتر دەبیننـەوە کـەخۆی لەجوانترین پەیوەندیی مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە بەو واتایەی هیچ جۆرە جیاکاریی و توندوتیژییەك بەرجەستە نەکرێت بۆ هیچ لایەك.

ڕاستە ڕێکخستنەکان و بزووتنەوەکانی ژنان لەدونیادا لەسەر ئامـانجی هاوبـەش ڕێککـەوتوون لـەپێناوی ڕزگـاربوونی ژنـاندا، هـەروەك دەرئەنجامەکـەی لـەکۆنگرەی پـەکیندا دەرکـەوت سـاڵی ١٩٩٥ و لەڕێککەوتننامـەی زاڵبـوون بەسـەر هـەموو جـۆرە جیاکارییـەك دژ بـەژنان داماتووە، بـەڵام ئـەوەی گرنگـە بوونـی

ئامانجی هاوبەش لەهەموو بزووتنەوەکانی ژنان لەدنیادا ڕێگرنییە لەبەردەم ژناندا کەهەر شوێنە بەپێی تایبەتمەندیی و ئەو بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژووییەی ژنان تیایدا دەگوزەرێنێت خەبات بکەن بۆ هێنانەدیی ئامانج و مافەکانیان، چونکە بێگومان هەریەک لەو بوارانە کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر مەسەلەو بارودۆخی ژنان بەتایبەتی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، کەهەمیشە هۆکاری سەرەکیی بوون بۆ دواکەوتن و لەناوبردنی بزووتنەوەکان، چونکە بێگومان بارودۆخ و هەموو ئەو بەربەستانەی کۆمەڵگاکەمان پێوەی دەناڵێنن تایبەتمەندێتیی بەبزووتنەوەو پێشخستنی مەسەلەی ژنان دەدات، بەوەی هەریەک لەمجۆرە کۆمەڵگانە، دنیایەک جیاکاری و توندوتیژیی تێدا بەدیی دەکرێت بەو پێیەی بیروبۆچوونی پیاوسالاری زاڵە بەسەر هەریەک لەخێزانەکان و دەرەوەیدا لەخوێندنگەو گشت دامودەزگا حکومییەکان تادەگاتە دادگاکان، کە لەوێدا دەبوو هیچ جۆرە جیاکارییەک نەبینرێت و پیادەنەکرێت لەکاتێکدا لەماددەی (٣) ی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە؛ هەموو هاووڵاتییەک یەکسانە بەرامبەر بەیاسا لەماف و ئەرکەکانیدا، بەڵام دەبینرێت هەر لەناو دادگا و بەرامبەر بەیاسا دوو دادوەری ژن بەرامبەر بەدادوەرێکی پیاو دادەنرێت، ئەو کاتەی شاهیدی پێویست دەکات، واتا پیاوێک بەدووژن حسابی بۆ دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی یاسای باری کەسێتیی بەتەواوەتی ژنی بەپلە دووی مرۆڤایەتی داناوە، جگە لەوە لەیاسای سزاکان و ڕەگەزنامەدا هاتووە کەژنان بێبەشدەکات

لەمافەکانیان وەك هاوولاتییەك بەرامبەر بەپیاوان تانەو راددەیەی دەستتێوەردان و گۆڕان لەهەر دەقێکی یاساییدا ئەوەندە بەقورس دەزانرێت و ئەوەندە پیرۆزە کەناتوانرێت هیچ دەستکارییەك بەئاسانی بکرێت بەو هۆیەی لەشەریعەتی ئیسلامییەوە وەرگیراوە، کە بەڕای من ڕێگرییە ڕاستەقینەکە لەبەردەم گۆڕینی هەر دەقێکی یاساییدا ئەوەندەی پەیوەندیدارە بەعەقلییەتی خێڵەکی و پیاوسالاری و دواکەوتوویی و دەسەڵاتی پیاوانەوە. ئەوەندە شەریعەت ڕێگر نییە لەبەردەم گۆڕینی ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارە بەژنانەوە، باشترین بەڵگەش وڵاتی (تونس)ە کەتوانیی گۆڕان و پێشکەوتن بەشێوەیەك بکات لەیاساکانی باری کەسێتیدا، کەخزمەت بەبەرژەوەندییەکانی ژنان بکات، لەلایەکی دییکەشەوە هەموو ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی کەجیاکاریی تەواوی لەنێوان نێرومێدا کردووە، هەر لەیەکەم ساتی لەدایکبوونییەوە لەخێزانەکاندا تادوا داموەزگا پەروەردەیی و حکومییەکان، لەکۆمەڵدا کەهەموو ئاسانکاری و مافێکی بەپیاوان داوە و پێچەوانەکەشی لەبڤەو نابێت و ناکرێت و ڕێگری و چەوساندنەوە و ستەم و عەیبە و زەعیفەیی و لاوازی و بێتوانایی و تەنانەت لەچارەنووسسازترین تەمەنی ژیانیدا دەستتێوەردان و ڕای جیاوازو دوور لەڕای خۆی هەیە بۆ سەر کەسێتی و ژیانی تەمەنی هاوسەرێتیدا بەتایبەتی لەلادێکاندا کەبیرو بۆچوونی خێڵەکی و داب و نەریتەکان ئەوەندە زاڵە بەسەریاندا لەزۆرکاتدا دەسەڵاتەکە بەهێزتر دەنوێنێت لەیاساکان تەنانەت زۆر

قورسدەبێت لەبەردەم ئەو خەڵکانەدا بوەستێتەوە ئەوکاتەی دەیانەوێت کچەکانیان بکەن بەقوربانیی بەژن بەژن و شیربایی و لەخوێندان و گەورە بەبچووك و سەوداو مامەلەی جۆراوجۆریان پێوەبکەن یاخود ئەو کاتەی کچان بێبەش دەکەن لەگرنگترین و سەرتاییترین مافی مرۆڤ کەخوێندنەوەو سنووردار دەکرێت پێی و لەگشت ئەو بوارانەی دیکە کەمافی خۆیەتی لەهەڵبژاردنی هاوسەری و نەگونجان و جیابوونەوەی و ئازادیی لەدەستنیشانکردنی ژمارەی منداڵ و ماوەی نێوان منداڵبوون و چێژوەرگرتنی بەهەموو ئەو مافانەی پیاوەکەی هەیەتی لەڕووی هەڵگرتنی ناوی منداڵ و پیشەو وەزیفەو مافی موڵکێتی و والاکردنی هەموو ئەو بوارە سیاسی و وەزیفی و کارکردن و چالاکییە وەرزشی و کۆمەلایەتییانەی بۆ پیاوان ڕەخساوە و مافی ژنان نییە بەڕێژەیەکی زۆر بوونیان هەبێت. هەموو ئەو جیاکارییانەی دەرحەق بەژنان دەکرێت، وادەکات خەباتی ژنان بوونی هەبێت و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان سالانێکی زۆر بخایەنێت و کاری جددیی بۆ بکرێت کەسەرەتا خۆی لەوشیارکردنەوەی ژنان دەبینێتەوە بەماف و ئەرکەکانی وەك مرۆڤێکی تەواو واتە راستکردنەوەی تێڕوانینی بۆخۆی و بۆ پیاوانیش و وشیارکردنەوەی بەزەرووەرەتی ڕۆڵی خۆی وەك دایك و دادەیەك بۆ چاندنی بیروباوەڕەو پەروەردەی راست لەسەر ژنان لەبیری منداڵەکانیدا کچ بێت یاخود کوڕ بێ جیاوازیی و قبووڵ نەکردنی بەوەی تەنها وەك ئامرازو ئالەتێك بێت بۆ بەدیهێنانی

خواسـتە سێکسـییەکانی پیـاوان، ئەمـە جگـە لـەزەرورەتی وشـیارکردنەوەی پیـاوان بـەگرنگیی رزگـاریو ئـازادیی ژنـان لەپێناوی پێشکەوتنو هەستانەوەی کۆمەڵ بەگشتیو هەوڵدان بۆ بەشـداریبوونیان لـەو خەباتـەی ژنـانداو بـەگرنگیی دیـالۆگو گفتوگۆی هەردوولا لەگەڵ یەکتریدا، لێرەوە دەڵێم لەکۆمەڵگایەکی دواکـەوتووی وەك کۆمەڵگاکـەمان، پێویسـتە هـەموو تواناکـان یـەکبخرێن لـەپێناوی پێشـکەوتنی کۆمـەڵ، چونکـە بزووتنـەوەی ئـازادیی ژنـان بەگشـتی بزووتنەوەیەکـە ئامـانج لێـی ئـازادبوونی تاکـەکانی کۆمەڵـەو چالاککردنی تواناکانـە بەگشـتی لـەپێناوی داهاتوویەكو ئاسۆیەکی روونترو جیهانێك کەیەکسانییو عەدالەت تیایدا بەرجەستە بێت، بەهەردوو لایەنە تیۆریو پراکتیکییەوە.

# ژن و چەمکی

# توندووتیژی و ئاسەوارەکانی

بێگومان قسەکردن لەسەر مەسەلەی توندووتیژی زۆر فراوانەو کۆمەڵگای رۆژهەلاتیش بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی بوونی زۆر هۆکارەوە پیادەی جۆرەها توندووتیژی تێدا دەکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەوەی لەکۆمەڵگەکانی دنیادا بوونی نەبێت، بەڵکو لەهەموو شوێنێکدا بەرێژەو شێوازی جیاجیا پیادە دەکرێت بۆیە زۆر پرسیار لەچوارچێوەی ئەم دیاردەیەدا خۆی دەسەپێنێ لەوانە ئایا توندووتیژی بەواتای چی دێتو ئاسەوارەکانی چییە ؟ لێرەوە بۆ ئەوەی بچمە نێو باسەکەمەوە دەتوانم بڵێم توندووتیژی وەك زاراویەك لەدوو وشەی لاتینی پێکهاتووەو بەمانای هەڵگری هێز دێت بەو مانایەی ئەو کەسە دەسەلاتو زاڵێتی بەسەر لایەنی بەرامبەردا دەسەپێنێت بەمەبەستی ئەشکەنجەدانو ئازاری بە وتە بێت یاخود بەکردە. بۆیە دەتوانم بڵێم توندووتیژی لەئەنجامی نابەرابەری، نایەکسانیو ململانێی نێوان دوو رەگەز، دوو نەتەوە، دوو کۆمەڵ، دوو حزب یاخود دوو خێڵ دروست دەبێتو

دەرئەنجام چەوساوەو چەوسێنەر دێتە ئاراوەو پیادەکردنی هەر جۆرێك لەجۆرەکانی توندووتیژی ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە لەهەردوو رووی جەستەیی و دەروونییەوە، ئاسەواری جەستەیی رەنگە شوێنەوارەکەی رووەو نەمان بچێت کە خۆی لەلێدان و ئەشکەنجەدانی ئەو کەسەدا دەبینێتەوە، بەلام لایەنی دەروونی کاریگەری کاریگەری زۆر لەسەر قۆناغ بەقۆناغی ژیانی مرۆڤ بەدەردەکەوێت بەو شێوەیەش ئەو جۆرە مامەڵە کردن و پەروەردەو بارووذۆخی ژیانی تێدا دەگوزەرێنێ دوو جۆر کەسێتی لێ دێنێتە بەرهەم. مرۆڤێکی لاوازو مرۆڤێکی توندووتیژ یاخود کەسێتی دییەکی (ماسۆشی کەتام و چێژو خۆشی لەئازاردانی خۆیان وەردەگرن) یاخود (سادی کە چێژو خۆشی لەئازاردانی کەسی بەرامبەر وەردەگرن) بەو جۆرە پیادە کردنی توندووتیژی کارێکی ئاسایی دەبێت بەلایانەوەو پیادەی دەکەن بۆ کەس و لایەنی بەرامبەر کە لەکۆمەڵێ ئێمەدا بەزۆری پیاوانن کە شەرعیەت بەخۆیان دەدەن و جۆرەها توندووتیژی دەکەن دژ بەژنەکانیان، کچەکانیان، دایکان و خوشکیان و هاوڕێیان .. هتد. بەپێی حوکمی ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارییەی یاسا و دین و داب و نەریت لەبەرژەوەندیدایە لەچوارچێوەی خێزان و کۆمەڵدا.. لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراوە بەوەی بۆچی ژنان یاخود رەگەزی مێ قبوڵی جۆرەها توندووتیژی دەکەن هەر لەقسە پێوتن و تەنگ پێهەڵچنین و رێگری سوکایەتی پێکردن تا دەگاتە ئەو پەڕی لێدان و سووتان و شێواندنیان؟ لەڕوانگەی ئەم پرسیارەوە من بۆ خۆم ژنان

پۆلێن دەکەم بەدوو جۆرەوە جۆرێکیان چ توندووتیژییەک بەرامبەریان بکرێت دەیشارنەوەو نایدرکێنن ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ زۆر هۆ گرنگترینیان ئەمانەن:

١.هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزان‌و پەرتەوازەبوونی منالان.

٢.سڵ کردنەوەو خۆپاراستن لەقسەو قسەڵۆکی خەڵک‌و کۆمەڵ.

٣.سڵ کردنەوە لەدووبارە کردنەوەی ئەو توندووتیژییەی دەرهەقیان دەکرێت.

٤.بێ پشتیوانی‌و بێ لایەنی.

٥.تێنەگەیشتنی ژنان بەمافەکانیان‌و کەمی وشیاری لایان.

٦.ئاستی کۆمەلایەتی‌و عەیبە.

٧.نزمی لایەنی ئابووری.

٨.نەبوونی متمانەی کۆمەلایەتی.

٩.نائارامی بواری سیاسی کۆمەلایەتی.

سەبارەت بەجۆری دووەم ئەو ژنانەی لەگەڵ زانینیان بەهەموو ئەو هۆکارانە ناتوانن قبوڵی ئەو زاڵبوون‌و ژیان گوزەراندنە بکەن لەچوارچێوەی خێزانداو دەنگی ناڕەزای‌و هەڵوێست وەردەگرن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری زۆر کێشەکێش‌و مەترسی‌و گرفتی جۆراوجۆری دیکە دەبنەوە لەکۆمەڵدا بەشێوەیەک یان دەبێت خۆی باج‌و تەحەمولی بڕیارەکەی خۆی بکات یاخود ژیانی مەترسیدار دەبێت لەلایەن کەس‌و کارییەوە.

لەکۆتایدا دەڵێم هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی توندووتیژی لەکۆمەڵدا تەنها ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان نییە کە

هەریەکەیان بۆ خۆی کەم تازۆر هەوڵیان بۆی داوە، بەڵکو ئەرکێکی هەمەلایەنەیەو مەترسی تەنها لەسەر ژیانی ژنان دروست ناکات، بەڵکو سیمای دواکەوتوویی کۆمەڵ دەگەیەنێت بۆیە پێویستی بەخەباتی هەمەلایەنە هەیە بۆ جەخت کردن لەسەر گۆڕینی زۆر بوار کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕۆڵیان هەیە لەپیادەکردنی توندوتیژی لەوانە، کەلتوور، دین، حزب، یاسا.. سستمی پەروەردەو حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان بەم مەسەلەیەوە. وەك دادگا، پۆلیس، بەندیخانەو ڕاگەیاندن. بۆیە لێرەدا دەڵێم بێگومان لەهەر شوێنو کاتێکدا گوشارو سەپاندنو ستەم هەبێت ڕوویەڕوو بوونەوەو یاخی بوونو شۆڕشیش دەبێت.

# گوزەرێک بەنێو توندووتیژییەکانی دژ بەژنان

سەرەڕای مەودای بەرفراوانی نێوان کۆمەڵگەکان و جیاوازی دنیای هەریەکەیان لەڕووی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەوە رەچاوی ئەوە ئەکرێت کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لەهەندێ خاڵ و بابەتدا لێک جوداو لەهەندێکی دیکەدا یەکگرتنەوە بەواتایەکی دیکە ئەشێت کێشە و گرفت و خەمی مرۆڤەکان لەو نێوەندانەدا لێکچوونیان تێدابێت. بێگومان ژنانیش لەنێوەندی هەریەک لەو بوارانەداو بەوەی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنن لەهەندێ گرفت و کێشەکانیاندا یەکبگرنەوەو بەڕێژەو شێوازی جۆراوجۆر کە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازی بەخۆوە ئەبینێ.

خاوەنی هەڵوێست دەبن دەرهەق بەهەرکەس کە ببێتە مایەی توندووتیژی بۆیان ئەگەرچی زۆری دیکەش لە ژنان هەن کە قبوڵی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە بەناچاری دەکەن، بێگومان ئەوەش بۆ خۆی هۆکاری زۆری لێدەکەوێتەوە کە گرنگتریان خۆی لەبێ لایەنیو کەم دەرامەتیو بوونی منداڵی زۆرو تانەو توانجی کەسانی دەورووبەرو لاوازی کەسایەتی خودی ژنان خۆی دەبینێتەوە بەدەر لەهەندێ هۆکاری دیکەش.

# جۆرەکانی توندوتیژی

١.    توندوتیـژی خـێزانی: بـەپێی بنیادنـانی مێـژووی مرۆڤایـەتی لەسـەر سـەرەتاکانی هەڵـەو بـەهۆی ئـەو جیاوازییـە رەگەزییەی کە لـەنێوان ژن و پیاودا دروست بووەو لەگـەڵ هەموو ئـەو گۆڕانکارییانــەی بەســەر خێزانــەکاندا هــاتووە لەکۆمەڵگاکـەمانداو، کاریگـەرییان هـەبووە لەسـەر رۆڵ و شـێوەو ئەرکی کۆمەڵایـەتی و کلتوورییەکاندا، پەیوەندییـەکی نـاو خێزان هەتا ئێستا پەیوەستە بە دامەزراندنی هێزی تەقلیدی کە لەسەر بنـەمای سـەرکەوتن و باڵادەسـتی پیـاو وباڵادەسـتی ئـابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەو بەتایبەتی لەناو خێزاندا دامەزراوە بۆیە دەتوانـین بڵـێین توندووتیـژی خـێزانی پەیوەسـتە بـەو دامـەزراوە سـەرەکییەوە کەسسـتمێکی کۆمەڵایـەتی حوکمـی دەکـاتو بەکۆنترینو ئاڵۆزترین سستم دادەنرێت کە ئەم جۆرەش یەکێکە لەشـێوازەکانی رەفتـاری دووژمنکـاری کـە لەپەیوەندییـەکی ناهاوسـەنگەوە دەردەچێـت، ئەمـەش لـەچوارچێوەی سسـتمی دابەشکردنی کار لـەنێوان ژنو پیاودا لەخێزاندا کە لەکۆمەڵگـەی ئێمـەدا تەنـها لـەنێوان ژنـانو پیـاواندا روونـادات، بـەڵکو لەخێزانەکاندا بەرەو ئاستی منداڵو دایکو خوشکو کچیش درێژە دەکێشێت، بەراتایەکی دیکە دەتوانرێت بووترێت توندووتیژی

خێزانی لەسەر ژنان بەدوو شێوە پیادە دەکرێ، شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کە بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان لەمەڕ ئەم بابەتە دەبینین لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا لەهەر (٢١) سانیەدا ژنێک دەبێتە قوربانی توندوتیژی لەلایەن پیاوەکەیەوەو (٧٠) حاڵەتی تەلاقدان لەڤێتنام هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لێدانی پیاوان بۆ ژنەکانیان و تەنها (٩)کەس لەژنانی ژاپۆن دەزانرێت کەدووچاری لێدان دەبنەوە لەلایەن پیاوەکانیانەوە بەرامبەر بە (٨٠) ژن لەپاکستان. ئەمە جگە لەبەرفراوانی و بڵاوبوونەوەی هەریەکە لەو شێوازانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەداخەوە بەشێوەیەکی زانستی توانراوە پابەند بین بەژمارەی دیاریکراو یاخود ئامارەوە تا ئەو ئاستەی بزانرێت ڕێژەی پیادەکردنی توندوتیژی دەگاتە چەند؟ هەر شێوازێکی بێت کە بێگومان ئەم گرفتەش تەنیا لەکۆمەڵی ئێمەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو لەهەموو وڵاتانی دیکەشدا جگە لەوەی کێشەکان زۆرجار ناگەنە ڕاوتاکان ئەوەی بەهۆی هۆکاری زۆرەوە لەوانە شاردنەوەی ئەو حاڵەتانەو نەگەیاندنی بەشوێنە مەبەستدارەکان.

ئەمە جگە لەوەی بابەتی لاقەکردن (اغتصاب) لەلایەن هاوسەرەوە دەچێتە چوارچێوەی توندووتیژی خێزانی ڕاستەوخۆ کەزۆرێک لەکەسەکان ناتوانن دەستاودەستپێکردنی پێبکەن، بەهۆی زۆر اعتبارەوە لەوانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاینی، ئەمە جگە لەوەی لاقەکردن لەدەستهێنانی شتێکەوە دێت کە بەشێوەی توندوتیژی یاخود حەزلێکردن و قێزلێبوونەوە دەبێت بەو

شێوەیەش هەموو ئەو جووتبوونانەی دروست دەبێ بەدوور لەڕەزامەندی ژنەکە بەکردار یاخود بەقسەکردن، یان بەبیر کردنەوە بەحاڵەتێکی لاقەکردن بۆ دەنگ بوون یاخود شاراوە دادەنرێ ئەمە جگە لەوەی ئەگەرچی هیچ کۆمەڵگەیەك نییە لەدنیادا خاڵی بێت لەتوندووتیژی خێزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها (١٧) وڵات دادەنێت کە یاسا سزای لاقەکردنی هاوسەری بەتاوانێکی جزائی بدات.

٢. توندووتیژی جەستەیی: ئەم جۆرە بەبڵاوترین و بەرفراوانترین جۆری توندووتیژی خێزانی دادەنرێ ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی ئاسەوار لەسەر جەستەی بەرامبەر، کە لەلێدان بەدەست یاخود بەئامێرێکی توند یان گازگرتن وخنکاندن و ڕاکێشانی قژو چرنوك و بۆکس خۆی دەبینێتەوە، کە هەندێ جاریش بەهۆی توند لێدانەکەوە دەبێتە مایەی لەدەستدانی گیانی کەسەکە.

٣. توندووتیژی سێکسی: ئەم جۆرە زۆرجار بەهۆی بێدەنگی ژنان لەئاستێکدا ناگەنە هیچ دەرئەنجامێك ئەوەش بەهۆی نەگەیاندنی ئەو حاڵەتانە بۆ بنکەکانی پۆلیس و (قچاو)، چونکە دەبێتە هۆی زڕاندنی ناوبانگی خێزان لەکۆمەڵگەدا. ئەمەش خۆی لەبەزۆر مامەڵەی سێکسی یاخود گێچەڵ پێکردنی سێکس و بەزۆر منداڵبوون و بەزۆر منداڵ پێ لەبردن و پەلامارو ممارەسەکردنی سێکسی بێ ڕەزامەندی ژنەکە جگە لەگێچەڵی سێکسی لەنێو خێزانەکاندا لەخۆدەگرێ.

٤. توندووتیژی زارەکی (لفظی): ئەم جۆرە بەیەکێك لەشێوە مەترسییەکان دادەنرێ لەژیانی خێزانیدا چونکە کاریگەری راستەوخۆی بەسەر دەروونی تاکەکانی خێزاندا دەردەکەوێت کە لەناکامدا دەبێتەهۆی گرێ دەروونیەکان لەناخی مرۆڤدا کە ئاسەواری لەسەر ئەوەکان بەدەردەکەوێت ئەمەش خۆی لەقسەو توانج و لۆمەو هەڕەشە کردندا دەبینێتەوە بەشێوەیەك دەبێتە هۆی شکاندنی نرخ و بەهای مرۆڤ و سوکایەتی پێکردنی.

٥. توندووتیژی دەروونی: ئەم جۆرە دەبێتە هۆی رووخانی ژنان لەڕووی مەعنەوییەوە کە بەهۆی فەرامۆش کردنی پیاوان دەبێت دەرهەق بەژنەکانیان بەشێوەیەکی دیکە پیادەکردنی هەموو جۆرەکانی دیکەی توندووتیژی ئاسەواری دەروونی لەناخی مرۆڤەکاندا بەجێ دەهێڵێ و کاریگەری خراپی لەسەر دەردەکەوێت، بەدەر لەوەی ناپاکی هاوسەرێتی لەلایەن مێردەوەو سوکایەتی پێکردن و لۆمەو رق لێبوونەوەو گاڵتەپێکردن و ناچارکردنی ژنان بۆ ممارەسەکردنی سێکسی ناوێزەی پێچەوانە یاخود زۆرەملێ کردن و هەڕەشە لێکردنی بەردەوام بەتەڵاقدان یاخود بەجێهێشتنی، یاخود دەرکردنی لەماڵ و بێبەشبوونی لە منداڵ و رێگرتن لەدەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی و رێگرتن لەهاتووچۆکردنی خزم و کەس و کارو پێشوازی کردنی لەمیوان بەدەر لەنەهێشتن بۆ سەفەرو کارکردن لەدەرەوەی ماڵ. هەموو ئەوانە کاریگەری ناهەموار دەخاتە سەر باری دەروونی مرۆڤ ئەگەرچی دەرکەوتووە کە زۆربەی کەسەکان لەکۆمەڵدا ئەو جۆرە

مامەڵکردن و ڕەوشتانە بەتوندوتیژی دانانێ دژ بە ژنان بەدەر لەو کاریگەرییە تەندروستی و دەروونییەی لەو ماوەیەدا لەسەری بەدەردەکەوێت.

٦. توندوتیژی پەروەردەیی: ئەم جۆرە توندوتیژییە کە لەنێو پرۆسەی پەروەردەو خوێندندا ڕوودەدات درێژکراوەی هەمان ئەو توندوتیژییانەیە کە لەخێزانەکانەوە ڕوودەدات، بەهەمان ئەو پەروەردە جیاکارییەی کە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێدا پیادە دەکرێ. بەواتایەکی دیکە هۆکارەکەی بۆ شێوازی فەلسەفەی خوێندن دەگەڕێتەوە سەرەڕای ئەوەی بواری پەروەردە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندەی خۆی لە فێرکردندا دەبینێتەوە، خۆی لەپەروەردەیدا نابینێتەوە، لێرەشەوە جارێکی دی مامۆستا ڕۆڵی ئەو باوکە دەبینێت کە لەچوارچێوەی خێزانەکاندا دەسەڵاتدارەو زاڵێتی و هێزی خۆی دەسەپێنێ و فەرمان دەردەکات و ئەندامانی خێزان یاخود خوێندکارەکان دەبنە جێبەجێکەری ئەو فەرمانە بێ هیچ گفتووگۆو پرسیارێك.

٧. توندوتیژی سیاسی : بەربلاوترین و ئاڵۆزترین جۆری توندوتیژییە کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەچۆنێتی پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە بەشێوەیەك دەسەڵاتی تاکڕەهەندی لەبیرکردنەوەدا دەسەڵاتی شەرعی بەدەسەڵاتی سەرکوتکەرو گروپە پەراوێزەکاندا سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات کە گروپی پەراوێز خراو هەست بەفەرامۆش کردن و حساب بۆ نەکردن بکات و هۆکاری سەرهەڵدانی

توندووتیژی سیاسیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو بنەماکانی توندووتیژی لەخۆدەگرێت و ئامرازێکە کە زۆرجار بەمەسەلەی ئابوورییەوە مەزەندە دەکرێت.

توندووتیژی ئابووری: هۆکاری ئابووری رۆڵێکی دیاریکراوی گرنگ دەبینێ لەبڵاوبوونەوەی دیاردەکانی توندووتیژی دژ بە ژنان و ئەم جۆرە توندووتیژییە پەیوەستە بەباری گوزەرانی خێزان، یاخود مرۆڤەکانەوە بەدەر لەوەی لەخێزانەکاندا پاشکۆیەتی ئابووری ژنان بۆ پیاوان بەیەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی ئەنجامدانی توندووتیژی دادەنرێت کە پیاوان لەپێناوی دەستگرتن بەسەر سامانەکانی ژنەکەیدا بەهۆی ناچارکردنیان بۆ پاشگەزبوونەوە لەمافە ئابوورییەکانیان پەنا بۆ لێدانیان دەبەن. هەروەها بازرگانی کردن بەجەستەی ئافرەتەوە یاخود بەکەم وەرگرتنی کاری ژنان وەك بەرهەمهێن هەموو ئەوانە پەیوەستن بەسەرهەڵدانی توندووتیژی ئابووری لەخێزاندا.

# گەشتێک بەناو توندووتیژییەکانی دژ بە ژنان

## هۆکارەکانی توندووتیژی

سەرەڕای گرنگی دەستنیشانکردنی هۆیەکانی پیادەکردنی توندووتیژی، بەڵام بێگومان تەنها هۆکارێکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ ڕوودانی توندووتیژی و تەنها پەیوەندیدار نییە بەلایەنێک لەبوارەکانی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و یاسایی ..هتد. بەڵکو ڕوودانی پەیوەستە بەکۆمەڵێک هۆکاری جیاجیاوە کە بەهۆیەوە دووچاری خێزانەکان دەبێتەوە کە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک فشار دێتە ئاراوە و گرنگترینیان لەماندا خۆی دەبینێتەوە:

١.زاڵێتی دەسەڵات و ڕۆشنبیری پیاوسالاری لەکۆمەڵگەدا.

٢.نەبوونی یاسایەکی بەرجەستەی تایبەت بەڕەنگاری توندوتیژی بۆ سازدانی هەر کەسێک کە پیادەی هەر جۆرێکی توندوتیژی دەکات بەرامبەر رەگەزی بەرامبەر.

٣.دڵەڕاوکێی پیاوان، پیاوان بەهۆی کارکردنیان هەست بەجۆرە چەوساندنەوەیەک دەکەن بەخووی خۆیان، ئەمە جگە لەدڵنیا نەبوونیان لەڕووی داراییەوە کە بەهۆیەوە فشاری پێداویستییەکانی ژیان لەسەریان زیاد دەکات و هەمیشە لەدڵەڕاوکێدا دەژین و وایان لێدێت پیادەی توندوتیژی بەسەر ژنەکانیاندا بکەن لەواتایەکی دیکە هەستی تووڕەیی بەسەریاندا زاڵ دەبێت بەشێوەیەک ناتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

٤.دواکەوتوویی کۆمەڵگەی و پێکهاتەی خێزانەکان و داب و نەریتە باوەکان.

٥.بارودۆخی سیاسی.

٦.بارودۆخی ئابووری کە خۆی لەزۆری رێژەی بەتاڵەو پەیوەستبوونی هەندێ لەخێزانەکاندا دەبینێتەوە لەسەر یارمەتی خزم و کەس و کاروەدەزگا خێر خوازەکان.

٧.ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە بەوەی تا چەند کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارن و پیادەی جیاکاری رەگەزی تیادا باڵادەستە.

٨.بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخوێندەواری، نزمی ئاستی میتۆدی فێرکردنی زانستی بۆماوە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان هۆکارن لە پەرەسەندنی دیاردەی توندوتیژی.

٩.کلتوور کە بێگومان داب و نەریتە باوەکان دەگرێتەوە بەدەر لە ئایین کە ڕەگێکی قووڵی لەناو مێژووی کۆمەڵایەتی وسیاسی و مرۆڤایەتیدا هەیە و ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین بەهەموو "تایەفەو، مەزهەب و ئایینەکانەوە.." تیایاندا بەشێوەیەکی توندڕەوانە پیادە دەکرێت و بری زەبرو زەنگ دژی ژن و مناڵ بەشێوەیەکی ئاشکراو روون دەردەکەوێ.

١٠.هەستکردنی مێرد بە چەوساندنەوە یاخود بێ کاری "بەتاڵە".

شێوازەکان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن

بێگومان سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەکاندا ئەگەرچی باس لەبوونی ئەم دیاردەیە بە هۆکارەکانییەوە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار گەلێک لەمیانەی هەموو ئەو بەئاگابوون و گوێبیستیەدا دێتە ئاراوە بەوەی ئایا تا چەند لەڕاگەیاندنەکانەوە ئەو توندوتیژییە کاریگەری دەبێت بەسەرمانەوە؟ ئایا ئەو کەناڵانە تا چەند ڕۆڵیان دەبێت لەڕووبەڕوو بوونەوە یاخود دانانی بەربەست لەڕووی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە لەدەرئەنجامدا توندوتیژی لێوە بەرپا دەبێت

که دواتر هەرەشە لەژیانی خێزانەکان دەکات ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لەسەر توندووتیژیو کاریگەرییەکانی لەسەر تاکو کۆمەڵ پاش جەنگی جیهانی یەکەم بووە جێی بایەخدان کە ڕێژەی تاوانەکانو توندووتیژیو کێشەکانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو پاش ئەو ماوەیە روو لەزیادبوون بوو بەشێوەیەك هاندەربوو بۆ توێژەرەوەکان بۆ بەدواداچوون لەسەر هۆکارو پاڵنەرەکانی، هەوڵیاندا کە رۆڵی راگەیاندنەکان بزانن چییە کە دەبنە هۆی دروست بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەکی دیکەو لە دەرئەنجامدا گەیشتنە ئەم خاڵانەی خوارەوە تیوری کاریگەری بەهێز یاخود رەها "تیۆری فیشەکی راگەیاندن" هەندێ لەخاوەنی ئەو تیۆریانە وایدەبینن کە شێوازەکانی راگەیاندن کاریگەری بەهێزو راستەوخۆی لەسەر تاکو کۆمەڵ هەیە، بەشێوەیەك دەگاتە رادەی دەستبەسەر گرتنیو بالادەستیو زاڵبوون کە ئەوەش کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت هاوشێوەی فیشەك کە دەربازبوون لێی مەحاڵە.

-تیۆری کاریگەری سنووردار بۆ شێوازەکانی راگەیاندن:

تیۆری فیشەکی راگەیاندن بوو بەهۆی هەژاندنو راچڵەکاندنی لەبەرامبەر دەرەنجامی توێژینەوە مەیدانیەکانی کە توێژەرەوەکان لەبواری زانستی دەروونیو کۆمەڵایەتی ئەنجامیاندا، بۆیان

دەرکەوت بەوەی کاریگەری شێوازەکانی ڕاگەیاندن زۆر سنووردارە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاریگەرییانەی بەهۆی هەندێ هۆکاری دیکەوە ڕوودەدات وەك خێزان، ڕێبازی تاك و پارتەکان..هتد.

-تیۆری کاریگەری ڕێك و ڕەوان "معتدل" بۆ شێوازەکانی ڕاگەیاندن ئەم ڕێبازە لەکۆتایی شەست و حەفتاکاندا بەدەرکەوت کە خاوەنەکانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە کاریگەری شێوازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاك کاریگەری دەبێت بە هۆکارو گۆڕانکارییە دەروونییەکان، بەواتایەکی دیکە ڕەفتارو ڕەوشتی تاکەکان بەرامبەر بەشێوازەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەهێزتر دەبێت لەهۆکارو گۆڕانکارییەکانی بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەرییەکی موعتەدیلی دەبێت.

-تیۆری کاریگەری بەهێز: خەونەکانی ئەم تیۆرە پەی بە کاریگەری شێوازەکان دەکەن بەسەر تاك و کۆمەڵدا، بەڵام لەپێگەی ئەو کاریگەرییە نە کەم دەکەنەوە نە زیادەڕۆیی تیا دەکەن، بەڵکو قبوڵی بەهێزو کاریگەری دەکەن گەر ڕەچاوی هۆکارو شێوازی دیاریکراوو هەڵوێستی دیاریکراو بکرێت وەك دووبارە بوونەوەی پەیامی ڕاگەیاندن و شمولیەت و پاشان تەوافق و گونجاندنی، چونکە بەرەچاوکردنی ئەو هۆکارو بارودۆخانە کاریگەرییەکە بەهێزتر دەبێت.

-ڕۆڵی شێوازەکانی ڕاگەیاندن لەڕووبەڕوو بوونەوەی دیاردەی توندوتیژی شێوازدکانی پەیوەندی کردن بە جۆرەکانیەوە

دەتوانین رووبەڕووی دیاردەی توندوتیژی خێزانی بینەوە بەشێوە جۆربەجۆرەکانیەوە ئەمەش بەڕۆڵی هۆشیاریو رۆشنبیری دەست پێدەکەیت کە لەواقعدا قسەکردن لەسەر توانای هۆشیاری، رۆشنبیری لەبەرامبەر دوو گریمانەی سەرەکیدا رامان دەگرێت ئەوانەش:

-گریمانەی یەکەم : گریمانەی رێبازی سلبی‌یە.

ئەم تیۆرەیە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە شێوازەکانی راگەیاندن بەشدارە لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی توندوتیژی ئەمەش لەڕێگەی ناوەڕۆکی ئەو باسانەی دەیانخاتە بەردەم جەماوەرو لەڕێگەی تەلەفزیۆنو بڵاوکراوەکانو گۆڤاری ڤیدیۆو فیلمە سینەماییەکان.. هتد. بۆیە خاوەنەکانی ئەم تیۆرییە داوا دەکەن بەچاودێریو پشکنینی توند لەمەڕ محتەوەیاتی راگەیاندنی توندڕەو وەك ئازاردانو خراپەکاری بۆ ژنان یاخود منداڵ یان بەساڵاچووەکان یاخود هەر تاکێك لەتاکەکانی خێزان، ئەمە جگە لەوەی وای دەبینێت کە ئەخشەیەی ئەو بەرنامەیەی ئامانجەکەی لەگەڵ ئەو چاودێریکردنەدا یەکانگیر دەبێتەوە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لەگۆڕانی شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەئامرازە کاریگەرەکان سەبارەت رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

-گریمانەی دووەم: گریمانەی رێبازی "شگ" یاخود بەشداربوو "مشارك" کەتێڕوانینەکەی لەچوارچێوەی چاودێری کردنو بەرنامەدا تێدەپەڕێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی هاوبەشی شێوازەکانی راگەیاندنو بەشداریکردنی راستەوخۆو راستگۆ

لەڕووبەڕوو بووەنەوەکاندا سەبارەت کێشەی توندووتیژی خێزانی ئەوەش لەڕێگەی توانای "جهود" هۆشیاری و بەرنامەڕێژییەکی تەوارەوە کە لەچوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتمانییەوە جێبەجێ بکرێت ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوازەکانی راگەیاندن دەتوانرێت استغلال بکرێت لەڕێگەی هەڵمەتی راگەیاندنەکانەوە کە هەوڵ بدرێت بۆ گۆڕینی زانیارییە هەڵەکان لەمەڕ چەمکی توندووتیژی و مەترسییەکانی و کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵ لەشێوەی زانیاری راستەقینەو ورد ئەوەش بە بەکارهێنانی شێوازەکانی راگەیاندن تایبەت بەو ئامانجە ئەمە جگە لەوەی گرنگترین ستراتیجیەتی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە بەکارهێنانی راستیەکانە لەڕێی ژمارە واتە ئامارەوە لەمەڕ سروشتی و قەبارەی کێشەکان و پاشان خەسڵەتەکانی خوڵقێنەرەکان لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەمەن و ئاستی رۆشنبیرییەوە پاشان دیاریکردنی شوێنە مەبەستدارەکان بەهۆشیارییەوە لەو هەڵمەتەدا کە یەکێك لەو ئامانجانەی دەچێتە بواری هەڵمەتەکەوە دەستنیشانکردنی رادەی زیان یاخود ئەو شوێنەوارە سلبییانەی توندووتیژی بەجێدەهێڵێ لەسەر خێزان و کۆمەڵ.

ئەمە جگە لەوەی پێویستە لەناوەڕۆك و ئاراستەکردندا جەخت "ترکیز" بخرێتە سەر بنەماکانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و دەروونی کە هەڵگری هەر کۆمەڵگایەکە بەدەر لەوەی ئایین لەو

بوارەدا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەڕوونکردنەوەی شوێنەوارە سلبییەکانی توندووتیژی لەسەر کۆمەڵ کە لەڕێگەی پیاوانی ئاینیو ئامۆژگاران دەتوانن رۆڵی گەورە ببینن لەو بوارەدا جگە لەپرس کردن بەو کەسانەی کە خاوەن جەماوەرو کەسایەتین لەناو کۆمەڵدا بەشێوەی گروپی فشارو کاریگەر لەسەر کەسانی دیکە، هەروەها یەکێك لەو مەسەلە سەرەکییانەی کەپێویستە رەچاوی بکرێت لەنەخشەی هەڵمەتەکانی راگەیاندن لەبواری رووبەڕووبوونەوەی توندووتیژی خێزانی نەخشەی وردە بۆ پەیامەکانی روونی، وردی، نەرمیو پاشان کورت.

# بەرپرسیاریێتی مامەڵەکردن و ناساندنی توندووتیژی دژ بەژنان لەئەستۆی کێدایە؟

بێگومان توندوتیژی دژ بەژنان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و یاساییە بەشێوەیەک بەرپرسیاریێتی ناساندن و چارەسەری دەکەوێتە ئەستۆی پیشەییەکان و بۆ ئەوەی ئەو بارو دۆخ و کەش وهەوا هاوکارییەی نێوان پیشەییەکان بێتە ئاراوە پێویستە تا ئەو کاتە پەیوەستنامەیەک هەبێت لەمەڕ ئامانجە سەرەکییە هاوبەشەکان لەنێوانیاندا و تێگەیشتنی بەردەوام و پەیوەستنامە لەسەر ئیجرائاتی نووسین بەشێوەیەک کارەکان پێکەوە ڕێکبخەن و پیشەییە مەبەستدارەکان ئەمانە دەگرێتەوە:

١.ئەوانەی کار لەدام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندی دەکەن.

٢.ئەوانەی لەبواری تەندروستی دەروونیدان.

٣.کارکردوانی بواری دایك و منداڵ.

٤.کارکردوانی بواری بەشەکانی فریاگوزاری "گواری‌و" و نەخۆشخانەکان.

٥.پۆلیس.

٦.ئەوانەی کار لەگرتووخانەکان دەکەن.

٧.کارکردوانی بواری پاراستنی خێزان بۆ چارەسەرو ئامادەکردنی قوتابیان.

٨.کارکردوانی بواری پاراستنی خێزان بۆ چارەسەرو ئامادەکردنی دەستدرێژیکەرانە.

٩.سندووقی یارمەتییە ماددییەکان.

١٠.قەزای دادگای شەرعی‌و نیزامی‌و ئیدعای گشتی.

**رۆڵی کارکردووەکان لەدام‌و دەزگا تەندروستییەکاندا.**

خزمەتگوزاری تەندروستی رۆڵێکی گرنگ‌و قیادیان هەیە لەرووی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو حاڵەتە خراپەکارییانەی رووبەرووی ژنان دەبێتەوە لەبەر ئەوەی هەموو کات ئەو شوێنە خزمەتگوزارییانە کراوەیەو بوونی هەیە.

گرنگی ئەو رۆڵە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە زورتر پێی دەزانرێت‌و رێگری دووبارە بوونەوەی لێدەکرێت‌و هاوئاهەنگی دەکرێت لەگەڵ شوێنە خزمەتگوزارییەکانداو ئەوانەی لەم بوارەدا

کاردەکـەن پێویسـتە لەسـەریان چارەسـەری تـەواو پێشـکەش بەقوربانیان بکەن، بایەخ بەپێداویستییە جەستەیی و دەروونی و رۆژانەکانیان بدرێت و دەشێت پێویستی بەپاراستن یاخود لانە "ملجا" هەبێت بۆ رێنمایی یاسایی، دەروونی و کۆمەڵایەتی، سەرەڕای چارەسەری تەندروستی بەدەر لەوەی پێویست بەزانینی ئەو بابەت و پێداویستیانە دەکات کە پێشکەشیان کراوە یاخود دابینکراوە بۆیان لەکۆمەڵدا.

رۆڵـی کارکردووەکـان لـەدام و دەزگـای دادوەری یاسـاییدا ئەفسەرو پیاوانی پۆلیس لـەکات و روودانـی خراپەکاریدا، جگـە لەبەدواداچوونی جەزانی بۆ ئەو حاڵەتانەی لەلایەن لایەنـەکانی ترەوە ئاگادار دەکرێت بـەدەر لەکۆکردنـەوەی ئەولـەوی تـاوان و دەسـتگیرکردن جگـە لـەهاوکاری کـردن لەپشـتیوانی هـەر پێداویسـتییەک بـۆ پاراسـتنی ژنـان و بەشداریکردن لەپاراسـتنی خێزانەکاندا، بەشداریکردنی پۆلیس لەکاتی حاڵەتی توندووتیژی خـێزانیدا مەترسـییەکی زۆر بـەخۆوە دەبینـێ چونکـە کەسـی تەعەداکەر دەشێت زیاد لەپێویست توندووتیژ بێت بەهۆی بوونی پۆلیس لەماڵەکـەیدا بۆیـە بەرپرسـیارێتیەکی قـورس دەکەوێتـە ئەستۆی ئەفسەر کە بەشێوەیەک پێویستە بزانێ جێبەجێکردنی یاسا لەئەسـتۆیدایەو تـەرکیزێکی وردو بەپەلـە بخاتـە سـەر

بارودۆخەکـە، چونکـە حالـەتی توندووتیـژی خـێزانی راکێشـی دڵەڕاوکێی توندی دەروونی و سۆزداری بەخۆوە دەبینێ.

# ئاکەی پیاوان دووفاق دەبن..؟

زەمینە دیموکراسی و گۆڕانە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمڕۆی کوردستان پەردەی زۆری لەسەر نهێنییەکان لابرد و کەسانێکی زۆری ئاشناکرد بەزۆر چەمک و بوارە جیاجیاکانی دنیا، بەشێوەیەک کەسانێکی زۆری لەپیاوان ناچارکرد بانگەشە بۆ

مەدەنی بوونی کۆمەڵگاو دروشمی یەکسانی و ئازادی هەڵبکەن، ئەگەرچی لەناخیانەوە تانەو رادەیە باوەڕیان بەو راستییانە نەبووەو تائەمڕۆش لەگەڵ خۆیاندا لەملململانێدا دەژین و رەنگدانەوەی لەکردارەکانی رۆژانەیاندا دەیانخاتە ئەو ئاستەی جێی سەرنج و گومان و لێپرسراوێتیی بن، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەم، تێڕوانین و بۆچوونی زۆرینەی پیاوانە کەگفتوگۆو دیالۆگەکانیان بەهیچ شێوەیەک یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ کردارەکانیاندا، پیاوانێک لەهەموو چین و توێژە جیاجیاکانی ئەم کۆمەڵگایە کە لەهەموو کۆبوونەوەو دانیشتنێکدا رەخنەگرن لەسەر ژنان بەوەی نایەنە مەیدانی کارو چالاکییەکانەوەو بوار بەخۆیان نادەن گەشەبکەن و پەل بهاوێژن بۆ شوێن و پۆستە

جیاجیاکان، بەتایبەت بواری سیاسەت، بەڵام هارکات خۆیان ڕێگری یەکەمی هاوسەرو خوشك و دایك..هتد دەکەن بەو پاساوەی بواری سیاسەت کارو مەیدانی پیاوانە وەك ئەوەی ژنان بەدرێژایی مێژوویی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردا هیچ کۆشش و خەباتێکیان لەپێناوی ڕزگاری و سەربەخۆبوونی خاك و میللەتەکەیاندا نەکردبێت، دەمەوێت ئاشکراو ڕوونتر قسە لەسەر ڕێگرتنی زۆربەی ئەو پیاوانە بکەم کەئەوەندەی لەمڕۆدا پێیان باشە هاوسەرەکانیان لەبوارێکی وەزیفیی دیاریکراودا کاربکەن و بەجۆرەها پاساو ڕێگری و بەربەست و ململانێ و بەربەرەکانی لەگەڵیاندا دەکەن ئەو کاتەی دەیانەوێت لەچالاکترین و بەرفراوانترین بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم)ـە لەکوردستاندا ئەو بزووتنەودیەی ئیرادەی تاك دەچەسپێنێت و هەڵگری ئاوات و خواستەکانی سەدان ساڵەی یەکەیەکەی تاکی ئەم کۆمەڵگایەمانە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە حەقی خۆیەتی ئەو پیاوانە بەئاگابن لەوەی ئەو دوو فاقییەی ئەوان پیادەی دەکەن، تاسەر بۆیان مەیسەر نابێت و دەشێت لەمارەیەکی داهاتووی نزیکدا هەروەك چۆن دوابەدوای ئازادیی ناوچەکانی عیراق پەردە لەسەر نهێنییەکان لاچوو فایلی زۆر لەتاوانباران خرانەڕوو دەشێت فایلی یەکە بەیەکەی پیاوان دووفاقییش ئاشکرا بکرێت بۆ ئەوەی چیتر لەژێر

ئەو سێبەرەدا ژنان نەچەوسێنەوەو ڕێگرو بەربەست نەبن لەهەنگاوەکانیاندا بەسنووردارکردنیان بەو پاساوەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارین و هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی ژنان بچنە نێوەندی هەموو مەیدانەکانی کارکردنەوە بەتایبەت ئەو مەیدانانەی کەناتوانرێت بەکاتێکی دیاریکراوەوە پابەند بێن.

لێرەوە دەمەوێت بەهەموو ئەو پیاوو تەنانەت ژنانەش ڕابگەیەنم کەهەوڵیان لەگەڵدا دەدرێت بەوەی بارەڕ بەپاساوە جۆربەجۆرەکانیانەوە بکرێت ئاخۆ دەبێت چ گۆڕانکارییەك لەدنیادا بۆ قوربانیدان بووبێت..؟ چ هەنگاوێکی گۆڕانکاریی بۆ ڕێچکە شکاندنی هەموو ئەو کۆت و بەندانە بووبێت کەساڵەهای ساڵە دەستیان ناوەتە بینەقاقامان..؟ چ بەرپابوونی بزووتنەوەیەك بۆ خەبات و هەوڵ هاتووەتە ئارا..؟..هتد.

دەرئەنجام هی ئەوەیە کەژنان بزانن بەوەی هەموو ئەو ڕێچکە شکاندنانە بوێریی و توانا و بڕیارو هیلاکی و قوربانیدانی دەوێت لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك کۆمەڵگاکەمان و لەپاڵیشیدا دەبێت پیاوان ئەوە بزانن کەبەردەوام بوونیان لەو دوو فاقییە لەکۆمەڵدا نایانگەیەنێتە ئامانج و مەرامەکانیان بۆیە پێویستە بەئاشکرا یان ئالای یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی و

بەمەدەنیبوون هەڵکەن یاخود پێچەوانەکەی و چیتر دروفاقییەکەیان

پاسار قبووڵ ناکات..

# لەمەدا دەبێت

# پیاوان دەستپێشخەربن

ئاشکرایە هەموو کۆمەڵگەیەك بەپێی ئەو بارودۆخ و پەروەردەیەی ژیانی تێدا گوزەراندووە هەندی هەڵسوکەوت و بیروڕاو رەوشت دەبێتە داب‌ونەریتێکی چەسپاو بە شێوەیەك لادان لەو داب‌ونەریتانەو هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبێتە کارێکی عەیبەو جێگەی سەرنج، کەسەکانیش لەوێوە دەبنە جێی باس و وێردی سەر زمانی خەڵکی لەکاتێکدا دەشێت ئەو داب‌ونەریتانە خاڵی باش و لەهەمان کاتدا خراپیشیان تێدا بێت.

مەبەستم لەوە نییە کەنابێت کار بۆ گۆڕینی خاڵە سلبییەکان بکرێت بۆ ئەوەی کەسانی دەستپێشخەر نەبنە وێردی سەر زمانەکان، چونکە باوەڕی تەواوم بەوەیە هەوڵدان بۆ بەزاندنی هەر سنوورو گۆڕانکارییەك پێویستە کەسانێکی دەستپێشخەر هەبن و ببنە سەرەتایەکی قوربانی و سووتەمەنیەکان لەپێناوی بەدیهێنانی هەر ئامانجێکدا.

لێرەوە دەمەوێ بڵێم زۆر جار قسە لەسەر ژنان دەکرێت سەبارەت هەندێ لەو مەراسیم و بۆنە خۆش و ناخۆشانەی بەڕێی دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەراسیمێکی سەرنجداری نێو پیاوانیش جێی تێڕامان و قسە لەسەرکردنە کەبۆتە دیاردەیەکی باو بەشێوەیەك ئەگەر چی بۆڵەبۆڵ و نیگەرانی و نارەزایی تاکەکانی زۆر لەسەردەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بە ناچاری و زور جار خۆشیان دەخەنە ژێر باری قەرزاری و نائارامییەکی دەروونیی واوە کەدوو هێندە باری ئەو خێزانە قورستر دەکات، ئەوەش ئەوەیە لە سێیەم ڕۆژی پرسەدا پیاوان لە پرسەکەوە بەرەوماڵی نزیکترین کەس و هاوڕێی خاوەن پرسەکە دەبرێن، بەڵام ئەوەی جێی قسە لەسەرکردنە چۆنێتی بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی هەموو ئەو خواردنە جۆراو جۆرانەیە کەهاوشێوەیە لەگەڵ هەموو ئەو ئامادەکاریانەی لەشیرینی و میوەی جۆراو جۆر دەرازێنرێتەوە کەلەشەکراو خواردنەوە واتە مەراسیمی چوونە نێو ژیانی هاوسەرییەوە دەچێت لە کاتێکدا دوو مەراسیمی تەواو جودان لەیەکتری. ئەوەی زیاتر جێی باس و گرفتەکەیە ئەوەیە کەهەندێ لەو خێزانانەی باری دەرامەتیان لاوازە ناچاردەکرێن، لەبەر عەیبەو چاولێکەری و چەسپاندنی داب و نەریتەکان خۆیان بخەنە ژێر فشاری قەرزەوە، هەندێ جاریش خاوەن پرسەکە خۆی

هەڵدەستێت بەکڕینی شیرینی و میوە بۆ بەرێکردنی ئەو مەراسیمە سەربارى ئەو خەمو پەژارەیەی بەهۆی لەدەستدانی کەسێکی نزیکیەوە دووچاری خەمو نائارامییەکی دەروونی بۆتەوە، لەکاتێکدا مەبەست لە ئامانجە راستەقینەکەی پرسە کۆبوونەوەی خەڵکانی خۆشەویستی خاوەن پرسەکەیە لە دەوری بۆ دڵنەوایی و خەم رەوێنی نەك ئەرك خستنە سەر لایەنی ماددی و مەعنەوی ئەو خاوەن پرسەیە بە شێوەیەکی وا کەخەمەکەی دوو هێندە بکەن. جێی خۆیەتی باس لەوە بکرێت کەهەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو جۆرە دیاردانە بەشێوەیەکی وا جەخت و فشار نەخاتە سەر باری دەروونی هەر یەکە لە مرۆڤەکان ئەرکی هەمەلایەنەی دەوێت و کاری هەموانە بەجدی هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەو داب و نەریتانە بدەن کەدەشێت بە شێوەیەکی دی بەڕێوەبچێت کەکاریگەریی ماددی و مەعنەوی بۆ کەسانی بەرامبەر دروست نەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا لێرەدا دەبێت پیاوان دەستپێشخەربن بۆ گۆڕینی ئەو دیاردەیە. لێرەشەوە دەڵێم تەنها ئەم دیاردەیە نییە پێویستی بەگۆڕین بێت، بەڵکو هەموو ئەو مەراسیمانەی بەمەبەستی شەکراو خواردنەوە بەڕێوەدەچێت و ئەرکێکی زۆری ماددی دەکەوێتە ئەستۆی کەسوکاری پیاوەکە بەگشتی، دەشێت ئەمەش باسێکی دی بێت قسەی زۆرو هۆکارو دەرەنجامی زۆری لێبکەوێتەوە.

# چەمکی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە

یەکێك لەو چەمکانەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە هەڵوەستە لەناستیدا دەکرێت و تێڕوانین و لێکدانەوەی دوور لەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ دارێژراوەو بەردەوام وەك چەمکێکی قەدەغەکراو حسابی بۆ کراوە چەمکی هاوڕێیەتییە.

ئەوەی مەبەستمە چەمکی هاوڕێیەتی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازە کەدەشێت هەریەکەیان بەهۆی هەندێ هۆکاری پەروەردەیی، کەلتوور، دابونەریت و ئاینەوە لەئاست وشیارییەکی ئەوتۆدا نەبن و بەهۆیەوە ستەمێکی زۆر دەرهەق بەو چەمکە بکەن ئەو کاتەی کەسێکیان یاخود هەردوولا لەچاوەڕوانیدا نەبن کەئەو پەیوەندییەیان ڕووەو ئاراستەیەکی دی بڕوات، بەواتایەکی دیکە بگاتە (مصارحە) کردن و دواتر زەواج. لەو بۆچوونەوە هەریەك لەوانە بەهۆی خەون بینینیان بەبەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دەبنە مایەی شێواندنی ئەو مانا پڕ لەهەست و خۆشەویستییە ڕاستەقینەیەی کە لەهاوڕێیەتییەوە بەرجەستە دەبێت بۆ مرۆڤەکان. لێرەدا ئەوەی جێی باسەکەی منە چوونە نێو چەمکی

هاوڕێیەتییە بەمانا ڕاستەقینەکەی، بۆیە نامەوێت لێرەدا بچمە نێو هۆکارو دەرئەنجامەکانی تێنەگەیشتن لەو چەمکە پیرۆزە. زۆرجار وتراوە دەشێت دوو هاوڕێ ببنە دوو خۆشەویست، بەڵام ناکرێت دوو خۆشەویست ببنە دوو هاوڕێ، بەڕای من پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەڵام بەو مەرجەی هەریەک لەو دوو مرۆڤە بەهەموو مانایەکی مرۆڤایەتی ئاشنا بن، چونکە لەو کاتانەدا دەتوانن تێڕوانینو جیاوازییەکانی یەکتری قبوڵ بکەنو (تقدیری) یەکتری بکەن.

بۆیە بەبڕوای من هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە کە دەتوانێت گەشەو بەردەوامیی بەمرۆڤەکان ببەخشێ، یارمەتیدەری چالاککردنەوەو بزوێنەری ژیانی هاوسەرێتی بێت، ڕۆحی خۆشەویستی لەنێوان دوو خۆشەویستدا زیندووبکاتەوەو مرۆڤەکان لەڕێگەیەوە فێری ماناکانی ئازادیو سەربەخۆیی ببن، چەمکی هاوڕێیەتییە بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەخۆدەگرێتو دەتوانن پێکەوە گۆڕانکاریو داهێنان بهێننە ئاراوە، هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی عەقڵو دنیای هەردوو توخمەکە لەیەکتریو سنورەکانی چەپاندنو ترسو شەرمو قەدەغەکراوەکانو حەرامەکان دەبەزێنێ، لەهەمووی گرنگتر تۆوی خۆشەویستی دەخوڵقێنێ بەهەموو مانایەکییەوە کە لەڕێگەیەوە

هەردوو ڕەگەزەکە هەست بەخەیاڵ و خەون و ئارەزووەکانی یەکتری دەکەن و عەقڵی یەکتری دەخوێننەوە بەدەر لەماوەی نێوانیان، خۆشیی و ناخۆشیان و ئامادەبوون و نەبوونیان دەتوانن لەبری یەکتری قسەکەرو بکەرین لەکاتی پێویستدا هاوڕێیەتییە هەمیشە وات لێدەکات هەست بەتەنیایی نەکەیت و دڵفراوان و لێبوردە بیت، لەکاتی نیگەرانییەکاندا بۆ لێکدانەوەی جیاوازییەکان لەڕووی تەمەن، ئاستی کۆمەڵایەتی و خوێندن و جوانکاری دواتر هاوڕێیەتییە مانای ژیانەوەت پێدەبەخشێ و لەڕێگەیەوە هەست بەجوانییەکانی دەوروبەرت دەکەیت، بەڵام لەکۆتایی هەموو ئەو هەستە ڕۆحیانەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە بەرەی چی بێت لەئاست مرۆڤەکاندا ڕێگر بێت لەبەردەم هەموو ئەو هەستە مرۆڤایەتییە جوانانەدا؟ تاکەی قبوڵی ئەو ڕێگریانە بکەین کەزاڵ بێت و هەستەکان لەناخماندا لاواز بکات و بیکوژێت؟ دواتر ماوەتەوە بڵێم هۆشمەندیی مرۆڤەکانە بەپرنسیپ و بنەماکانی هاوڕێیەتی کەنایەڵێت هاوڕێیەتی چەمکە ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەستبدات.

# ژنانیش گێچەڵی سێکسیی بە پیاوان دەکەن!

گێچەڵی سێکسیی زاراوەیەکی بیانییەو مانایەکی دیارکراو ناگەیەنێت، بەڵکو بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو رەوشتانە لەخۆدەگرێت کە پێشێلکارییە بۆ مافە سێکسییەکانی ژنان کە شێوازی جۆراوجۆری وەك قسەکردن و توانج و تانەو وشەی بریندارو دەستدرێژیی گوزارشتی لێدەکرێت، هەندێك لەو توێژەرانەی تایبەت بەبواری کۆمەڵایەتی لەچین لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامداوە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەنێوان ژناندا سەبارەت زانینیان بەشێوازەکانی گێچەڵ پێکردنی ژنان لەلایەن پیاوانی هاورێیانەوە لەئەنجامدا بۆیان دەکەوتووە کە ٤٨٪ی ژنان رووبەرووی قسەو نوکتەو لۆمەی سێکسی بوون و ١٢٪ داوایان لێکراوە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان سێکس بکەن، بەڵام ٢٦٪ لەوانە دووچاری دەستگرتن و ماچکردن بوونەتەوە لەمەیدانی کارەکانیاندا، ئەمە جگە لەرێژەیەکی دیکەش لەژنان کە دووچاری گێچەڵی سێکسیی بوونەتەوە لەشوێنە گشتییەکانداو زۆرجار

بەهۆی رەتکردنەوەو خۆبەدەستەوەنەدانی ژنان بۆ خواستونارەزووە سێکسییەکانی کەسی بەرامبەر بەتایبەت گەر ئەو کەسە دەسەڵاتدار یاخود بەرپرسێك بووبێت بۆتەهۆی گواستنەوەو لابردنی ئەو کەسە لەشوێنی خۆی یاخود هەندێجار سزاکە تەنها بەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو گەیشتۆتە رادەی قسەو قسەلۆكو ناوزڕاندن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەوەی تەنها ژنان رووبەرووی گێچەڵی سێکسیی دەبنەوە، بەڵکو پیاوانیش قوربانیی ئەو دیاردەیەنو هەندێ لەلاوان کە تەمەنیان لەنێوان (١٦-١٨) ساڵدایە نارەزاییان لەئاست کەمترخەمیی پەروەردەکردنی خێزانەکانیانەوە دەربڕیووە بەوەی بوونەتە قوربانیی ژنانی تەڵاقدراو یاخود ئەو کچانەی شوویان نەکردوەو تەمەنیان لەنێوان (٢٠-٤٠)ساڵیدایە بەدەر لەوەی پیاوانیش دووچاری مغازەلاتی سێکسیی دەبنەوە لەلایەن لێپرسراوەکانییانەوەو لەئاکامدا بێدەنگیی هەڵدەبژێرن لەترسی دەرکردنیان لەشوێنی کارەکانیاندا.

یاسا دەستەوەستانە لەئاست قەدەغەکردنی گێچەڵی سێکسیدا

شارەزاکانی بواری تەشریعی یاسایی تێڕوانینو بۆچوونی جیاجیان هەیەو لەو رووەوە هەندێك لەوانە پێیانوایە گێچەڵی سێکسیی چوارچێوەیەکی دیارو بەریەك کەوتووی نییە، ئەوەش وایکردووە دیاریکردنی سزایەکی یاسایی مەحاڵبێت لەوکاتانەدا ئەمە جگەلەوەی دەستکەوتنی ئەدلەیەکی چەسپاو لەو رووەوە کارێکی ئاسان نییەو ئەزموونی سەرنەکەوتنی وڵاتانی دیکە لەرووی چارەسەرەوە بۆی بۆتەهۆی دڵەراوکێیەکی زۆر بۆ هەردوو

رەگەزەکەو گەورەترین زیان لەگێچەڵپێکردنی سێکسی ئەوەیە کە لەنێوان تاکو لێپرسراوەکەیدا روودەدات، پاشان لەنێوان تاکەکانی خێزاندا بەتایبەتی منداڵان سەبارەت هەرزەکارانیش پێویستە بەجەرگ‌ونەترس‌و بەتوانابن بۆ پاراستنی مافەکانیان سەبارەت بەڕووبەڕووبوونەوەی گێچەڵە سێکسییەکان‌و چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانەی لێی دەکەوێتەوە، لێرەوە نموونەی هەندێک لەو گێچەڵانە دەخەینەڕوو کە لەڕێگەی توێژینەوەیەکەوە ئەنجامدراوە بەمشێوەیە:-

-٥١١ سکاڵای گێچەڵی سێکسیی بەڕێژەی ٨٩٪ لەڕێی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە رویداوە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠١)داو لەماوەی شیکردنەوەی (٤٠) حاڵەتی سکاڵادا دەرکەوتووە:

١-زۆربەی ئەوکەسانەی پیادەی گێچەڵی سێکسیی دەکەن لە٩٠٪یان پیاوانن‌و لەتەمەنی ٣٠ساڵیدان‌و زۆربەیان ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێناوەو ٦٥٪ لەوانە خاوەن پۆستێکی بەرپرسیارێتین‌و ئەوانەی دیکەیان پەیوەندییان هەیە بەوانەی دووچاری گێچەڵ بوونەتەوە بەهۆی هاوڕێیەتی یاخود یەکترناسین‌و خزمەوە.

٢- لە ٧٧٪ ئەوانەی کە دووچاری گێچەڵ بوونەتەوە تەمەنیان لە (٢٢-٢٥)ساڵیدان و زۆربەیان کار لەپۆستی ئیداریی یاخود بواری هونەریدا دەکەن.

٣- زۆربەی حاڵەتەکانی گێچەڵ لەشوێنی کاردا روویداوە کەمێکیان لەشوێنی گشتی یاخود ماڵدابووە.

٤- ٢٥٪ی شێوازەکانی گێچەڵی سێکسیی بریتییە لەدەستگرتن و نزیکبوونەوە بەشێوەیەکی مەبەستدارو نوکتەی سێکسیی و قسەکردن پاشان داواکردنی پەیوەندیی سێکسیی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لەوتوێژینەوەیەدا وەڵامی ٨٣٧٩ کەس وەرگیراوە لەوانە ٧٧٪ی ژنان و ٢١٪ی پیاوان بوون کە دووچاری گێچەڵی سێکسیی بوونەتەوەو ٤٥٪ی ژنان و ٤٧٪ی پیاوان داوای دیاریکردنی تەمەنێکی یاسایی دەکەن بۆ قەدەغەکردنی گێچەڵی سێکسی و سەبارەت بەپەرچدانەوەیەك لەکاتی رووبەڕووبوونەوە بەهەرجۆرە گێچەڵییەك سێ جۆر هەڵبژاردە دیاریکراوە لەوانە:

١- پەیوەست بوون بەبێدەنگی (٥٤٪ی پیاوان، ٥٤٪لەژنان)

٢- چارەسەری نهێنی لەلایەن هەردوولایەندا (١٢٪ لە پیاوان، ٧٪ لەژنان)

٣- رووبەڕووبوونەوەی یاخود ئاگادارکردنەوەی لایەنە مەبەستدارەکان (٣٣٪ لەپیاوان، ٣٧٪ لەژنان).

له ٥٧٪ی گێچەڵی سێکسیی کە پیاوان دووچاری دەبنەوە لەڕێگەی قسەکردنەوە یاخود تەلەفۆن، قسەی کورتو پۆستەوە روودەداتو ٣٤٪ لەڕێگەی گرتن یاخود دەستەوە روودەدات ٧٪ بەهۆی گرتنی ئەندامانی هەستیارەوە لەلەشدا روودەدات، بەڵام لەلای ژنان ٣٩٪ی گێچەڵی سێکسیی لەڕێگەی قسەکردن، تەلەفۆن، قسەی کورتو پۆستەوە دەبێتو لە ٥٠٪ی لەڕێگەی گرتنی دەستو ٩٪ بەهۆی ئەندامانی هەستیار لەلەشدا روودەدات.

# توندوتیژیی دژ بەژنان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ توندوتیژییەکانی دژ بەژنان کراون جەخت لەکەمیی بەیانات و ئامارەکان دەکەنەوە، بەدەر لەوەی لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا کۆکن لەسەر بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی توندوتیژیی خێزانی دژ بەژنان، بەهەموو شێوەکانییەوەو جگە لەتاکڕەویی عەرەبەکان لەهەندێک لەشێوەکانی توندوتیژیدا وەک خەتەنەکردنی کچان و بەشوودانیان لەتەمەنێکی منداڵدا لەلێکۆڵینەوەیەکی د.ڤیۆلێت داگردا لەسەر توندوتیژیی لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا بەدوو بەش باسی لەو مەسەلەیە کردووە؛ بەشی یەکەمی تایبەتە بەشێوازەکانی پەیوەندیی خێزانەکان و بەشی دووەم باس لەحاڵەتەکانی توندوتیژیی دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لەبەشی یەکەمدا جەختی

لەوە کردووەتەوە پەیوەندییەکان لەنێوان خێزانی عەرەبیدا مەحکومن بەپاشماوەی پەیوەندیی کۆیلایەتی کە لەڕووی مێژووییەوە لەسێبەری سیستەمی باوکایەتییەوە دروستبووە کە بەئاشکرا لەو نێوەندەدا بالآدەستی و بەرژەوەندییەکانی پیاو دەپارێزێت و لەڕێگایەوە پیادەی ئەو ئازادی و سەربەستییە دەکەن کەبۆ ژنان ڕێگا پێ نەدراوە، جگە لەوەی باسی لەتوندوتیژیی سیاسیی و دەسەڵاتی سیستەمی حوکمڕانی کردووەو پەنابردنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ زاڵبوون بەسەر هەر دژایەتیکردنێکی کەڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە کۆمەڵگە، نابێتە جێی سەرسوڕمان، ئەو کاتەی ڕەنگدانەوەی توندوتیژیی لەڕەوشت و هەڵسوکەوتەکاندا دەردەکەوێت.

بەدەر لەوەی توێژەرەوەکە ئاماژەی بۆ بابەتێکی گرنگ کردووە ئەوەش توندوتیژییە لەشێوازی پەروەردەکردندا کەدووبارەبوونەوەی هەمان ئەو پەروەردەکردنە دەبێت کەپێشتر خۆیانی لەسەر پەروەردەکراون کەبێگومان کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی سلبیی لەسەر منداڵان دەردەکەوێت لەڕووی دەروونی و عەقڵیی و جەستەییەوە.

لەکۆتایدا توێژەرەوەکە لەلێکۆڵینەوەکەیدا جەختی لەسەر دیاردەو ڕەفتاری خراپتر کردووەتەوە لەلێدان و شێوازەکانی

توندوتیژیی جەستەیی لادەدات بۆ هەندێك خووڕەوشتی دیکە کەدەشێت زۆر زیانبەخشتربێت لەگەڵ کەمیی دیاردەکەدا، بەڵام بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە کاتێك باس لەحاڵەتەکانی توندوتیژیی کردووە، لەهەندێك لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەمەسەلەی توندوتیژیی پاساوە هەروەك چۆن لێدانی ژنانیشی بەپاساو داناوە..

لەڕووی ئەو توندوتیژییانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە بە میسر دەستی پێکردووەو ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کەزۆربەی قوربانییانی توندوتیژیی خێزانی لەمیسردا ڕووبەڕووی مێینەکان دەبێتەوە کەهاوسەر یاخود خوشكەو خەسوو و کچەکانیانە..هتد. لەگەڵ ئەوەی هۆیەکانی توندوتیژیی زۆرن، بەڵام لەباسەکەیدا هۆی ئابووریی بەسەرەکیترین هۆکار دادەنێت کە بەخراپی ئاستی بژێویی خێزانەکان دەستپێدەکات، جگە لەهۆیەکانی تری کۆمەڵایەتی کەدیارترینیان فرەژنیو ناچارکردنی ژنان دەگرێتەوە بۆ جیابوونەوە یاخود ملکەچکردنو دەستبەرداربوون لەمافەکانیان پێش ژیانی هاوسەرێتی بەدەر لەفشارخستنە سەر کچان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بێ ڕەزامەندیی خۆیان یاخود بێ ڕەزامەندیی خێزانەکانیان، بەڵام هۆیە ڕۆشنبیرییەکان وەك

گومانکردن لەڕەوشتی ژنان دەشێت یەکێك بێت لەکەمترین ئەو هۆیانەی کاریگەرییان هەیە.

لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکی ئاشکرا دەردەکەوێت لەنێوان بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی دژ بەژنان لەخێزانەکانداو نزمبوونەوەی ئاستی زانستیو رۆشنبیریی هەردوو هاوسەرەکە جگە لەبەرزیی رێژەی توندوتیژیی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێوان خەڵکانی چینی کارکردوو لەکرێکارانو جووتیارانو ئەوانەی کارە دەستییەکان دەکەن جگە لەفەرمانبەرانی خوارەوە کەئەوە بۆخۆی جەخت لەدووفاقیی (إزدواجیە) چەوساندنەوە دەکات کەڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەچینو توێژە هەژارەکاندا..

بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژیی دژ بەژنان لەمیسردا جیاوازیی نییە لەنێوان شارو لادێکاندا، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە زۆربوونی ئەو رێژەیە لەلادێو لەناو هەژارەکانداو لەناو قەرەباڵغیو بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوواندا لەپایتەخت، بەڵام لەجەزائیردا توێژەرەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کەئەگەر بایەخی راگەیاندن نەبێت توندوتیژییەکان لەچوارچێوەی خێزانەکاندا دەرناکەوێتو تەنها لەو چوارچێوەیەدا دەمێنێتەوە.

ئەگەرچی توێژینەوەکان جەخت لەوەدەکەن کەتوندوتیژیی جنسیو دەستدرێژیکردنە سەر کچانی بچووكو هەرزەکار لەلایەن براو باوكو پیاوانەوە بوونەتە شتێکی ئاساییو باو، بەڵام لەلایەن نووسینگەکانی پۆلیسەوە بەتێڕوانینێکی سلبی دەڕوانن لێیان

ئەمەش وادەکات ژنان ساردببنەوە لەبەدواداچوونی کێشەکانیان و ڕەوشی ژیانیان ڕووەو نائارامی و بارێکی خراپتر بڕوات.

لەلایەکی دیکەوە توێژەرەوەکە جەخت دەکات کەبابەتی ئەو توندوتیژییەی پیادە دەکرێت لەتوێژە لاوازو بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەی خلیجیدا گەیشتووەتە ئاست و ڕاددەیەکی گەورە، بەڵام هیچ کەس بوێر نییە لەئاست قسەکردن لەسەری ئەوەش بەهۆی داخراویی و ئەو سزا توندانەی کەڕووبەڕووی هەر کەسێکی قسەکەر دەبێتەوە.

بەدەر لەوە توێژەرەوەکە باس لەوە دەکات کەتوندوتیژییەکان ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەکۆمەڵگەی خەلیجدا پلەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە بەهۆی شاردنەوەو گۆشەگیریی و جۆرەکانی چەوساندنەوە، ئەمەش بێگومان بەهۆی شەریعەت و ئاینی پەیڕەوکراوەوەیە کە بەشێوەیەك بەکاردێت هیچ دەرفەت لەبەردەم ئازادییەکان و گوزارشتکردن لەناخی کەسەکان ناهێڵێتەوە، پاشان لێرەوە خێزانەکان دەبنەوە هۆی دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو پەیوەندی و داب و نەریتەی کە لەسەر بناغەی جیاکاریی کارەکان پێکهاتووە.

بۆ نموونە لەکۆمەڵگەی (ئیمارات)دا زۆربەی ژنان لەسەر خواست و ویستی خۆیان ژیان ناگوزەرێنن وەك ئەوەی ڕێگایان بۆ دادەنرێت بەپێی چوارچێوەی ئەو داب و نەریت و ئاینەی

سەرچاوەیگرتووە لەکۆمەڵگەکەیدا بەو واتایەی کەسانێك هەن بیرکەرەوەو دانەرو دارێژەری بەرنامە دەبن لەبریی ژنان و ژنانیش تەنها دەبنە جێبەجێکاری ئەو فەرمانانە ئەگەرچی لەو کۆمەڵگەیەدا بارودۆخی ژنان بەشێوەیەکی ڕێژەیییەو بەپێی تەمەنیان جیاوازییان هەیە..

# بەشداریکردنی ژنان لەژیانی سیاسیدا

راستە كاتێك زۆربەی دەستووری وڵاتە عەرەبییەكان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامەكان لەسەر یەكسانی ژنان و پیاوان و نەبوونی جیاكاری لەنێوانیاندا یاخود لەسەر بیروباوەڕی یەكسانی لەنێوان هاوڵاتیاندا بنیادنراوە و جەخت لەوە دەكەنەوە كەمافەكانی ژنان لەمڕۆدا بەشێكە جیا نییە لەمافەكانی مرۆڤ و شیاوی دابەشبوونیش نییە لەیەكتری، بەڵام واقعی ئەمڕۆ لە وڵاتە عەرەبییەكاندا دوور لەو راستی و بەندانەوە مامەڵەی لەگەڵ ژناندا كردووەو هەمیشە لاوازی بەشداریكردنی ژنان لەبواری سیاسیدا جێی سەنج و قسە لەسەركردن و ململانێ بووە، هەروەها سنووردارکردنی نوێنەری ژنان لەپەرلەمانات و لاوازی بەشدارییان لەدەسەڵاتی جێبەجێكردن و نوێنەرایەتی كردنیان لەناوەندەكانی بڕیارداندا تا ناستی لاوازی بەشدارییان لەرێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیی و پارتە سیاسییەكان جێی وتووێژو پرسیار بووە، ئەمە جگە لەوەی بەشێوەیەكی گشتی لەوڵاتە عەرەبییەكاندا بێبەشبوونی ژنان سەبارەت بەشداریكردنیان

لەناوەندەکانی سیاسیدا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەمە بۆخۆی جێی مەترسییەکی زۆرەو هۆکاری زۆری لێدەکەوێتەوە.

لێرەوە گەر بێینە باسکردن لەچەمکی بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیدا پێویستە هەمیشە جەخت لەسەر زەرورەتی پەیوەندی بەشداری سیاسی ژنان و مافەکانی مرۆڤ بکرێتەوە هەروەك لەپەیماننامە نێو دەوڵەتی و بەندەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە بەوەی جیاوازی نییە لەنێوان مرۆڤەکاندا لەڕووی یەکسانی و باوەڕکردن بەتواناکان و هەموو ئەو مافانەی پەیوەندی هارکاری (شراکە) دەخوازێ کە لەسەر بنەمای یەکسانی و ئاڵوگۆڕ بنیادنرابێ و بەدەر لەمافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن ئەمە جگە لەوەی بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیدا تەنها لەوەرگرتنی پۆستە سیاسییەکاندا بچووك ناکرێتەوە بەڵکو لەڕێکخستنی خۆیاندا کە بتوانن وەك بزووتنەوەیەکی فشار بن لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و بەشێوەیەك لەهەوڵداندا بن کە کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕانکاری و داڕشتنی بەرنامەو گۆڕینی بڕیارە سیاسییەکان، ئەمە جگە لەگرنگی سیستمی (کۆتا) بۆ بەشداری ژنان کەناکرێت تەنها بۆ قۆناغێك سوودمەند بێت بەڵکو پێویستە لەچوارچێوەی ستراتیجێکی ئاشکرادا هەوڵی زیادبوونی ڕێژەی بەشداری ژنان بکرێت لەژیانی سیاسیدا بەمەبەستی گەیشتنی ژنان بەئاستە جیاجیاکان و پیادەکردنی راستەقینەی کارەکان.

لەهەندێ وڵاتە عەرەبییەکاندا لەلێکۆڵینەوەکاندا ئامارژە بۆ مەترسی باری ژنان کراوە بەشێوەیەك کە بەتەواوی بێ بەشن

لەبەشداریکردنی سیاسیدا بەدەر لەئاماژە پێکردنی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە.

-لاوازی ئەزموونەکانی دیموکراسی لەوڵاتە عەرەبییەکاندا کە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر سوودو چێژ وەرگرتنی راستەقینەی ژنان لەبەشداریکردندا بەگشتی بەشداری سیاسی بەشێوەیەکی تایبەتی لەچوارچێوەی غیابی کۆمەڵایەتیو دیموکراسیدا.

-سنووردارکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتی لەبزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ بەگشتیو ژنان بەتایبەتی.

-لاوازی رۆڵی سیاسەتمەداران لەچاککردنی رۆڵو بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیو دەقە یاساییەکاندا کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەوە.

-نەڕاستاندنی هەندێ لەوڵاتان لەسەر پەیماننامە نێو دەوڵەتییە تایبەتییەکان بەمافەکانی مرۆڤ بەگشتیو مافەکانی ژنان بەتایبەتی یاخود راستاندنی وڵاتانی دیکە لەسەری بەدانانی مەرج کەشێوازێکی بەستنەوەیە بۆ مافەکانی ژنانو مانەوەی جیاکارییەکان لەسیستمێکی یاساییدا کەمەرلی بەدیهێنانی یەکسانی دەدات.

-پیاچوونەوە بەیاسا جیاکارییە ناوخۆییەکان بەشێوەیەك کەبگونجێ لەگەڵ ئەحکامی پەیماننامەی نێو دەوڵەتی.

-لاوازی رۆشنبیری سیاسیی لەلایەن پیاوانو ژنان.

-پێگەیشتنی شێوازەکانی جیاکاری و بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی میرنشینەکان و تایەفەگەری و خێڵەکی.

-تەشەنەکردنی دیاردەی توندوتیژی لەسەر ئاستە جیاوازەکان هەر لەخێزانەوە تا گەیشتن بەفەزاو دنیای سیاسی.

-بەردەوام بوونی داگیرکردنی سەربازی لەهەندێ لەوڵاتە عەرەبییەکانداو بڵاوبوونەوەی ئاژاوەی چەکداری لەهەندێ وڵاتانی دیکە جگە لەبوونی ئابلوقەی ئابووری.

-دەرکەوتنی بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان و رەنگدانەوەی لەسەر دەسەڵات بەتایبەتی لەسەر بەشداریکردنی سیاسی ژناندا.

-کاریگەری رەوشی ئابووری لەسەر ژنان کە دیاردەی هەژاری بەسەردا سەپێنراوە.

-بایەخ و ئەولەویەتدانی سیاسەتمەداران بەهەر مەسەلەیەکی دیکە پێش مەسەلەی ژنان لەیەکخستنەوەی وتارەکانیاندا.

-رۆڵی راگەیاندن و تەکنەلۆجیا لەچاککردنی بەشداری سیاسی ژنان.

ڕێگری و تەنگ و چەڵەمەکانی بەردەم ژنان لەبەشداریکردنی سیاسیدا:

**ڕێگری سیاسی:**

لاوازی و ئارەزوو خواستی سیاسی بۆ تەشەنەکردنی یاساکان کە لەسەر بناغەی یەکسانی لەمافەکاندا بنیادبنرێ و کورت نەکردنەوەی ئەو یەکسانییە لەبەردەم یاسادا.

-سەرچاوە یاساگەرییە (تشریع) باوەڕپێکراوەکان کە ژنان گرفتارو دەبەستێتەوە لەبەشداریکردنی سیاسیدا.

-ڕێز نەگرتنی وڵاتان لەبەڵێنەکانیان لەکاتی راستاندنیان پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکانەوە کورت کردنەوەی ئەو ئالیاتانە بەمەبەستی وشیارکردنەوە.

**ڕێگری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:**

-زاڵبوونی بنەماو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی سیستمی پیاوسالاری کە لەسەر جیاکاری بەندە.

-بەردەوامیەت لەدابەشبوونی ڕۆڵی ژنان و پیاوان بەشێوەیەکی چاولێکەری و نەریتی بەشێوەو ئاستێك کەڕۆڵی ژنان کورت دەکرێتەوە لەفەزایەکی تایبەتدا لەکاتێکدا پیاوان دنیاو فەزای گشتی داگیردەکەن.

-بەشداری ژنان لەکاری ناوەوەو دەرەوەی ماڵدا سەرسوڕمانی دەکات لەنێوان کارەکانی و توانای بەشداریکردنی لەژیانی گشتیدا.

**ڕێگری ئابووری:**

پەیوەندیدارە بەبڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی هەژاری لەکۆمەڵگادا.

**ڕێگری خۆیی (ذاتی):**

دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وشیاری ژنان بەگرنگی ڕۆڵی سیاسی وەك دەرئەنجامێك بۆ پەروەردەکردنی خێزانەکان و خوێندنگاکان کە هەر لەمنداڵییەوە وەری دەگرن و کاریگەرییان بەسەریاندا بەدەردەکەوێت.

-بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری ژنان لەزۆربەی وڵاتاندا.

-بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەبوونی وشیاری یاسایی.

لاوازی وەرگرتن و تێگەیشتنی بزووتنەوەکانی ژنان بەمەسەلەی بەشداریکردنی سیاسی و مەزەندە نەکردنی وەك مەسەلەیەکی گشتی پەیوەندیدار بەکۆمەڵەوە بێ کورتکردنەوەی تەنها لەسەر ژنان.

**ڕێگری رامیاری:**

-غیابی نەریتە دیموکراسییەکان.

-گەورەیی و پێشەوایی ئەو بوارە لەلایەن حزبێکی دیاریکراوەوە.

-گەورەیی و پێشەوایی لەلایەن خێڵەکی و تایەفەگەری میرنشینەکان.

-چێژی سوود وەرنەگرتنی ژنانی عەرەب بەتەواوی هاوڵاتیبوونیان.

**ڕێگری ئایینی:**

-پشت بەستن بە تەفاسیری ئایینی بۆ رێگەدان بەجیاوازییەکان و زۆری رێژەی خوێندنگا فیقهییەکان و جیاوازی لەراڤەکردنیاندا، ئەمە بەدەر لەوەی پێویستە ئایین تەنها سەرچاوەیەکی تەشریعی بێت و ژیانی سیاسی لەسەر بناغەی دیموکراسیەت بێتەدی کە ئایین وەك پێویستییەکی رۆحی بەکاربێت جیا لەدەوڵەت.

# ژنان لەنێوان دوو بیروباوەڕدا

سەردەمی جیهانگیریو کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکی زۆری هێناوەتە گۆڕێ لەوانە مەدەنییەت دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادیو یەکسانی هەریەك لەوانە بوونەتە جێی باسی ئەمڕۆ کە گۆرانکاریو هەنگاوە خێراو یەك لەدوای یەکەکانی هەلومەرجی ئەم بارودۆخە هێناویەتییە بوون، جگە لەوەی هەموو ئەو چەمکانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندیدارە بەمەسەلەیەکی زۆر گرنگو چارەنوسسازی قۆناغی ئێستا ئەوەش مەسەلەی ژنانە کە بێگومان پێشکەوتنی مەسەلەی ژنان گۆرانو کاریگەری زۆر دەخولقێنێ لەکۆمەڵدا لەگشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، رامیاریو مێژوویی..هتد هەربۆیە رادەو رەوتی ئەو کاریگەرییە کەوای لەهەندێ ژنان کردووە بەرێگەو شێوازی جۆراوجۆر رێگەی خەباتو کۆڵنەدان بگرنەبەر لەپێناوی بەدی هێنانی مافەکانیاندا دیارە لەمیانەی گرتنە بەری خەباتی ژنان لەئاست عەقڵیەتی تاکەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە بەگشتیو

پیاوان بەتایبەتی دووچاری ململانێو کێشەو گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە ئەمە لەکاتێکدا عەقڵیەتی پیاوی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی گشتی لەوڕنێوەندەدا بەسەر سێ جۆر دابەش بووە جۆرێکیان هیچ باوەڕو متمانەی بەمافەکانی ژنان نیە کە بێگومان ئەم جۆرەیان خەباتو ماندوو بوونی زۆری دەوێت سەبارەت گۆڕینی بیروباوەڕیان جۆری دووەمیان تا ئەوئاستە باوەڕیان پێ‌ی هەیە کەنەگاتەخۆیان بەواتایەی لەویستو حەزو پێداویستیەکانی خودی خۆیان کەم ناکاتەوە جۆری سێیەمیان کەمینەن ئەوانەن باوەڕیان بەئازادیو یەکسانی مرۆڤەکان هەیە کە ئەمەش بۆ خۆی ئەو باوەرەیان ڕێژەیەو مامەڵەی جوداتری دەوێت ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم بوونی هەریەك لەو عەقڵیەتە جۆراو جۆرانەیە لەنێوەندی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەوەی کە هەمیشە عەقڵی(زاهیرو باتن)چاودێرن لەسەر یەکتریو بەردەوام لەململانێدان کە ئەوەش بێگومان پەیوەندیدارە بەجۆرو شێوازو سیستمی ئەو پەروەردەکردنەی هەرلەمنداڵیەوە تا دواساتی تەمەنی ژیانیان ڕەنگدانەوەی لەسەر بەدەردەکەوێت بەوەی هەمیشە سەرداریو دەسەڵاتو زاڵێتیو سێ‌سیفەتی جیانەکراون لەپیاوان دەبێت جیاواز بن لەژنان بۆیە شتێکی حەتمییە لەهەرساتێك لەساتەکان بڵێن ئێمە لەگەڵ هەموو باوەڕمان بەیەکسانیو پێشکەوتوو خوازیەك لەناخماندا پیاوی ڕۆژهەڵاتین کە ئاشکرایە دەرنەچوونی پیاوان لەو قەرارەیە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی هەنگاو وپێشکەوتنەکانی ژنان لەکۆمەڵگەدا

لێرەشەوە ژنان سەرەرای هەموو هیلاکیو ماندوبوونو رەنج خەباتێکیاندا دوچاری ململانێیەکی دەرونیو گرفتو کێشەی زۆرو بڕیارو داهاتووی چاوەڕواننەکراو دەبنەوە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستو رەوتی بەرەو پێشچوونی هەنگاوەکان دەگۆڕێت جگە لەوەی دەشێت کاریگەری سلبیشی لەسەر ئاستی خێزانەکانیشدا بەدەر بکەوێت ئەمە جگەلەوەی لەهەمووی کاریگەرترو مەترسیدارترو ناخۆشتر ئەو جەنگە دەروونییەیە کە دوچاری ژنان دەبێتەوە لەکاتی کارکردنو دەرکەوتنیان لەلایەن پیاوانەوە بەوەی پێشکەتوخوازنو دەشێت هۆکارێك بێت بۆ بەرفراوانی پەیوەندیەکانی کە بێگومان ئەوشێوازی مامەڵە کردنە ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوەو ژنان بەدوو ئاقاردا دەبات یان لەنیوەی کارەکانیدا ناچار دەبێت واز لەخەبات بهێنێو سنورداری چالاکیەکانی بکات یاخود بەهۆی بەردەوامبونییەوە ژیانی خێزانی بەرەو هەڵدێر دەچێت کە دیسانەوە دەبێتەوە بەزەرەرمەندی یەکەم لەکۆمەڵدا کە هەریەك لەدوو حاڵەتە دژ بەمافەکانی مرۆڤو یەکسانییە ئیدی بۆ ئەومەبەستەش پاساوی زۆر دەبێتە یارمەتیدەری پیاوان بۆ گرتنەبەری ئەوهەڵوێستەیان لەوانە گرنگی پەروەردەی منداڵ تەجاوزی سنور سەرقاڵیو کەمی بوونی لەنێوەندی خێزاندا...هتد

بۆیە بەبروای من پیاوان لەنێوەندی ئەو گۆڕانکاریو هەلومەرجانەی قۆناغەکانی ئەمڕۆ دەیخوازێ پێویستە خۆیان ساغ

بکەنەوە بەوەی دەیانەوێ پیاوێکی پێشکەوتووخوازبن یاخود پێچەوانەکەی خۆگەر بڕیاری مرۆڤێکی پێشکەتووخوازیاندا پێویستە بەفعلی هەڵگری ئەوپەیامەبن کە هیچ کردارو هەڵوێستێک نەبێتە کۆسپ لەبەردەم لاوازبوونی بیروباوەڕیاندا بەڵکو لەگەڵ هەنگاوەکانی ژناندا ئەوانیش ببنە پێشەنگ لەکۆمەڵدا بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەک کە ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ وەک یەک بگرێ.

# ژن و ئازادیی

# لەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا

چەمکی ئازادیی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەلایەن ژنانەوە باس و هەوڵ و قسەی زۆری لەسەردەکرێت و لەهەمان کاتدا تێڕوانین و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت.

بۆیە پێم باشە بەر لەوەی بچمە نێو کرۆکی باسەکەم هەندێك لەمەڕ ئەو مانایە بدوێم کەئەگەر چی تەنها وشەیەکە، بەڵام زۆر لەبەها مرۆڤایەتی و ماناکان دەبەخشێت بەژیانی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی. بەبڕوای من ئازادیی بیروڕایە کە بەوشیاری و بەدواداچوون دروستدەبێت و دەربڕینە، لەئەنجامی کەسایەتیی بەهێزو بوێریی و راستگۆیی و بیروباوەڕەوە هەڵدەقوڵێت و پاشان بڕیاردانە کە لەو کاتەدا دەبێت بەوەی خودی مرۆڤ لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە سەربەخۆبێت وبەهێزو تواناو عەقڵی خۆی ئەرك و ئامانج و بەرهەمی کارەکانی خۆی بناسێنێت کەبێگومان هەموو ئەوانەیە وا لەژن دەکات مانایەك بۆ بوون و کەسایەتیی خۆی بدۆزێتەوەو بتوانێت وەك هەر کەس و مرۆڤێکی

دیکە ڕێڕەوی ژیانی خۆی بەو ئاراستەیەی هەڵبژێردراوی خۆیەتی بەئامانجی خۆی بگات..

دەشێت هەروەك زۆرجار گوێبیستی دەبین بوترێت ئازادیی لەوە زیاترە بۆ ژنان..؟!!

یاخود دەڵێن: ژنان ئازادیی لەوەزیاتریان بۆچییە..؟!! بەبڕوای من ڕاستە لەکوردستاندا ژنان توانیویانە لەماوەیەکی دیاریکراودا هەنگاوو گۆڕانکاریی و دەستکەوتی زۆرباش لەگشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ..هتد بەدەستبهێنن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەشدا پرسیاری گەلێك دێتە ئاراوە بەوەی ئەگەر تەنها لەچوارچێوەی خێزانەکاندا بیکەین دەڵێین: ئاخۆ دەبێت ژنان و پیاوان لەو چوارچێوەیەدا وەك یەك ئازادییەکان پیادەدەکەن..؟ ئاخۆ ئەو پیاوە پێشخەوتوو خوازە ڕۆژهەلاتییە دەبێت گەیشتبێتە ئەو ئاستی تێگەیشتنەی بتوانێت ئاخی خۆی تێبپەڕێنێت لەکۆمەڵگەداو..هتد زۆر پرسیاری دیکە لەکاتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەدا دەبێتە جێی گفتوگۆو ڕاوێژ لەنێوان خێزانەکاندا..

بەبڕوای من چ تێگەیشتن لەمانای ئازادیی و چ هەڵوێستەکردن لەئاست ئەو وشەیەدا ڕێژەییەو دەشێت بڵێم پیاوانی کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان تائەمڕۆ بەڕووکەشی مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو چەمکانەدا دەکەن، کەناگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەو عەقڵییەتی پیاوسالاریدا و دەشێت هەموو چەمکەکانی وەك ئازادیی،هاوڕێیەتی، ژیانی هاوسەرێتی، ..هتد.. سنووردار بکرێت

که بەبڕوای من سنووردارکردن و ڕێگە دانان و دەستتێوەردانی هەرکەسێك بۆ ئەوی دی مانا ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەستدەدات، خۆ بەپێداگرتنی ژنان لەچوارچێوەی خێزانەکاندا سەبارەت ئەو بیروباوەڕەی هەڵگرێتی باجی خۆیدەدات چ لەڕووی دەروونییەوە یاخود مەعنەوییەوە بێت. هەموو ئەو ڕاستییانەم زیاتر بۆ سەلما ئەو کاتەی لەسووچی شەقامەکان و دەریای نیل لەمیسردا هەنگاو لەدوای هەنگاو کچان و کوڕانم دەبینی بەنهێنی و لەترسی کەسوکاریان دوورترین ڕێگایان بڕیوە بۆئەوەی بەویستی خۆیان بڕیار لەسەر داهاتوو و چارەنووسی خۆیان بدەن، یاخود ئەو کاتانەی گوێبیستی موعانات و ئازارە دەروونییەکانی ناخی هەندێك لەو ژنانە دەبووم کە بەهۆی هاوڕێیەتیکردنیان لەگەڵ پیاودا چۆن گرفت و ئیرەیی و پرسیاری زۆری بۆ خوڵقاندوون، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە چۆن سنووردارەکرێن.. یاخود لەو ساتانەی لەلایەن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانەوە لەمیسر گوێم لەباسی ڕەفتارو ئازارو ڕێگری و جیاکارییەکان دەبوو لەسەرجەم بوارەکاندا یان ئەو سزا جەستەیی و دەروونییانەی لەکاتی بەرپەرچدانەوەو جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکان و فەرمانەکانی سەروو خۆیانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەر لەسووکایەتی پێکردن بەوشەو هەڵوێستی ناشیرین تاڕادەی لێدان و کوشتن.. بۆیە پێموایە ئەم باسە زۆر پرسیار دەهێنێتە ئاراوە، لەوانە ئاخۆ چەمکی ئازادیی ڕاستەقینە چییە..؟ ئایا ئازادیی ژنان چی دەخوڵقێنێت..؟ بۆچی دەبێت پیاوانی ڕۆژهەڵاتی بەدووفاقی و

لەژێر کاریگەریی و نیوەندیی ئەو چەمکانەدا بەپێی ی ویست و میزاجی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بەرامبەردا بکەن و دواتر بۆ دەبێت ژنان و پیاوان وەك یەك پیادەی ئازادی و مافەکانیان نەکەن..؟ بۆیە لەو روانگەیەوە دەڵێم: کۆمەڵگەی پیاوسالاری و هەموو ئەو رێساو یاسایانەی کەجیاکارانە دارێژراون و ئەو داب و نەریتانەی پایە نزمیی ژنان و پایەبەرزیی پیاوان دەدەن، جگە لەو شەڕو ئازارە دەروونییانەی رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە هەرهەموویان هۆکاردەبن لەبەردەم هێزو توانای ژنان لەئاست دەربڕین و بڕیارەکاندا..

ئەمە جگە لەوەی هەموو ئەو جیاکارییانەیە وادەکات لەپیاوان چەند پێشکەوتووخوازو باوەڕیان بەئازادی هەبێت شتێك لەناخ و دەروونیاندا لەساتێك لەساتەکاندا دەیان هەژێنێت و پێیان دەڵێت ئێوە پیاوی پەروەردەی رۆژهەلاتین کەجێی قبوڵی هەموو ئەو چەمکانە وەك خۆی ناکات و رێگە بەبەزاندنی سنوورەکان و گواستنەوەیان لەبواری تیۆرییەوە بۆ پراکتیکی نادات، ئەمە جگە لەوەی ژنانیش بەهۆی زۆر هۆکارەوە نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو عەقڵییەتە پێشکەوتووخوازەی کە لەئاست تێگەیشتنی قووڵ و راستیی چەمکەکاندا بن، لەکاتێکدا دەیانەوێت لەئاست رووکەشیی چەمکەکاندا پیادەی مافەکانیان بکەن، کەبێگومان تێگەیشتنی هەردوولایە وادەکات کاریگەریی لەسەر رەوتی پێشکەوتنەکاندابێت بەدەر لەدواخستنی رەوتی گەشەکردن و بەزاندنی سنوورەکان و هێنانەکایەیگۆڕانکارییەکان و دەرچوون لەبازنەیەکی داخراوی پەیوەندییەکان دەبێت لەکۆمەڵگەدا..

# پێگەی ژن لەنێوەندی دیموکراسی و کاری سیاسیدا

بێگومان بەشداریکردنی سیاسی ژنان لە ژیانی سیاسیدا پەیوەندیدارە بە باردۆخ و ئاستی تێگەیشتنەکانی تاک و پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە، ئەمە جگە لەوەی لەهەمووی گرنگت پەیوەندی بەپەیرەوکردنی بنەماکانی دیموکراسیەتەوە هەیە کە تاچەند تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەڵگری ئەو سیستەمەن، دیموکراسیەت بەمانا راستەقینەکەی نەك بەوەی تەنها لە دەنگدان و خۆپاڵاوتندا خۆی ببینێتەوە بەڵکو وەك شێوازێکی ژیان بەوەی تا چەند تاکەکان لەئاست تێگەیشتنن بەماف و ئەرکەکانیان بەخودی خۆیان و کەسی بەرامبەر یاخود تا چەند کار لەپێناوی مەفاهیمە مرۆڤایەتیەکاندا دەکەن و تا چ ئاستێك مومارەسەی مافەکانیان دەکەن و دەربری بیروڕاکانیانن لەکاتی پێویستدا ئەمانە بۆ خۆی

بچوکترین بناغەی دیموکراسیەت پێکدەهێنن، واتە بەشێوەیەکی گشتی تاچەند تاکەکانی لەکۆمەلگادا هاوشانی دەسەلاتداران بڕیاردەرەو دەربڕی بیروڕاو تێڕوانینەکانو بەشداران لەهەموو ئەو هەلوێستانەی کۆمەڵگاکەی دەیخوازێ لەگشت بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی ، ئابووری، مێژوو. . .هتد، هەموو ئەو واقیعە یارمەتیدەرە بۆ شێوازو چۆنێتی بەشداری ژنان لە واقیعی ژیانی سیاسیدا. لێرەوە دەتوانین بلێین دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی بریتی‌یە لە کۆمەلێك دامو دەزگای هەلبژێردراو کە لەسەر بیروباوەڕی یەکسانی بەندە بەدەر لەوەی ناوەڕۆکی دیموکراسی پەیوەستە بەرادەی بوونی ژنانو لابردنو نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لەو ڕوانگەیەوە وای دادەنێن کە خەباتکردن لەپێناوی دیموکراسیدا، خەباتکردن لەپێناوی تەرخانکردنی دەولەتێکی ڕاستو یاسایی داناکرێت بڕیاری لەسەر بدرێت بێ بوونو بەشداری ژنان بەدەر لەوەی ئەرکی ژنانیشە کە بەشداربن لە بونیادنانی دیموکراسیدا ئەمە جگە لەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا شتێکی دیکە دێتە ئاراوە ئەوەش هاولاتیبوونە کە بێگومان بەشداریکردنی سیاسی ژنان پەیوەندیەکی تایبەتی بەیەکسانیو بەرچەمکەوە هەیە لێرەوە پرسیارگەلێك خۆی دەسەپێنێ بەوەی ئاخۆ تا چەند دیموکراسی یاخود هاولاتیبوون لەکۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکاندا بوونی هەیە تالە ڕێگەیەوە ئاشنابین بەڕۆڵو چۆنێتی شێوازی بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیدا. بەبڕوای من لەزۆربەی کۆمەلگا ڕۆژهەلاتییەکاندا بەشداری تاك

لەژیانی سیاسیدا بەشداریپێکردنێکی سیاسییە نەك بەشداری سیاسی، بەو واتایەی هەمیشە تاك جێبەجێکاری فەرمانەکانی سەروترە لەخۆی و باڵادەستی پارتە سیاسییەکان تەحەکوم دەکات بەسەر ژیانی خەڵکیدا لەسەرجەم دامەزراوە حکومی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان .. هتد، بێ پرسکردن و بەهەند وەرگرتنی و بەشداری کاریگەرانەی تاك لەپرۆسەکان و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی دیموکراسیەتێکی رووکەشانە دەکرێت ئەوەش لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەدەرخستنی ئەو سیمایەیە تەنها لەبەردەم خەڵکیدا، لێرەشەوە ژیان لەو نێوەندەدا دەبنە قوربانی و زەرەرمەندی یەکەم چ لەرێگەی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە لەلایەك و چ لەرووی زاڵێتی عەقڵیەتی پیاوسالاری لەلایەکی دیکەوە کە هەمیشە لەو نێوەندەدا بەشداریکردن لەدروست کردنی بڕیاری سیاسیدا هونەرێکە تەنها پۆلێن کراوە لەبازنەی تواناکانی نێرینەدا چونکە هەمیشە ئەو کۆمەڵگانە هەندێ رەوشتی .. وەك عەقڵانیەت و راگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکان وتواناکان و بەڕێوەبردنی تەنگانەو گیروگرفت کە پێویستە لە کەسی قیادیدا بوونی هەبێت تەنها پیاوانن هەڵگری ئەو رەوشتانەن لەژناندا خۆی نابینێتەوە بەبۆچوونی ئەو نێوەندە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو تێروانینانەدا پرسیارگەلێك دێنە ئاراوە کەخۆی لەوەدا چڕدەکاتەوە ئایا هەموو ئەو تێروانین و لێکدانەوانە ئەوە ناگەیێنێت کە شکست و سەرنەکەوتن و گەندەڵییەکانی لەبواری سیاسەتدا تەنها لە ئەستۆی پیاواندا خۆی

ببینێتەوە؟! ئەمە جگە لەوەی بوونی پەرلەمانیش لەوێنەیەکدا بەجێگیری بمێنێتەوە کە ئەوەش بۆ خۆی ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ ژنان لەنێوەندی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەتوانن چ رۆڵێك ببینن؟ ئایا لەو کاتانەدا پیادەی کاری سیاسی بکەن باشترە بۆ چاکسازی ئەو سیسمە یاخود داماڵین و بچوککردنەوەی رۆڵی سیاسی ژنان لەبەشدارییکردنی سیاسیدا لەرێگەی دەنگدان و پالاوتن یاخود هەردووکیانەوە بێت؟ ئایا ژنان لەپاڵ پارتە سیاسییەکان و سیستمی دەسەلاتدا تاچەند وەك بارمیتەیەکی سیاسی بەکاردەهێنرێت؟ یاخود گەیشتنی ژنان بەناوەندەکانی بریار لەرێگەی نیزامی رێژە(کوتاوە)وە باشترین شێوازو میکانیزمی کارکردنە بۆگرتنە بەرو هاتنە مەیدانی ژنان لە ژیانی سیاسیدا ؟ ئەمە بەدەر لەوەی واقیعی کۆمەلایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا ژنان تیایدا دەستەبەستراون کە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بوروژێنت کە ئایا ژنان دەشێت لەو نێوەندەدا چۆن خۆیان بپاڵێون بۆ ئەوەی ببنە جێگر لە پەرلەماندا یاخود هەر هەلبژاردنێکی‌دیکەی وەك ئەنجومەنی شارەوانی..هتد یاخود بە چ شێوازو دەرکەوتنێك لەکەناڵەکانی راگەیاندندا دەنگی خۆیان بگەیەننە ژێر خانی جەماوەری ..؟ لێرەوە زەرورەتی کارکردنی ژنان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵی دەرچوون بدەن لەو چوارچێوە کۆمەلایەتییەی بۆیان سنوردارکراوە بە مەبەستی گەیشتن بەپۆستە سیاسیەکان . لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی هاولاتیبوونی بەشێوە راستەقینەکەی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا

گرفتێکی دیکەیە کە کاریگەری لەسەر دواخستنی ژنان دەکات لەسەرجەم بوارەکاندا. هاوڵاتیبوون بەو واتایەی تا چەند ئەو مرۆڤە هۆشمەندە لەئاست ماف و ئەرکەکانییداو رەفتار بەهەموو ئەو مەفاهیمانە دەکات کە قسەی لەسەر دەکرێ و تا چەند ئاشنایە بەخودوئەرکی خۆی لەکۆمەڵگەدا، ئمە لەبەر ئەوەی ئەرکی سیاسی ئەرکێکی گشتییەو ناکرێت تاك لەکۆمەڵگەیەکدا بەشدارکەر یاخود کاریگەرو چالاك بێت گەر بێتو ئیعتراف بە رۆڵی نەکرێت لە ژیانی گشتیدا دەبێت مافێکی ئاسایی و سروشتی خۆی بۆ پیادەکردنی ئەو رۆڵە بێ هیچ بەربەست و قەیدێکی جیاکاری

ئەم تێڕوانینەوەیە کە هەمیشە ژنان لەهەموو دونیادا لەگەڵ ئەوەی باس لەوە دەکرێ کەنیوەی کۆمەڵ پێکدەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکەمایەتی سیاسی ئاوزەد دەکرێت ئەگەر چی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی بەخۆوە دەبینێ.

# بەڕێگابن ئەوانیش مرۆڤن..؟

بێگومان هەموو کۆمەڵگەیەک چین و توێژی جیاجیا لەخۆی دەگرێت، بەجیاوازیی ئایدیاو تێڕوانین و بیرو بۆچوونەکانەوە، یەکێك لەو توێژە گرنگانەی پێویستە لەکۆمەڵگەدا دەستپێشخەرو بەهەڵوێست و جێی ئومێدی ئەو کۆمەڵگەیە بن، توێژی ڕووناکبیرانە. ڕووناکبیر بەمانا ڕاستەقینەکەی بەوەی نەك تەنها لەدوورەوە ڕەخنەگرو تێڕوانینەکانی خۆیان بخەنەڕوو، بەڵکو بەو مانایەی دەنگ و بوون و جێدەستیان دیاربێت لەگۆڕانکارییەکانداو لەبەرژەوەندیی کۆمەڵگەکەیاندا کاربکەن. بەهەرحاڵ ئەوەی جێی باسەکەی منە تێڕوانینی کچانە بۆ ئەو نووسەرو ڕووناکبیرانەی لەنێوەندی کۆمەڵگەکەماندا بوونیان هەیە بەشێوەیەك کەهەمیشە تێڕوانینەکانیان زۆر جودایە بۆیان وەك ئەوەی جۆرێکی جودابن لەمرۆڤ تا ئەو ئاستەی سەرووتر لەمرۆڤ دایاندەنێن، کەبەدەربن لەهەر ناشیرینی و خراپیی و سلبیاتێك کەبۆخۆی دواتر ئەو تێڕوانینەیش ڕاکێشی گەلێك نیگەرانیی و نائومێدییە، بێ متمانەییەك لای هەمووان دروستدەکات و پاشان کاریگەرییەکی دەروونیی نائاسایی ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو تەنانەت هەندێك جار دەبێتە (صدمە) یەك بۆیان کەسەرتاپا ڕێڕەوی ژیانیان ڕووەو

ئاراستەیەکی جووداتر دەبات و هەمیشە لەو چاویلکەیەوە دەڕواننە سەرجەم مرۆڤەکانی دیکە..

من بۆخۆم زۆرجار گوێبیستی ئەو نائومێدییەی کچان بووم کاتێک باسیان لەوەکردووە داخۆ ئەگەر ئەوە تێڕوانین و هەڵوێستی ڕووناکبیرەکانمان بێت ئیدی لۆمەی ئەوانی دیکە بۆچی بکەین..هتد؟ کە بەبڕوای من ئەگەر لەڕووی واقعییەوە بڕوانینە ئەو دیاردەیە لەهەردوو لاوە هەڵسەنگاندنێکی جوودا بەخۆوە دەبینێت، لەلایەک کچان خەتابارن، ئەو کاتەی بەو تێڕوانینە ڕەهایە لێکدانەوەیان بۆ ئەو جۆرە ڕووناکبیرانە هەیە، بەوەی هەمیشە حەز بەناسین و نزیکبوونەوەو مامەڵەو تێڕوانینێکی جوداوە تەماشایانبکەن، یاخود کاتێک دەیانەوێت ئاوات و خەون و بەرژەوەندییەکانیان لەپاڵدا بنیاتبنێن، کەهەندێک جاریش بەهۆیەوە دەکەونە ئاستی حەزلێکردنێکی تاک لایەنە، بێ بناغەو بیروباوەڕێکی یەکانگیر لەنێوانیاندا، کەهەر ئەوەشە وادەکات کەسی بەرامبەر ئیستیغلالی ئەو دەرفەتە بکات یاخود بۆ پێشاندانی ڕوویەکی جیاوازتر لەخۆیان ئارەزووی ناسین و پەیوەندیکردنیان بەو جۆرە کەسانەوە دەبێت و تەنانەت باسکردنیان دەبێتە وێردی سەر زمانیان، کەئەوەش بۆخۆی هەڵەیەکی دیکەیە، چونکە گرنگ ئەوەیە مرۆڤەکان بەکەسایەتی و کارو خودی خۆیان بناسرێنەوە نەک لەڕێگای کەسانی دیکە،

یاخود بەکەسانی دیکە خۆیان بناسێنن، ئەمە لایەنی یەکەمی..
لایەنی دووەم پەیوەندیی بەخودی هەندێك لەو ڕووناکبیرانەوە هەیە کە لەپاڵ ئەو ناوەدا بەرژەوەندیی و حەز و ئارەزووەکانی خۆیان دەپارێزن بێ بیرکردنەوە لەبەها گرنگ و پیرۆزەکانی کەسی ڕووناکبیر و کەسانی بەرامبەر، بەڵکو هەندێك جاریش شانازیی بەوەوە دەکەن کەتوانیویانە جێی خۆیان لەدڵی هەندێك لەو کچانەدا بکەنەوەو وایان لێبکەن جێی بیرکردنەوەو پەیوەستبوون و لێپرسینەوەیان بن، کەبۆخۆی ئەوەش دووفاقیی (إزدواجیە) دەگەیەنێت لەو کەسانەدا ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ڕەمز و نموونەی مرۆڤی ڕاستەقینە بن بەقسەو کردار، بەڵام بەداخەوە زۆرجار هەندێك لەو کەسانە ئەوەندەی لەئاست قسەکان و نووسینەکانیاندا جوان و بەهەڵوێست و خاوەن بیروباوەڕن لەئاست کردارەکاندا پێچەوانەکەیان دەبینرێتەوەو دواتر هەر ئەوانەش دەبنە جێی نوشستیی و شکست بۆ مرۆڤەکان و ئەو وێنا ناشیرینە دەدەنە بەرامبەر کەسەرسامیان بکات..
بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دەڵێم؛ مرۆڤی ڕووناکبیریش وەك هەر توێژێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیەن و ناکرێت بەتوێژێکی تایبەتمەندێتی و جیا لەمرۆڤەکانی دیکە جیابکرێنەوە، چونکە لەهەموو کاتێکدا ئەوانیش وەك هەر مرۆڤێکی دیکە قابیلی هەست و نەست و تێڕوانین و هەڵسوکەوتی جیاو گرفت و خۆشی و

ناخۆشــییەکانن و ئەگــەری چــاوەڕوانیی گــۆڕان و ڕەفتــاری
جۆربەجۆریان لێدەکرێت، بەڵام بەو هیوایەی دواتر گۆڕانکارییەکان
ڕووەو ئاراستەیەکی نیجابی و مرۆڤانەو باش هەنگاو بنێت.

چ

# هاوڕێیەتی

بێگومان لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەپێی ئەو پەروەردە جیاکاری دابونەریتە سەپاوو باوەی قۆناغەکانی مرۆڤی پیادا تێپەڕیوە مەودایەکی فراوانی خستۆتە نێوان پەیوەندییەکانەوە بەگشتی‌و هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بەتایبەتی کە ئەوەشە بۆتە هۆی ئاڵۆزی‌و چەندین گرێی دەروونی لەناخی مرۆڤەکاندا کە دواتر ترس‌و شەرم‌و شاردنەوەو نهێنییەکان زاڵ دەبێت بەسەر هەموو ئەو پەیوەندییە سرووشتیانەی مرۆڤەکان دەخوازن. لێرەوە تێڕوانین‌و لێکدانەوەکان لەمەڕ هەندێ لەچەمکەکان بەجیاوازی دەردەکەون. یەکێك لەو چەمکە گرنگ‌و پڕ مانا و پێویستیانەی مرۆڤ کەجێی باسە کەچەمکی هاوڕێیەتی نێوان نێرو مێیە کە ئەگەرچی بەرواڵەت زۆر کەس دەڵێ ئەوە هاوڕێمە! بەڵام دواتر ئەو وشە پڕ هەستە دنیایەك مانای جوان‌و تێگەیشتن دەخوازێ بەوەی هاوڕێیەتی چی دەگەیەنێ‌و چی دەخوازێ کام‌و چۆن!؟ ئەو بنەماو بیروباوەڕانە چین کە هاوڕێیەتی بنیاد دەنێنن، لەهەمووی

گرنگتر چ جۆرە خۆشەویستیەك جێی ئەگەرو ئاڵوگۆڕی ئەو دوو رەگەزە پێكدەهێنێ؟.. هتد. ئەمانەو چەندین پرسیاری جۆراوجۆری دیکە دەشێت جێی لێكدانەوەو پرسیار بێت. ئەوەی سەرنجی منی راكێشا ئەم باسە كرد دەربڕینو ویستی خاتوو (س.ر) بوو لەكاتێكدا دەیەوێ بەتێڕوانینێكی زۆر جیاوازو مرۆڤانە لەو چەمكە بدوێ مامەڵەی پێ بكاتو دەڵێت: چەمكی هاوڕێیەتی نێوان كوڕو كچ بەگەلێك قۆناغو ئەزموندا تێدەپەڕێتو ئەو كاتەی لەخۆشیو ئارامیو جەنجاڵیو تەنگانەو گرفتەكاندا ژیان دەگوزەرێننو دەگەنە ئەو پەری هەستپێكردنو خوێندنەوەی یەكتریو تێگەیشتن لەخۆشەویستی راستەقینەی هاوڕێیەتی لەنێوانیاندا . راستە دەشێت ئەو دوو هاوڕێیە ببنە دوو خۆشەویست، بەڵام گرنگ پاراستنی ئەو پەیوەندییەیە لەو نێوەندەشدا. خاتوو(س) پێی وایە مانای هاوڕێیەتی زۆر هەستی مرۆڤایەتی دەبەخشێ بەمرۆڤەكان كە بەهۆیەوە نزیكبوونەوەی عەقڵو رۆحو هەستو جەستەو پەیوەندیو دنیای ئەو دوو رەگەزە بەیەكتریو ئاشنا دەكاتو دواتر سنورەكانی شەرمو عەیبەو شاردنەوەی پەردەی نهێنیو داپۆشراوەكان دەبەزێنێو دابونەریتە باوەكان هەڵدەماڵێو ناخو ویستی راستەقینە سروشتییەكەی مرۆڤەكان بەدەردەخات، بەڵام دواتر ئەوەی جێی نیگەرانی

لەو مامەڵە کردنەی کە هەموو هەستێکی هاورێیەتی راستەقینەی خۆشەویستی پاڵنەری بوو کە هاندەری هاورێکەی بێت بۆ یەکەم هەنگاوی گەیشتنی بەو مامەڵەو هەستە مرۆڤایەتییەو یەکەم هاندەری بوو سەبارەت گرتنە بەری دنیای نوسین و دەربرین و کۆڕو سمینارو دەرەنجام تێگەیشتن لەو هەڵوێست و تێروانین و واقیعی ئەو هەستە دابران و دوورکەوتنەوە دروست دەکات کە بەهۆیەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو هەستە جوانانە. ماوەتەوە منیش بڵێم رێگرییەکانی بەردەم مرۆڤەکانە وایکردووە تێگەیشتن لەئاست چەمکی هاورێیەتیدا لێکدانەوەیەی جیاوازی بۆ بکرێت و هەستی جیاوازیشی بەمرۆڤەکان ببەخشێت، بەڵام دواتر هەر هاورێیەتیشە خۆشەویستی دەخولقێنێ لەناخی مرۆڤەکانداو ئەو خۆشەویستیەشە بە زۆر هەڵوێست و رەفتارو گۆرینەوەی هەستی جۆراوجۆر گوزارشتی پێ دەکرێت خۆ ئەگەر ئەو شێوازی خۆشەویستیە هاورێیەتیەش رووەو ناراستەیەکی دیکە گۆڕا بێگومان ئەو کاتە دەبێت لەسەر بناغەی بیروباوەری واقیعیانە هەردوو لاوە بێت نەک تاک لایەنە، چونکە لەو کاتەدا نەک تەنها ناارامی دەروونی و بێ تاقەتی بۆ لاکەی دیکە بەجێ دەهێڵێ ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەڵێم دەشێت دوو هاورێ ببنە دوو خۆشەویست، بەڵام هەرگیز ناشێت دوو خۆشەویست ببنە دوو هاورێ.

*کەرکوکی نوێ/ ژ-٢
*کوردستانی نوێ/ ژ- ٣٢٢٨
*گۆڤاری بانەڕۆژ/ ژ-٢
*گۆڤاری بانەڕۆژ/ ژ-١١
*گۆڤاری بانەڕۆژ/ ژ-١٢
*گۆڤاری بانەڕۆژ/ ژ-٢٠
*گۆڤاری بانەڕۆژ/ ژ- ٢٠
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٢٦٩
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٣٣٨
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٣٧٦
*ژیانەوە/ ژ-١٤٥
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٤٣٤
*ئاڵای ئازادی/ ژ-٥٨٠
*ژیانەوە/ ژ-١٥٢
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٤٧٩
*کەرکوکی ئەمڕۆ/ ژ-٣٩
*کوردستانی نوێ/ ژ- ٣٥٠٠
*ئاڵای ئازادی/ ٥٨٦
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٥٣٥
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٥٥٠
*کوردستانی نوێ/ ژ-٣٦٣٥

# WOMEN IN A CLOSED CASES

AGROUP OF SPEECHES ON WOMEN'S CASES

Kner Abddulah

لەبڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان